د. محسن عبدالحميد

بنەماکانی کافرکردن

لای زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی:
أسامه عبدالواحد باڵەکی

بنەماکانی کافرکردن

لای زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت

بنەماکانی کافرکردن لای زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت

نووسینی: د. محسن عبد الحميد

وەرگێڕانی: أسامه عبدالواحد باڵەکی(وەرگێڕ)

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسینگەی تەفسیر

چاپی یەکەم ٢٠٢١ز-١٤٤٢ك

نوسینگەی تەفسیر

بـۆچـاپ و بڵاوکردنـەوە

هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر

عبد الحميد ، محسن

بنەماکانی کافرکردن لای زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت، د. محسن عبد الحميد(نووسەر)، أسامه عبدالواحد باڵەکی (وەرگێڕ).

١٤٤ لاپەڕە، ١١

١٧* ٢٤ سم

بابەت، ئاینی، فیکری

ISBN: 978-9933-593-90-2

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٢٢٠) ی ساڵی٢٠٢٠ پێدراوە.

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

دیزاینی :عمر عثمان عمر

خەت: نەوزاد کۆیی

بنەماکانی کافرکردن

لای زانایانی

ئەهلی سوننەو جەماعەت

نووسینی

پ.د. محسن عبدالحمید

وەرگێڕانی

أسامە عبدالواحد باڵەکی

پێشەکی وەرگێڕ:

سوپاس وستایش بۆخودای هەموو جیهان، سەڵات و سەلام برژێتە سەر گیانی سەرداری پێغەمبەران، (محمد) وهاوەڵان و خێزان و منداڵ وشوێنکەوتوانی" تا رۆژی دوایی.

جێگای شانازیە لەلایەن نوسینگەی تەفسیرەوە، پەرتوکێکی بەسودی زۆر بەڕێز، پرۆفیسۆر دکتۆر (محسن عبدالحمید) بەبەندە بسپێردرێ بۆ وەرگێڕان، لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی شیرینی کوردی.

شایانی باسە بەڕێز دکتۆر)محسن عبدالحمید(کەسایەتییەکی دیاری عیراق وجیهانی ئیسلامییە، خزمەتێکی زۆری کردوە بەبانگەوازو زانستە شەرعییەکان، پەرتوکە سوودبەخشەکانی، شایەتی ئەم قسەیەمانە، ئەم کارە هەروەك خزمەتێکە بەبەرهەمەکانی مامۆستای بەڕێزمان، لەهەمان کاتدا خزمەتێکە بە کتێبخانەو خوێنەری کورد.

بۆیە بەناوی خوا دەستمان پێکرد، بەوئومێدەی خودای میهرەبان هاوکارپشتیوانمان بێت.

وەرگێڕ

٢٠١٩/١٢/٥

پێشەکی:

ئیبنو تەیمییە وەك نمونە:

بەکۆدەنگی زانایانی لێکۆڵەرو دڵسۆزو ڕاستگۆ، پێشەوا ئیبنو تەیمییە، یەکێکە لە زانایانی کاراو تێکۆشەری ئوممەتی ئیسلام، زانایەکی موجتەهیدی بەڕێز بووە، کۆکەرەوەی زانستی ژیریی(عقل)ی و نەقلیی بوە، زانیاری زۆری هەبووە دەربارەی بنەمای ئایینەکان و ڕەگ و ڕیشەی لادانی پەیڕەوانی .

هەروا دیراسەکردنی بۆ تاقمی موسڵمانان قوڵ و وردن، لەمیانەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە، توانی هەڵەو لادانەکانیان ئاشکرا بکات، لێکۆڵەرێکی بەویژدان بووە بۆ مێژووەکانیان، بەتایبەتی بزوتنەوەی مێژوویی کۆمەڵگای ئیسلامییی سەردەمی خۆی، بەدوای چارەسەردا دەگەڕا، هۆشیاریی دەدا لەبەردەوامبوونی، چاك دەرخ کردنی ئەوبۆ قوڕئانی پیرۆزو فەرمووەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی فەرمایشتەکانی هاوەڵە بەڕێزەکان وکۆششی زانایانی مەزهەبەکان، هاوکاریکرد بۆئەم لێکۆڵینەوانە، تێگەیشتنی قووڵی بۆ شەریعەتی ئیسلام وبنچینەکانی ومەبەستەکانی، دەرەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆکردبوەوە، لەگەڵ زانیاری فراوان دەربارەی بارودۆخی خەڵك وئاریشەکانی ژیان وبەرەوپێش چوونی بارودۆخی موسڵمانان هۆکاری دواکەوتنیان ودوریان لە بەرنامەوپەیڕەوی حەق.

لە پەرتووك وفەتواکانیدا، زانستی زۆروبەسوودەیە،کە دەمارگیرەکانی سەردەمی دوای خۆی قەدەغەیان کردبوو،کەتەنها لەسەردەمی نوێدا خۆڵ

وگەردی لەسەر لادراو ئاشکرا کران، زاناو بیرمەندەکان، گرێ کوێرەی دڵی خۆیان تێدا بینییەوە، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی وردیان بۆکرد، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژیارییەکانی موسڵمانان بەکاریان هێنا، بۆ پاڵاوتنی بیروباوەڕی ئیسلامیی داڕێژراو لەلالەیەن سەرەتاکانی ئوممەتی ئیسلام، زۆرێك لە ڕای ئەویان کارپێکردووە.

گشت جەنگەکانیان لەم جیهانەدا لەسەر ڕای ئەو هەڵسوڕاند، واتە: ئیبنو تەیمییە لە چاوپێداخشاندنەوەی بۆ کەلتوری ئیسلامیی، ویستی ئوممەتی ئیسلامیی بگێڕیتەوە بۆ جیهانی بینراو، کە پێشکەوتن وشارستانیی و،بووژانەوەی ئابوریی وکۆمەڵایەتیی وپەروەردەیی بەرهەم هێنا، تاکو لە وکاریگەر بوون بە شارستانی بێگانە، ڕزگاریان بکات، کە توشی پەرتەوازەیی کردبوون دەربارەی جیهانی غەیب و نەبینراو، ئەم بەگژیەك داچوونە، هۆکاری شکستیان بوو لەبەردەم (تەتەر) لە رۆژهەڵات و، خاچ پەرستەکان لە رۆژئاوادا.

سەرەڕای ئەوەی مەنهەج و پەیڕەوی ئیبنو تەیمییە، مەنهەجێکی ئیسلامییی گشتگیرو مەبەستدارو ئەنجامداربوو، عەقیدەو شەریعەت و ڕەفتاری لەخۆ گرتبوو، مەنهەج و پەیڕەوێکی تاك لایەنە نەبوو،کە تەنیا گرنگی بە لایەنی بیروباوەڕوعەقیدە بدات، بەڵام پاکیی بانگەوازەکەی بۆ بیروباوەڕی ڕاستی قورئان وسوننە و، بەرەنگاربوونەوەی بیدعەو بیروباوەڕی پوچەڵ و، لادانە هاوردەکان بۆ کلتوری ئیسلامییی وکۆششە فیقهییە نەرمەکانی،کە لەزۆر لایەن لەگەڵ گیانی بزوتنەوەی ژیانی هاوچەرخ سازو گونجاوە،وای کردبوو لای زانایان وخاوەن ویژدانەکان وکۆمەڵێکی زۆری ئەوگەنجانەی ئینتیمایان هەبوو بۆ قوتابخانەی سەلەفی میانڕەوو تووندڕەو خۆشەویست بێت، جگە لە گەنجانی قوتابخانەی ناوەندگیر.

لەبەر ئەوەی مەینەتیی وناخۆشییەکانی موسڵمانان، لەناوخۆو دەرەوە

بەدەستی دوژمنانە، هەروەها ئەو بەڵاو تاڵاوەی لەوڵاتی موسڵمانان، بەتایبەتی لەفەلەستین، کۆمەڵێك پێڕێ تۆندڕەوی هاندا بۆ گرتنە بەری ڕێچکەی تۆندڕەویی وبەکافر دانان، لەجیهانی ئیسلامییدا، بەرامبەر موسڵمانان، مەنهەجێکی خۆتاوییان گرتەبەر، بێ جیاوازیکردن لەنێوان ژن و پیاوو منداڵ، تەنانەت زۆرێك لەزانایان وبانگەوازکارانیشی گرتەوە، بەڵام لەدەرەوەی جیهانی ئیسلامییدا ڕووبان کردە تۆڵەسەندنەوەیەکی خۆتاویی، لەکوشتنی خەڵکانی سڤیل و مەدەنی، لە وێستگەکانی شەمەندەفەروتەقاندنەوی باڵەخانە لە وڵاتانی رۆژئاوا.

هەزاران پیاوو ئافرەت و منداڵیان کوشت، ناوی ئیسلامییان ناشیرین کرد لەم کۆمەڵگایانە، بەڵکو لەهەموو جیهان، بۆیە کاردانەوەی بەهێزی لێکەوتەوە، دژی ئیسلام و موسڵمانان، گەلانی رۆژئاوا پێشتر ئامادەکرابوون لە لایەن پەروەردەی خاچپەرستان و، بانگەشەی زایۆنیزمیی، بۆ ئەوەی ئیسلام بخەنە نێو قەفەسی تۆمەتبارییەوە.

دەرەنجامەکانی ئەم تۆندوتیژییە خۆتاوییە، دوژمنایەتی شاراوەی خەوتووی میژوویی، لەنێو ئەم گەلانە بەشێوەیەکی ئاشکراو بەهێز بەئاگاهێنایەوە، لەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانییەوە، کەدەچنە نێو هەموو ماڵێکەوە،هێرشیان کردە سەر ئیسلام.

حکومەتەکانیان پلانیان بۆ ئابڵوقەدانی بانگەوازی ئیسلامیی دانا، لەنێو جیهانی ئیسلامیی ودەرەوەی جیهانی ئیسلامییدا، بەتایبەت لەو وڵاتانەی رۆژئاوا، ڕێچکەی حکومەتەکانی رۆژئاوای گۆڕی، لەئەنجامدا بوە هۆی وێرانکردنی چەندوڵاتێکی ئیسلامیی، بەتایبەت لە: (فەلەستین وئەفغانستان وعیراق وشیشان وسۆماڵ و....هتد)، بەبەهانەی تیرۆرەوە، کە ئیسلامیی لێی دورە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر پەیدابوونی ئەوگروپانەی،کە ڕێی(خەواریج)ەکانی کۆنیان گرتۆتەبەر، لە ڕشتنی خوێنی خەڵك ودەرکردنی ئوممەت لەبازنەی ئیسلام و، هەندێجار زاناو بانگەوازکارانیش دەگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی وەکو خەواریجەکانی پێشین، هیچ لە ڕاستییەکانی ئیسلام نازانن، جگە لەوەش ئەو ئیخلاس و دڵسۆزییەی خەواریجەکان هەیانبوو، لەپەرستش و ڕاستگۆیی، ئەمانە نیانە، چونکە ئەوان پێیان وابوو: گوناهە گەورەکان، هۆکاری هەمیشەیی بوونە لەدۆزەخدا، لەگەڵ ئەوەشدا گومڕابوون، چونکە زانیاریان نەبوو دەربارەی ماناو مەبەستەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).

ئەوانە ناویان لەخۆیان ناوە: (تەوژمی سەلەفی جیهادی)، خۆیان بەشوێنکەوتەی شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە و قوتابخەنە سەلەفییەکەی دەزانن، ڕای زانایانی تری کۆن ونوێ ڕەت دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەمەزهەبەکەی شارەزا نین، بە وردیی و زانستیانە نەیان خوێندونەتەوە، خووڕەوشتە بەرزو خودایی وئیسلامییەکەی ئەویان لەخۆدا نەهێناوەتەجێ.

بۆیە بڕیارمدا بچمە نێو بنج وبناوانی فەتواکانی ئیبنوتەیمییە، بنچینە وردەکانی دەربارەی بەکافر زانین بخەمە بەردەست خوێنەران، کە سەرچاوەکەی لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعەیە، بەو ئومێدەی موسڵمانان بەتەواوی لێی تێبگەن، بەتایبەتی ئەوگەنجانەی،کە پێی هەڵخەڵەتاون، تاکو پاشەکشە بکەن لەهەڵوێستە لادەرەکانیان، دەربارەی بەکافر زانینی موسڵمانان و حەڵاڵکردنی خوێن ومااڵیان، بێنەوە سەر هێڵی ڕاستی میانڕەوی ئیسلام، کەخودا بەمیهرەبانی بۆ جیهانیان ناردوویەتی.

سوپاسی خوای پەروەردگاری جیهانیان دەکەین لەسەرەتاو کۆتا.

بەندی یەکەم

ڕێساکانی بەکافرکردن لای ئەهلی سوننە

ڕێسای[1] یەکەم: نابێ ڕێگا بە نەزانەکان بدرێت، زانایانی موسڵمانان بەکافر دابنرێن ،لەبەرئەوەی ئەوان لەشەریعەت هیچ لەم کارە مەترسیدارانە نازانن ،هەروالەبەرئەوەی شوێن ئارەزووی خۆیان دەکەون.

پێشەوا ئیبنو تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێبێت):دەڵێت:(ڕێگەدان بە نەزانان بۆ بەکافرزانینی زانایان، یەکێکە لەگەورەترین تاوان، لەبەرئەوەی پێیان وایە: ئەوان هەڵەیان کردوە، ئەهلی سوننە کۆ دەنگن، کە دروست نییە زانایانی موسڵمان بە کافر دابنرێن، تەنیا لەبەرئەوەی هەڵەیان کردوە، بەڵکو هەمو کەسێك بەشێك لەقسەکانی وەردەگیرێت وبەشێکی ڕەت دەکرێتەوە، تەنیان پێغەمبەر نەبێت (صلى الله عليه وسلم)، جا وەنەبێت هەرکەس هەندێك لەقسەکانی ڕەتکرابێتەوە، لەبەر هەڵەکردن بەبێ هیچ گوناهێك، بەکافر ،یان فاسق دابنرێت.

ئەم هەڵوێستە لە (خەواریج)ەکان و شیعەکان ڕوویدا، ئەوانەی پێشەوایانی موسڵمانان بە کافر دەزانن، چونکە پێیان وایە: هەڵەیان لەئایین کردوە) [2].

---

(١) ڕێسا: قاعدة.

(٢) مجموع فتاوى شيخ الاسلام ابن تيميه: ١٣/١٠٠.

هەروەها دەڵێت: (زانای موجتەهید لە ئوممەتی محمد(صلی الله علیه وسلم) گەرکۆششی کرد، مەبەستی گەیشتن بوو بە ڕاستی، بەڵام هەڵەی کرد، بەکافر دانانرێت، بەڵکو لەهەڵەکەی دەبوورێت، هەرکەسێکیش پەیامی پێغەمبەری بۆ ڕوونکرایەوەو بەسەختی زانیو،کەوتە شوێن بەرنامەی، جگە لەموسڵمانان، ئەوە کافرو بێباوەڕە، هەرکەسێکیش شوێن ئارەزووی خۆی بکەوێت و، بۆ دۆزینەوەی حەق و ڕاستیی، کەم تەرخەمیی بکات، بەبێ زانست قسەی کرد ئەوەیان گوناهبارو لەڕێ دەرچوە، جا دەکرێ فاسق بێت، یاخود لەوانەیە چاکەکانی لەگوناهەکانی زیاتر بێت)[1].

هەروەها دەڵێت: (گومانی تێدا نییە هەڵەکردن لە وردەکاریە زانستیەکان بوورراوە، هەرچەند لەبابەتە زانستییەکانی بیرووباوەڕیش بێت، گەر وانەبێت گەلێك لە پایەدارەکانی ئوممەت بەهەلاکەت دەچون، هەروەها گەر خودا لەوکەسە خۆش بێت، کە نەیزانیبێ مەشڕوب حەڕامە، چونکە لەشوێنێکی دوور لەزانایان پەروەردەبووە، هەرچەند هەوڵی فێربوونی زانستیشی نەداوە، کەسی بەڕێزی موجتەهید لەڕێگای زانست بەگوێرەی ئەو زانستەی سەردەمی خۆی، گەرمەبەستی شوێنکەوتنی پێغەمبەر بێت (صلی الله علیه وسلم)بە پێی توانای خۆی، زیاتر شایانی ئەوەیە خودا چاکەکانی لێ قبوڵ بکات، پاداشتی ئیجتیهادو تێکۆشانەکەی بداتەوەو لەهەڵەکەی ببوورێت، هەروەك دەفەرمووێ ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ البقرة: ٢٨٦

واتە:ئەی خوای پەروەردگارمان! هەر شتێ لەسەر ئێمەت فەرزکردبێو ئێمە لەبیرمان چوبێت، یان لە کردنی شتێك، کە ڕێگریت کردوین، نەیکەین، هەڵەمان کردووە، سزامان مەدە.

لەسۆنگەی ئەم بنچینە ڕوون وئاشکرایەوە، ئیبنو تەیمییە وەڵامی زانایانی

(١) هەمان سەرچاوە: ١٢/١٨،

بیروبـاوەڕ(مـتکلم) ی قوتابخـانە جۆراوجۆرەکـانی ئیسـلامیی دەداتەوە، ، بەگوێرەی دیدگای خۆی، هەڵەکانیان ئاشکرا دەکات ، لەهەمان کاتدا ئەو چاکەو خزمەتەی بۆ ئیسلام پێشکەشیان کردووە، فەرامۆشی ناکات، دەڵێت:(هەریەکێك لەم زانایانە هەوڵ و کۆششی سوپاسکراوو، چاکەی وەرگیراویان لە ئـایینی ئیسـلامدا هەیە ، هەروەهـا ڕەتـدانەوەی زۆر وئاشـکرایان هەیە، بـۆ مولحیدو بیدعەچی لەبابەتەکـانی سـوننەو ئایین،کەلەوکەسـانە شـاراوە نیـیە، کەبە حاڵیان دەزانێ، بە ویژدان ودادپەروەرانە قسەیان لەسەر کردوون[1] .

[1] درء تعارض العقل مع النقل،۲/۱۰۰ .

ڕێسای دووەم: نابێ موسڵمان بەکافر دابنرێت، بەبێ بەڵگەی شەرعی یەکلاکەرەوە، یان بە لێکدانەوەی بێ بنەما، هەرکەس بڵێ: (لا اله الا الله محمد رسول الله) دێتە نێو ئومەتی ئیسلامەوە، هەرکەسێکیش باوەڕەکەی بە دڵنیاییەوە چەسپا، بەگومان لێی ناسەنرێتەوە، مەگەربە بەڵگەی لەسەر بەرپابێت ودوای لادانی هەموو گومانێك[1].

ئیبنو تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت:(یەکێك لەبنچینەکانی ئەهلی سوننە ئەوەیە: ئەوکەسەی ڕوو لە قیبلەی موسڵمانان بکات، بەئەنجامدانی تاوان و گوناهی گەورە بەکافر دانانرێت، هەروەك خەواریجەکان دەیانکرد، بەڵکو برایەتی ئیسلامیی جێگیرە سەرەڕای کردنی گوناهەکانیش، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێ:﴿ فَمَنْ عُفِيَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴾ البقرة: ١٧٨.

واتە:ئینجا هەرکەسێك لەلایەن برایەکی دینییەوە بەبەشێك لەخۆێنەکە بەخشرا ،دەبێ خزمەکانی تر پەیڕەوی بەباشیی بکەن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجرات: ٩.

واتە:ئەگەر دووکۆمەڵ لە ئیمانداران دژبەیەکترجەنگیان کرد،ئەوە لە

---

[1] مجموع الفتاوى،٤٦٦/١٢.

نێوانیاندا ئاشتەوایی بکەن ،ئەنجا ئەگەر کۆمەڵێکیان دەستدرێژیی کردبۆ سەر کـــۆمەڵێکی تریـــان،ئەوە ئێـــوە لەگەڵ ئەوەیـــان بجەنگن،کەدەســـتدرێژیی دەکات،تادەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا،ئینجا گەر گەڕایەوە،ئەوسا ئاشتەوایی بەدادگەرانەوڕاستو دادپەروەرین لەنێوانیاندا،خوادادپەروەرانی خۆشدەوێ.

ناوی موسڵمان لە کەسی گوناهبار ناسەنرێتەوە، وەك موعتەزیلە پێیان وانیـیە: کەسی گوناهبار بەهەمیشەیی لەدۆزەخ دەمێنێتەوە، بەڵکو کەسی گوناهبار لە بازنەی باوەڕ دەمێنێتەوە، وەك خواەفەرمووێ: ﴿ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ﴾ النساء: ٩٢.

واتە: لەسەریەتی ئازادکردنی بەندەیەکی ئیماندار.

هەروەها دەڵێت:(هەرکەس باوەڕەکەی دەربخات ودوو ڕوو نەبێت، بڕواداره بەئەنـدازەی ئەوەی پـێ بەخشـراوە، لەدۆزەخ دەردەچـێ، ئەگەر بەئەنـدازەی گەردیلەیەك ئیمان لەدڵیدا هەبێت)[1] .

دەربارەی بەندەی بڕوادار، ئایا بەهۆی گوناهەوە کافر دەبێت؟

لەوەڵامدا دەڵێت: تەنیا بەهۆی گوناهەوە کافرنابێت، بەڵکە بە پێی قورئـان و فەرمـوودەو کـۆدەنگی زانایـانی پێشـین، کەسـی زیناکار(هاوسـەرگیریی نەکردبـێ)دارکـاریی دەکـرێ ، مەشـرووب خـۆرو بوختـانچی و دز، دارکـاریی دەکرێن، ئەگەر کافرو بێباوەڕ بوونایە،ئەوا بەهەڵگەڕاوەومورتەد لەقەڵەم دەدران، دەبوایە بکوژرێن، ئەمەش پێچەوانەی قورئان و فەرموودەو کۆدەنگی زانایانی پێشینە)[2] .

هەروەها دەڵێت: (ئەگەر کەسێك بڵێت: باوەڕی ڕەها، گشت فەرمانەکانی

(١) مجموع الفتاوى: ٤٦٦/١٢.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٠٧/٤.

خوا و پێغەمبەر دەگرێتەوە، هەرکاتێ هەندێك لەو فەرمانانە جێبەجێنەکران، ئیمانەکە پوچەڵ دەبێت،دەبێت گوناهبار کافر بکرێ، هەروەك خەواریجەکان دەڵێن، یان باوەڕیان نامێنێ ولەئاگری دۆزەخ بەهەمیشەیی دەمێننەوە، هەروەك (موعتەزیلە) دەیڵێن.

وەڵام: پێویستە بزانرێ، هیچ یەکێك لە زانایانی ئەهلی سوننەوجەماعە لەگەڵ موعتەزیلەو خەواریج کۆك نین، لەسەر ئەوەی، بکەرەکانی گوناهە گەورەکان لەدۆزەخ بەهەمیشەیی دەمێننەوە، ئەم قسەیە بیدعەیەکی باوو مەشهورە، یاوەران و شوێنکەوتوان وپێشەوایانی موسڵمانان لەسەر ئەوە ڕێککەوتون: هەرکەسێك بەئەندازەی گەردیلەیەك ئیمانی هەبێت، لەدۆزەخ بەهەمیشەیی نامێنێتەوە ، هەروەها ڕێککەوتوون، کە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) تکاو شەفاعەت بۆ خاوەنی گوناهە گەورەکان دەکات، لەئوممەتی خۆی، ئەوانەی خودا ئیزنی بدات. (١)

(١) سەرچاوەی پێشوو: ٢٢٢/٧، ٢٨٧. ٢٨٨.

ڕێسای سێیەم: کەسی دیاریکراو کافر ناکرێت، مەگەربە بەڵگەی یەکلاکەرەوە.

شیخ الاسلام ئیبنو تەیمیە دەڵێت: (کەسی دیاریکراو کافرناکرێت، هەتا بەبەڵگەی لەسەر دروست دەبێت، هەروەها دەڵێت: پێان دەڵێم: ئەوەی لەزانایانی پێشین وئیمامەکان هاتوە، دەربارەی وتنی وشەی بێباوەر بۆئەو کەسەی، کە وایگوت و وایگوت، ئەمەش هەرحەقەو ڕاستە، بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان:کافرکردن بە(ڕەهایی) و کافرکردنی کەسی (دیاریکراو)[1] .

لەڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەدا دەڵێت: (بەڵام بەکافرزانینی کەسێکی دیاریکراو، بڕیاری هەمیشەیی بوونی لەدۆزەخ، لەسەر مەرجەکانی بێباوەڕیی و نەمانی ڕێگرەکانی وەستاوە، ئێمە دەقەکانی هەڕەشەو ترساندن وکافرکردن و بەفسق دانان بەڕەهایی دەهێنینەوە، بڕیاروحوکمی کەسێکی دیاریکراوی لەسەر نادەین، مەگەر مەرجەکانی لێ بێتەجێ و هیچ ڕێگرێك نەبێ بۆ بڕیاردانی).[2]

هەروەها دەربارەی خۆی دەڵێت:(من هەمیشە لەگەڵ ئەوکەسەی لەگەڵم دادەنیشێت، زانیویەتی: من لەهەموو کەس زیاتر ڕێگریی ئەوە دەکەم،کە کەسی دیاریکراو بەکافرو فاسق وتاوانبار دابنرێت، مەگەرکاتێ زانی بەڵگەی یەکلاکەرەوەی لەسەر هانۆتە دی، ئەو بەڵگانەی، کە هەرکەسێك سەرپێچی

(١) سەرچاوەی پێشوو: ٢٣٠/٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو: ٥٠٠/٢٨.

بکات کافردەبێت، یان دەبێتە فاسق، یان دەبێتە کەسێکی گوناهبار، منیش دان دەنێم بەوەی، کە خوا لەهەڵەکانی ئەم ئوممەتە دەبوڕێت، ئەم لێبوردنەش لە بابەتی خەبەری قەولیی و کرداریی (بەواتای بیروباوەڕ)- دەگرێتەوە). [1]

(١) سەرچاوەی پێشوو: ٢٢٩/٣.

ڕێسای چوارەم: ئیبنو تەیمییە وەك پێشەوایانی تری ئەهلی سوننەوجەماعە بەگشتی، ئارەزوبازو بیدعەچیەکانی گروپ و تاقمە ئیسلامییەکان بەکافر دانانێن، بەڵکو وەڵامیان دەدەنەوەو، بەگوێرەی بیروبۆچوونی خۆیان، هەڵەو لادانەکانیان ئاشکرا دەکەن.

ئیبنوتەیمییە(بەر میهری خواکەوێ) دەڵێت: (خەوارێج لەدیارترین گروپەکانن بۆ بەبیدعەدانان وکوشتنی موسڵمانان وبەکافر زانینیان، هیچ یەکێکیش لە یاوەران ئەوانیان بەکافر دانەناوە، نە پێشەوا (عەلی کوڕی ئەبوتالیب)، نەکەسانی تر، بەڵکو بڕیاری ستەمکارو دەستدرێژیکاروسنووربەزێنیان بۆ داون) .[1]

هەروەها دەڵێت: (زانایانی پێشین و ئیمامەکان، بەتایبەت پێشەوا ئەحمەد، زۆر وریاوبەحەزەر بوون، لە بەکافر زانینی بیدعەچیانی وەك: (خەوارێج و جەهمیەو موعتەزیلەو مورجیئە).

هەروەها دەڵێت: (پێشەوا ئەحمەد لەدوای جەهمییەکان نوێژی کردوە ، ئەوانەی بانگەشەیان بۆ ڕای خۆیان دەکردو خەڵکیان تاقی دەکردەوە، ئەوکەسەی هاوهەڵوێستیان نەبوایە، بەتوندترین شێوە سزایان دەدا، پێشەوا ئەحمەدو هاوشێوەکانی بەکافریان دانەنان، بەڵکو دانی بەباوەڕو پێشەوایەتیان دەنا، نزای خێری بۆدەکرن، ڕای وابو: نوێژ لەدوایانەوە دروستە، بەشداریکردنیان لە حەج و غەزا دروستە، ڕێگریی دەکرد خەڵکی لە دژیان ڕابپەڕێ، نکوڵیشی لە قسە پڕوپوچەکانیان دەکرد، کە کوفری گەورە بوو، هەرچەند نەیاندەزانی کوفرە) .[2]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو: ٣٠٧/٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو: ٥٠٧/٧-٥٠٨.

هەروەها دەڵێت: (نەمزانیوە هیچ زانایەك ئەوانی بە کافر دانابێت، بەڵکو یەکدەنگن، کە ئەوان بەم کارە کافرنابن، لە پێشەوا ئەحمەد و زانای تریش گێڕراوەتەوە گوایە: بە بێباوەڕ لەقەڵەمی داون، یان بەبیدعەچی داناون،کە ڕای جیاواز هەیە لەسەر بێباوەڕ بوونیان، بەڵام ئەمە وانییە، ئەوەی وابڵێ، ئەوا هەڵەی گەورەی کردووە. [1]

شیعەی دوانزەی ئیمامیش، بە بێباوەڕیان دانەناوە، ئەمە مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەیە، ئیبنو تەیمیە دەڵێ: شیعەی ڕافیزە،کەسی وەرەع و خواپەرست و دونیا نەویستی تێدایە.

هەروەها دەڵێت: (لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان دووڕوو بێباوەڕ نین، بەڵکو هەندێکیان ئیمان و کرداری چاکیان هەیە، هەندێکیشیان هەڵەیان هەیە، کەلێی دەبوورێ هەیە، هەندێکیشیان گوناهیان هەیە، ئومێدی لێخۆشبوونی خوای هەیە).

هەروەها دەڵێت: ئیمامییەکان بەکورتی، لەناخەوە باوەڕیان بەڕاست ودروستیی ئیسلام هەیە [2].

هەروا دان بە چاکەکانی ئەهلی هەواوئارەزوان دەنێ، دەڵێت:(زۆرێك لە بیدعەچیەکانی موسڵمانان لە ڕافیزیەکان و جەهمی وهی تریش، چوونە وڵاتی کافرو بێباوەڕان،کە خەڵکی زۆر لەسەر دەستیان موسڵمان بوون ، بەمەسوودیان لێبینی، بوون بە موسڵمانی بیدعەچی،کە باشترە لەوەی کافرو بێباوەڕبن) [3].

---

(١) سەرچاوەی پێشوو: ٥٠٧/٧-٥٠٨.

(٢) منهاج السنه النبويه فى الرد على الشيعه والقدريه: ٣٠٢/٦.

(٣) مجموع الفتاوى: ٩٦/١٣.

پرسیاری پێنجەم: ئەوکەسەی فەرزەکان جێبەجێ نەکات ،بەڵام باوەڕی پێ هەبێت، ئایاکافر دەبێت، یان نا ؟

شیخ الاسلام لەوەڵامی ئەم پرسیارە گوتویەتی: (زانایان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەوکەسەی ئەم (چوار فەرز)ە نەکات، گەر دان بە واجیب بوونیدا بنێ، بەڵام (شایەتمان) گەر توانای وتنی هەبێت و نەیڵێت، بەکۆدەنگی زانایان کافر دەبێت، بەڵام زانایان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەوکەسەی (چوار فەرز)ەکان جێبەجێنەکات، گە باوەڕی بە واجیب بونی نەبێ، دوای گەیشتنی بەڵگە، ئەوە کافردەبێت، هەروەها ئەوکەسەی باوەڕی بە حەرامیی حەرامکراوەکان نەبێت، کەئاشکران، بەزۆرینەی دەنگ گەیشتوە بەموسڵمانان، وەک: (داوێن پیسیی، ستەم،درۆ، شەراب وهتد)کافردەبێت).

پاشان ڕای زانایان ڕوون دەکاتەوە،بەکافرنەکردنی ئەوکەسەی دانی پێدانێت:

یەکەم: بەنەکردنی یەک لەم چوار فەرزە کافردەبێت، تەنانەت حەجیش، هەرچەندە بۆ دواخستنی ئەنجامدانی، لەنێو زانایاندا ڕای جیاواز هەیە، هەرکاتێ بڕیاریدا بەتەواویی هەرنەیکات، ئەواکافرو بێباوەڕدەبێت، ئەمە ڕای کۆمەڵێکە لەزانایانی پێشین و، یەکێکە لە ڕای پێشەوا ئەحمەد.

دووەم: بەنەکردنی یەکێک لەم فەرزانە کافرنابێت ،ئەگەر دان بەواجیب بوونیدا بنێت[1]، ئەمە ڕای بەربڵاوی شەرعناسان(الفقهاء)، وەک هاوەڵانی:

(١) بۆنموونە: یەکێک بڕوای بە نوێژ هەبێ،کە واجیبە،بەڵام لەبەر تەمبەڵیی نەیکات.

(پێشەوا ئەبوحەنیفەو پێشەوا مالیك و پێشەوا شافیعی وبەك لەهەردوو گێڕانەوەکانی پێشەوا ئەحمەد)ە.

سێیەم: تەنیا بەنەکردنی نوێژ کافر دەبێت، ئەمەش گێڕانەوەی ڕای سێیەمە، لە پێشەوا ئەحمەدو زۆرێك لەزانایانی پێشین(سلف)و، بەشێك لە هاوەڵانی پێشەوا : (مالیك وشافیعی وئەحمەد)ە[1] .

(١) مجموع الفتاوى: ٩٦/٧

پرسیاری شەشەم: بابەتی سەرپێچیکردنی کۆدەنگی زانایان(الاجماع)،یان نکۆلیکردنی بابەتێکی گرنگە، چونکە کۆدەنگی زانایان یەکێکە لەسەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلام، ئایا کەسێك باوەڕی پێنەبێ، کافر دەبێت؟

شیخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە دەڵێت: (ڕای جیاواز هەیە، ئایا ئیجماع بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە، یان گوماناوییە؟

ڕای ڕاست ئەوەیە: کە کۆدەنگی یەکلاکەرەوە یەکلاکەرەوەیە، گوماناویەکانیشی گوماناوین.

پاشان گوتویەتی: (هەرکەسێك سەرپێچی کۆدەنگی ڕوون و ئاشکرا بکات،ئەوا کافردەبێت، هەروەك،کە سەرپێچیکاری دەقی شەرعی بێباوەڕ دەبێت، بەڵام ئەمەیان کاتێکە، ئەگەر زانرا دەقی لەسەر جێگیربووە، بەڵام زانیاری بە جێگیربوونی کۆدەنگی لەبابەتێکدا، کە دەقی لەسەر نەبێت،ئەوا ئەمە ڕوونادات، بەڵام گەر کۆدەنگیەکە یەکلاکەرەوە نەبو تەواو ئاشکرانەبوو، نابێ ئەوکەسە بەبێباوەڕ لەقەڵەم بدرێت.[1]

بەکورتی: هەوابازو بیدعەچییەکان، ئەوکەسانە بەبێباوەڕ دادەنێن، کەپێچەوانەی ئەوانن، بەڵام ئەهلی سوننەوجەماعە، شوێن حەق و ڕاستی خودایان دەکەون، کە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هێناویەتی، کەسانی پێچەوانەی خۆیان بەبێباوەڕ نازانن، ئەوان لەحەق وڕاستیی شارەزاترن، بۆ خەڵکی بە بەزەیی ترن.[2]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو: ٢٧٠/١٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو: ٩٦/١٣.

ئەم ئەحکامەشەرعیانەی، کە ئیبنو تەیمیە باسیان دەکات، تایبەت نین بەو، بەڵکو ئەهلی سوننەو جەماعەت باسی دەکەن، بەڵام بۆیە تەنیا باسی ئیبنوتەیمییەم کرد، چونکە ڕای ئەو لای گەنجانی سەلەفی، بەگشتیی زیاتر وەردەگیرێت ، لەکاتێکدا هەندێکیان زێدەڕۆییشیان کردووەو، چوونەتە ڕیزی (خەوارێج) بەڵکو زیاتریش، لە بیروباوەڕی ئیبنو تەیمیە زۆر دورکەوتوونەتەوە!

پێشەوا (نەوەوی) دەربارەی بەکافر نەکردنی ئەهلی قیبلە دەڵێت:(بزانە مەزهەبی ئەهلی حەق ،هیچ یەکێك لە ئەهلی قیبلە بەهۆی گوناهەوەبەکافر دانانێت ،هەروا هەوابازو بیدعەچیەکانیش بەبێباوەڕ نازانن، هەرکەسێکیش نکوڵی لەوەبکات ،کە لەشەریعەت بە پێویست بزانرێ، ئەوا بڕیاری هەڵگەڕاوەو بێباوەڕوکافریی بۆ دەدرێت، مەگەر تازە بووبێتە موسڵمان، یان لە دەشت وبیابان دور لە زانایان ژیابێت، کارەکانی لێ ڕوون نەبێت، گەر بەردەوام بوو دوای زانینی،ئەوا بڕیاڕی کافرو بێباوەڕیی بۆ دەدرێت، هەروەها کەسێك، کە زینناو شەڕاب و کوشتن وئەوشتانەی بە ڕوونی دیارن حەڕامکراون، بەحەلال بزانێت لە حەڕامکراوەکان، هەمان بڕیاری بۆ دەدرێت. (١)

پێشەوا (ابن أبی العز) دەڵێت: (ئەهلی سوننە هەموویان یەکدەنگن، کەوا خاوەنی گوناهی گەورە بەکافر دانانرێت، کە بەتەواویی لەئایینی ئیسلام دەربچێت، وەك خەواریجەکان دەیڵێن، چونکە، گەر کوفرێکی کرد لەبازنەی ئیسلام دەرچوو دەبێتە هەڵگەڕاوە،کە دەبێ بکوژرێت بەهەر شێوەیەك بێت، لێبوردنی خاوەنی خۆێنەکە وەرناگیرێت، گەر تاوانەکە کوشتن بێت، جەددەکانیش جێبەجێناکرێت لەزیناو خواردنەوەی مەشڕوب!

(١) شرح النووی علی صحیح مسلم. ١/١٥٠، دارالفکر، بیروت، ط٣، ١٣٩٨هـ- ١٩٧٨م.

ئەم وتەیە، قەسەیەکی بێ بنەمایە وکاری پێناکرێت، هەروەها یەکدەنگن، کە لەئیمان و ئیسلام دەرناچێت، ناچێتە بازنەی بێباوەڕییەوە، شایستەی هەمیشەیی بوون نییە لەگەڵ بێباوەڕاندا. (١)

(١) شرح العقيده الطحاوية: ٢/٢٤١، ت: عبدالرحمن عميرة، المعارف، الرياض، ط٢، ١٤٠٧هـ-١٩٨٦م.

بەندی دووەم

پێچەوانەکردنی تەکفیرییەکان بۆ بیروباوەڕی ئەهلی سوننە

بەکافرزانەکان سنوری بیروباوەڕی ئەهلی سوننەیان بەتەواوی بەزاندووە، خۆیان کردۆتە موفتی لەوکەسانەی کە تایبەتمەند نین لەبابەتی شەریعەت و لقەکانی، فەتوایان بۆ دەدن بێ گەڕانەوە بۆ یەنچینەکانی ومەبەست و دەرەنجامەکانی شەریعەت، لە دەرەنجامی ئەم نەزانینە گەورەیەدا، کۆمەڵێك لەموسڵمانان و بانگەوازکارانی ئیسلام و، زۆرێك لە زانای موسڵمان وپیاوی لێزان لەبواری ئاسایشی کۆمەڵگا بەکافر لەقەڵەمدا، جاخۆنیان ڕشتن، بەڵکو لەم سنورەش نەوەستان، بەڵکو خەڵکی سڤیل و ڕەشۆکیان لەبازاڕو شەقامەکاندا، پیاوو ئافرەت ومنداڵیان کوشت!!!

دەکرێ پرسیار بکەین و بڵێین:

یەکەم: کێن ئەوانەی فەتوا بۆ ئەنجامدانی ئەم قەسابخانە خۆیناوییە مەترسیدارانە دەدن ؟

ئەوان کەسانی شارەزا لە زانستی شەرعی نین، خاوەنی زانیاری ناوخۆو ئیقلیمیی و جیهانیی نین، بنچینەو هەڵێنجانە زانستییەکانی زانایانیان نەخوێندۆتەوە، بەتایبەتی ئەوان لەبارودۆخی وەك ئێمە ژیاون، کاتێك توشی داگیرکردنی خاکی موسڵمانان بوون، هەروەك ئێمە توشی بووین، هەروەك

لەسەردەمی شیخی ئیسلام پێشەوای تێکۆشەر ئیبنو تەیمییە وهاوچەرخەکانی ڕوویدا.

پێشەوا (شاتبی) دەربارەی تێکۆشان(ئیجتیهاد)ی وەرگیراوو وەرنەگیراو[1] دەڵێت: ئیجتیهادی شەرعیی دوو جۆرە:

یەکێکیان: ئیجتیهادی کارپێکراو لە شەرعدا: ئەو ئیجتیهادەیە، کە لەخاوەنەکەیەوە دەردەچێت،کە زانیاری تەواویان هەیە،کەپێویستی بە تێکۆشانە.

دووەم: ئیجتیهادی کارپێنەکراو: ئەو ئیجتیهادەیە، لەکەسانێك دەرچووە، کە زانیاری نییە بەو شتەی پێویستی بەئیجتیهادە، چونکە ڕای ئەمەیان بەئارەزوو حەزە، بەکوێرانە فەتوادانە، شوێن ئارەزوو کەوتنە،هەر ڕایەك بەم شێوەیە دەربچێت، گومان نییە لەڕەتکردنەوەی، چونکە دژی ئەو ڕاستییەیە، کە خودا ناردوویەتی: ﴿ وَأَنِ ٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ ﴾ المائدة: ٤٩ .

واتە:حوکم بکە بەوەی خوا بۆی دابەزاندووین،شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان مەکەوە،لەو حوکم وبڕیارە حەقەی بۆت هاتووە، لانەدەی!

هەروەە دەفەرموێت: ﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ص:٢٦.

واتە: ئەی داود! تۆمان کردۆتە جێنشینی پێغەمبەرانی پێش خۆت لەزەویدا،کەواتە تۆش لەنێوان خەڵکیدا،بەڕاستی فەرمانڕەوایی بکە،شوێن هەواو ئارەزوات مەکەوە، با لەڕێگەی خوا لاتنەدات!

هەموو ئەوفەتوایانەی لە تەکفیرییەکان دەرچوە، بە پێی هەواو ئارەزووی خۆیان بوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەربارەیان هەواڵیداوە ،کە

---

[1] الموافقات،١٦٧/٤،التجاريه،مصر،ت،دراز،

دەفەرمـوێ: (ان الله لا يقبض العلم انتزاعا ينتزعه من العباد، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء، حتى اذا لم يبق عالما اتخذ الناس رؤوسا جهالا، فسألوهم فأفتوا بغير علم، فضلوا وأضلوا)[1] .

واتە: پەروەردگـار بـۆ نەهێشـتنی زانست،زانسـت لە بەنـدەکانی دانامـاڵێنێ، بەڵکو زانست بەهـۆی مردنـی زانایـانەوە نـامێنێ ، تـا وایلێدێت هـیچ زانـایەك نامێنێت، خەڵکی دەست بە چەند نەزانێکەوە دەگرێت، ئەوانـیش بەبـێ زانست فەتوایان بۆ دەدەن، خۆیان و خەڵکیش گومڕا دەکەن.

دووەم: لەسـەرئەم تێگەیشـتنە بەخۆیـان ڕەوا دەبیـنن پێشـەواو وتـاربێژو بانگەوازکـاران بکـوژن، تەنیـا لەبەر ئەوەی، دوای داگیرکردنـی ئەمریکـا بـۆ عێراق، چـوونەتە نێـو کـاری سیاسـییەوە،وەك هەڵبـژاردن وهتـد، بەبـێ ئەوەی پرسیار لەخۆیان بکەن: ئایا ئەوان بۆ وایانکرد؟!

بەڵگەی شەرعیان چی بوو؟

چ حیکمەت وداناییەك لە پەنای ئەم بانگەوازە هەبوو؟

پاشان ئایا ئەوان چوون دەمەقاڵییان لەگەڵدا بکەن ؟

ئایا ئەم ئیجتیهادەیان بە دڵنیایی، دەگاتە پلەی کافرکردن ؟

ئایا داوای تەوبەیان لێکردوون،گەر بەڵگەی شەرعیان لەسەر چەسپابێ؟

ئایـا ئەوانە مـافی شـەرعیانە،کە ئەم بڕیـارە جێبەجـێ بـکەن ، یـان ئەمە کاری دەوڵەتی ئیسلامییە؟!

هەموو ئەمەیان نەکرد !!!

بەڵکو لەبەر دەرگای مـاڵ ومزگەوتەکانیـان وەستان، هەرلەمـزگەوت ومـاڵ

---

(١) رواه البخاری، ١/٣٣-٣٤، كتاب العلم، باب: كيف يقبض العلم.

دەرچوونو ئاگربارانیان کردن، بێ هیچ پرسیارو وەڵام و بەرگریی و بانگەوازو تەوبە، بێ دڵنیابوونەوە لەکارەکانیان، ئایا حەڕامە یان نا؟

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، کەسی هەڵگەڕاوە(مرتد) بەڕاشکاوی ناکوژرێت، بەڵکو لەلایەن زانایانی شەرعییەوە، موناقەشەو گفتوگۆی زۆری لەگەڵدا دەکرێ، چونکە لەوانەیە ئەو نەزانێ ئەوەی دەیکات، کوفرێکی ڕاشکاوە تەئویلی بۆنییە، یان لەئەنجامی موناقەشەو گفتوگۆدا، بۆی ڕوون ببێتەوە و پەشیمان ببێتەوە وتەوبە بکات.

پاشان ئەگەر سوور بوو لەسەر هەڵوێستەکەیو پەشیمان نەبۆوە، مۆڵەتی سێ ڕۆژی تەوبەکردنی بۆ دادەنرێت، پاشان ئەگەر تەوبەی نەکرد، بەبڕیارێکی شەرعی یەکلاکەرەوە دەکوژرێت، کەلەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتی ئیسلامیی جێبەجێدەکرێت، نەك تاکە کەسێك لێرەو لەوێ بیکات، چونکە دەبێتە هۆی گەرەلاوژەو ئاژاوەو بەڵاومەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتیی، بەبێ یاسا.

مرۆڤ لای خوا، ڕێزی بۆ دانراوە، هەروەك دەفەرموێ:

﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴿٧٠﴾ ﴾ الإسراء: ٧٠ .

واتە:ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرت و، لەوشکانیی و لەدەریادا هەڵمانگرتن و، ڕزق و ڕۆزی پاك وخاوێنمان پێداون و، باومان داون بەسەر زۆرێك لەوشتانەی،کە درووستمان کردون بەباودانێکی زۆر.

بەڕاستی مرۆڤی موسڵمان لە لوتکەی ئەم ڕێزلێنانەیە، چونکە باوەڕی تەواوی بە یەکخوایی خودا هەیە، باوەڕی بەپەیامی کۆتا پێغەمبەر محمد (صلى الله عليه وسلم) هەیە، لەڕووی بیرو باوەڕو شەریعەت و ڕەفتارەوە،بەتەواویی مافی خوا پەرستی دەدات.

جاگەر ئەو بڕواداره زانا بێت، پلەیکی تری بەرزی لەم ڕێزە هەیە،چونکە پەیامی ئیسلام دەگەیەنێت، فەرمان بەچاکە دەکات وقەدەغەی خراپە دەکات.

گریمان موسڵمانێك گوناهێکی گەورەی کرد، وەك: (شەڕاب خواردنەوە وزینا وهتد)، ئایا ئەم گوناهە لەبازنەی ئیسلام دەریدەکات؟

نا.....وەك پێشتر لە قسەی شێخی ئیسلام(ئیبنو تەیمیە) دەرکەوت، ئەویش لەزانایانی ئەهلی سوننەوجەماعەتەوە بۆئێمەی گواستەوە، بەڵگەش لەقورئانی پیرۆزە،کە دەفەرمووێ:

﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ ﴾ فاطر: ٣٢ .

واتە: لەپاشان ئەم قورئانەمان بەخشیی بەکەسانێ،کە لەناو بەندەکانماندا هەڵمانبژاردن،جا هەندێکیان ستەمکارن لەخودی خۆیاندا،هندێکیدیشیان مام ناوەندین، هەندێکی دیکەیان بەفەرمانی خوا بەهۆی چاکەکانیانەوە پێشکەوتون ، (ئەم قورئان پێدانە) لەخۆیدا بەهرەیەکی گەورەیە.

کەواتە: ئەوستەمکارانەی گوناهەکان دەکەن، تا دەگاتە گوناهی گەورەش، ئەوان لەئوممەتی هەڵبژێردراون، چونکە ئەوان دەڵێن: (لا اله الا الله) بەڕاستی و دادپەروەریی، سەروماڵیان بەیەکجاریی قەدەغەکراوە،ئەم قەدەغەبوونەش لەفەرمودەی سەحیحدا هاتوە، هەروەك پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:(لا يحل دم امرئ مسلم يشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله، إلا بإحدى ثلاث: الثيب الزاني، والنفس بالنفس، والتارك لدينه المفارق للجماعه) .[1]

(١) صحيح البخاري: ٨/ ٣٨، باب قوله تعالى: ان النفس بالنفس. وصحيح مسلم ١٣٠٢/٢، كتاب القسامه، باب ما يباح به دم المسلم.

واتە:کوشتنی مرۆڤی موسڵمان حەڵاڵ نییە،تەنها بەکردنی یەکێك لەم سێ تاوانە دروستە:

یەکەم:پیاوی ژندارو ژنی میێرددار زینابکات(بەردباران دەکرێن، تا دەمرن).

دووەم: یەکێك بەئەنقەست یەکێك بکوژێ،ئەوادەکوژرێتەوە.

سێیەم: ئەوکەسەی واز لە ئایینی ئیسلام بهێنێ و لەکۆمەڵی موسڵمانان جیابێتەوە.

پێشەوا (شەوکانی) دەڵێت: (بزانە کەسێك باوەڕی بە خواو رۆژی دوایی هەبێ، نابێ زاتی ئەوە بکات بڕیار بدات لەسەر دەرچوونی کەسێك لە ئایینی ئیسلام و چوونە نێو بازنەی بێباوەڕییەوە، مەگەر بەبەڵگەی ڕوون وئاشکرابێت، وەك رۆژی ڕووناك، چونکە بەفەرموودەی سەحیح لەڕێگای کۆمەڵێك هاوەڵەوە هاتووە،کە فەرموویەتی: هەرکەس بەبراکەی خۆی بڵێ: کافر،ئەوا بۆ یەکێکیان دەگەڕێتەوە) .[1]

ئەدی ئەو زانایانەی ئیسلام لەعێراق، ئەوانەی داگیرکاریان ڕەتکردەوە، لەسەر مینبەری مزگەوتەکان، بانگەوازی خەڵکیان دەکرد بۆ بەرگری دژی داگیرکەر، لەبەر دەرگای مااڵەکانیان دەکوژران، تەنیا لەبەرئەوەی بانگی خەڵکیان دەکرد بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و،چوونە نێو ڕیزی سەربازیی وئاسایش و فەرمانگە حکومییەکان، بۆ ئەوەی مافەکانیان نەفەوتێ و پارسەنگی کۆمەڵگای عێراقی درزی تێنەکەوێت، عێراق پارچە پارچە نەبێت،لەدەرەنجامی ئەوسیاسەتەی داگیرکەر تۆوەکەی چاندوە، گروپێك بەتاکڕەوی بێت وبڕیار بدات سوننەکانی عێراق دووبخاتەوە لەبەرەو پێشچوون لەداموەزگاکانی دەوڵەت.

ئەی ئەو بانگەوازکارانەی لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەدا، داگیرکاری

(١) ایثار الحق علی الخلق، ص٤٣.

ئەمریکایان ڕەتکردەوە، بەهەموو شێوەیەك بەرگرییان لەلایەنی سیاسیی کرد ،لە ئەنجومەنی حوکم و نیشتیمانی و نوێنەران، پشتگیریان لە بەرگری چەکداریی ومافەکانیان کرد، دژی داگیرکەر.

زوو درەنگ دەیانزانی، بانگەواز بۆ سەروەریی شەریعەتی ئیسلام دەکەن، فەرمان بەچاکەو قەدەغەی خراپە دەکەن، هەوڵ دەدەن نەوەیەکی نوێی گەنجی ئیسلامیی خواپەرست و پایەدار بنیات بنێن.

بەچ بەڵگەیەکی شەرعی تەکفیرییەکان کوشتیانن؟

ئایا لەبەرئەوەبوو، بانگەوازیانکرد بۆ کردەی سیاسیی دژی پرۆژەکانی داگیرکەر لەعێراق و، وەستانەوە لەبەردەم دەسەڵاتی یەك گروپ، بۆئەوەی مافی ئەوان نەفەوتێت، لەئەنجامدا عێراق پارچە پارچە ببێت و، شەڕی ناوخۆ سەرهەڵ بدەن؟

وشك وتەڕ بەیەکەوە بسوتێت؟

هەرئەمەش لەدواییدا ڕوویدا.

گەر ئەو تاوانەی تەکفیرییەکان، دەرهەق بە زاناو بانگەوازکارو گەنجەکان کردیان، بیخەینە تەرازووی ئیسلامەوە، بەڵکو لای کەسانی عەوامی سوننەو شیعە، هەروەك ئیبنو تەیمییە لەبارەی ئەحکامەکانی بەکافرکردن دەیڵێت: ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەردەکەوێت:

١- ئەو زاناو بانگەوازکارانەی ئەوان کوشتنیانن، بڕوادارببوون، ئیمانەکەیان بەبەڵگەی یەکلاکەرەوە بۆ خەڵکی سەلمێنراو بوو، لەلای بڕوادارانی ناوچەکەیان ناسراو بوون، ئەوان دۆستایەتی داگیرکەریان نەکردبوو، نە لەئایینیان، نە لەسیاسەتیان، نەبۆ داگیرکردنی وڵات، بەڵکە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و مینبەری مزگەوتەکاندا،دژایەتیی خۆیان ڕاگەیاندو، پشتیوانیان لە بەرگری شەرعیی کرد.

پاشان ئایا تەکفیرییەکان، بەبڵگەی یەکلاکەرەوەی ئاشکرا بۆ خەڵکی ئەوانیان کوشت؟

ئایا فەتواکانیان لەزانای رۆچوو لەزانستەوە دەرچوبوو؟

ئایا پەیوەندیان بەکەسەکانەوە کردبوو ،پێیان بڵێن: ئێوە هەڵگەڕاوەن؟

ئایا وەڵامی کەسەکانیان بۆ هاتوە دوای تاوانبارکردنیان؟

ئەوانە هیچی نەبوو، بەڵکە لەناکاو ئەوانیان کوشت، بێچەك لەبەر دەرگای ماڵ ومزگەوتەکانیان، وەك مامۆستا: (هەمزەو شێخ عبدالعظیم السعدی و عمر سعید حوران) وچەندی تر لە بانگەوازکارو زانایان.

٢- گریمان ئەوان گوناهی گەورەیان ئەنجام دابوو، ئایا زانایانی ئیسلام لەنێویاندا ئیبنوتەیمییە، ڕێگەیاندا بکوژرێن ؟

شتێکی ڕوون وئاشکرایە،کە خاوەنی تاوانە گەورەکان موسڵمانن، ماڵیان لە خەڵکی پارێزراوە، مەگەر کاتێ بۆ پێشەوای موسڵمانان ڕوون بووبێەوە، تاوانێکیان ئەنجامداوە شایانی تۆڵەکردنەوەو جێبەجێکردنی سنوورێکی خودایە، ئەمەش مافی پێشەوا(سەرکردە)ی موسڵمانانە، نەك لایەنێکی تر، جێبەجێکردنی لەڕێگای بەرزکردنەوەی داواکارییەکی ڕوون، بەبڵگەی ڕوون وئاشکرا، لەبەرامبەر دادگای دەوڵەتی ئیسلامیی، بەشەریعەتی خوا کار بکات.

کەواتە تەکفیرییەکان بەم کارانە سەلماندیان،کە ئەوان بەشێك نین لە ئەهلی سوننە جەماعەت، چونکە ئەوان پابەند نین بەڕاڕەوی ئەوان و بنچینەفیقهیی و بیروباوەڕەکانیان.

کەواتە: ئەوان ڕێگای خەواریجەکانیان گرتەبەر، شوێن بۆچوونی بیدعەکار وگومڕاکانیان کەوتوون، کە ئوممەتی ئیسلام بەکۆدەنگی ڕەتی کردۆتەوە، چونکە ئەوان دەیانزانی، کە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)،

لەفەرموودەیەکدا،کە بوخاری وموسلیم دەگێڕنەوە، دەربارەی خەوارێج فەرمووێەتی:(يحقِرُ أَحَدُكُم صَلاتَهُ مَعَ صَلَاتِهِمْ، وَ صِيامَهُ مَعَ صِيَامِهِمْ وَقِراءته مع قراءتهم،يَقرَءونَ القُرآنَ، لا يُجاوز حناجرهم ، يَمرقونَ مِنَ الاسلامِ كَما يَمْرَقُ السَهمُ مِنَ الرَّميَّةِ.....یەکێ لەئێوە نوێژوروژوو قورئان خوێندنی خۆی لەچاو ئەواندا بەهیچ نازانێت، قورئان دەخوێننەوە، بەڵام لە قورگیان زیاتر ناڕوات، لەئیسلام دەردەچن هەروەك تیر لەکەوان دەردەچێ).[1]

کەواتە زاراوەی خەواریج، تایبەت نییە بە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو، چونکە لەوانەیە ئەم دیاردەیە بەهەمان ئەو شێوازە دووبارە ببێتەوە ، کە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) باسیکردوە، هەرکەسێك ئەم ڕەفتارانەی لێهاتەجێ، لەگەڵ خەواریجەکانی کۆن یەکسانن، چونکە هاوبەشن لە دەرچوون لە بنەماکانی ئیسلام و کۆدەنگی زانایانی موسڵمانان، بۆیە هاوەڵە بەڕێزەکان دەڵێن: ئەوان خراپترینی بوونەوەرانن، هەروەها گوتویانە: خەواریجەکان کۆمەڵێك ئایەتی دەربارەی بێباوەڕان دابەزیوە، لەسەر موسڵمانان جێبەجێی دەکەن![2]

هەروەها پێشەوا (شاتیبی)دەربارەیان دەڵێت: (ئایا نابینی چۆن لەئایین دەرچوون، هەر وەك تیر لەکەوان دەردەچێت؟

چونکە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووێەتی: قورئان دەخوێنن بەڵام لە قورگیان تێناپەڕێت، واتە: (خودا باشتر دەیزانێ) ئەوان زانستیان پەیدانەکردوە، هەتاکو تێیبگەن، چونکە تێگەیشتن پەیوەندی بەدڵەوە هەیە، جاگەر نەگەیشتە نێو دڵ، تێگەیشتن نابێ، بەڵکو وەك پیت و دەنگێکی

(١) صحيح البخارى: ٤٧٢/٢٨.

(٢)) فتح البارى لابن حجرالعسقلانى، ٣٥٠/١٢.

بیستراو دەبێت، لەمەشیاندا ئەوەی تێدەگات و تێناگات وەك یەکن) .[1]

جێبەجێکردنی ئەم بابەتە لەم گێڕانەوەی خوارەوە دەردەکەوێت:

خەواریجەکان لە ناوچەی(نەهرەوان) لەعێڕاق، چوونە گوندێك،کە (عبدالله ی کوڕی خەببابی کوڕی ئەرەت) لەوێ بووز

گوتیان: ئایا هیچ فەرموودەیەکت لەباوکت نەبیستوە، گوێی لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بووبێت؟

گوتی: بەڵێ بیستوومە، لەپێغەمبەری خوا دەگێڕێتەوە، باسی فیتنەیەکی دەکرد، ئەوکەسەی دانیشتووە باشترە لەوەی بەپێوەیە، ئەوەی بەپێوەیە باشترە لەوەی دەڕوات، ئەوەی دەڕوات باشترە لەوەی خێرادەڕوات ، گەر گەیشتییە ئەوسەردەمە تۆ ببە بەعبداللەی کوڕراو.

گوتیان: تۆ ئەمەت لەباوکت بیستووە، لەپێغەمبەری خوا دەگێڕێتەوە؟

گوتی: بەڵێ، ئینجا بردیانە سەر ئاوی ڕوبارەکە، لەگەردنیانداوسکی ژنەکەیان دڕی و ئەو منداڵەی تێدابو دەریان هێنا[2] .

خەواریجەکان لەبەر نەزانیان دەربارەی مانای فەرمایشتەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەم تاوانە قێزەونەیان ئەنجامدا، مانا ڕاستەکەی ئەوەیە:ئەی عبدالله! بەشداری نەکەی لەو فیتنەیە بە کوشتنی موسڵمانان، هەرچەند خۆت بکوژرێی، واتە: گەر سەرپشك کرای بکوژبیت، یان کوژراو، تۆ کوژراو هەڵبژێرە، نەبیتە بکوژ.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئیبن عەببباس(ڕەزای خوای لێبێت)بەقسەکردن لەگەڵیان، نەزانیی وتێنەگەیشتنی ئەوان بۆ دەقەکان بەتەواوی دەردەخات،

---

(١) الاعتصام:٦٩١/٢، ت: سليم بن عبد الهلالي، دار ابن عفان، الخبر، السعوديه، ط١، ١٤١٢هـ-١٩٩٢م.

(٢) رواه احمد: ١١٠/٥، دار الدعوة، اسطنبول، ١٤١٣هـ-١٩٩٢م، ضمن مجموعة السنة، الكتب الستة.

دەڵێ: وتم: لە چ کارێکی کوڕی مامم و زاوای پێغەمبەری خوا وکۆچەری و مەدینەییەکان ڕازی نین؟

گوتیان: سێ شت.

گوتی: ئەم سێ شتە چیین؟

گوتیان: یەکەم: پێناویی کردە بڕیاردەر لە کاری خوا، خودا دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ يَقُصُّ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْفَٰصِلِينَ ﴿٥٧﴾﴾ الأنعام: ٥٧.

واتە: هەموو حوکم و بڕیارێک تەنها بۆ خوایە،کەحەق و ڕاستی ڕووندەکاتەوە، هەر ئەویشە بەباشترین شێوە حەق و ناحەق لێك جیادەکاتەوە.

چۆن پیاو دەکرێنە بڕیاردەر؟

گوتم: ئەمەیان یەك، ئەدی دووەمیان؟

گوتیان: شەڕی کرد دیلەکانی نەگرت و تاڵانی نەهێنایەوە، چونکە ئەوانەی شەڕی لەگەڵدا کردن بێباوەڕ بن، دروستە دیلەکانیان بکرێن بەکۆیلەو ماڵەکەیان بەتاڵان بێنی، ئەگەر بڕوادارێش بن، شەڕکردن لەدژیان دروست نییە.

گوتم: ئەمە دوو، ئەدی سێیەمین؟

گوتیان: (عەلی) لەکاتی نووسینی ڕێکەوتنامەکەدا ناوی نەنوسی (ئەمیری بڕواداران)، کەواتە ئەو (ئەمیری بێباوەڕانە).

گوتم: هیچی تر ماوە بیڵێن؟

گوتیان: ئەمە بەسە.

گوتم: ئەگەر بەفەرمایشتی خواو فەرموودی پێغەمبەر وەڵامتان بدەمەوە، ڕازی دەبن؟

گوتیان: بەڵێ.

گوتم: داواکاری ئێوە، کە دەڵێن: (عەلی) پیاوی کردە بڕیاردەر لە کاری خوا، من ئایەتی خواتان بۆ دەخوێنمەوە دەربارەی بڕیاردان لەشتێك،کەنرخەکەی

چواریەکی دیرهەمێکە، لەکەروێشکێك: فەرمووێتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۗ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ ﴾ المائدة: ٩٥.

واتە:ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە! هەتا لەئیحرامدابن،هیچ جۆرە نێچیرێکی وشکانی مەکوژن، گۆشتی بخورێ،یان نەخورێ، هەرکەسێکتان بەئەنقەست کوشتی و لەئیحرامدابوو،ئەوا لە تۆڵەی ئەوەدا، دەبێ وێنەی نێچیرە کوژراوەکە لەمەڕوبزن و وشتروگا کەففارەت بدات،کەدوو کەسی دادگەری زانا بڕیاری لەسەر بدەن .

توخوا بڕیاری پیاوەکان لەکەروێشکێك وهاوشێوەی ئەو لەڕاوکردن گرنگترە، یان بڕیاردان بۆ پاراستنی سەروماڵیان و ئاشتکردنەوەیان؟ خۆ ئەگەر خوا بیویستبایە نەیدەخستە دەست پیاوەکان.

هەروەها لە بڕیاری نێوان ژن و مێرد دەفەرموێ: ﴿ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ بَيۡنِهِمَا فَٱبۡعَثُواْ حَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصۡلَٰحٗا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيۡنَهُمَآۗ ﴿٣٥﴾ ﴾ النساء: ٣٥ .

واتە:ئەگەر ترستان لە پشێویی و ناکۆکی ژن و مێرد هەبوو، دەتانزانی پێکەوە هەڵناکەن، ئەواکەسێکی ناوبژیوان و دادوەر لەخزم وبنەماڵەی مێردەکەو، ناوبژیوان ودادوەرێکیش لەخزم وکەس و کاری ژنەکە بنێرن، بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانیان و دانانی چارەسەرێك،کە ئەوان بەچاکیان زانی،ئەگەر هەردووك ڕازی بوون پێك بێنەوەو نیەتیان پاك بوو، ئەوا خواش یەکیان دەخات و پێکیان دێنێتەوە.

خودا حوکم و بڕیاری پیاوەکانی کردۆتە یاساو ڕێبازێکی دابینکەر، ئایا ئەمەیان تەواو؟

گوتیان: بەڵێ.

گوتم: دووەم، کە دەڵێن: شەڕی کردو تاڵانی نەهێناو دیلەکانی نەگرت بیانکاتە کۆیلە، ئایا دایکتان (عائیشە) دەکەنە دیل و بۆخۆتانی حەڵاڵ دەکەن وەک ئەوانی تر؟ خۆ ئەگەر وابکەن بێبڕوەڕ دەبن، چونکە خوا دەفەرموێت:

﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ ﴾ الأحزاب: ٦

واتە: پێغەمبەر بۆ بڕوادارانن، لەخۆیان لەپێشترە، ژنەکانیشی دایکانی بڕوادارانن.

ئێوە لەنێوان دوو گومڕاییدان، بەرەو کامەیان بڕۆن دەکەونە نێو گومڕایی، سەیری یەکتریان کرد!

گوتم: وەڵامی ئەمەشتان وەرگرتەوە؟

گوتیان: بەڵێ.

گوتم: سێیەم، کەدەڵێن: ناوی نەنووسی: ئەمیری بڕواداران، من شتێکتان بۆ باسدەکەم،کە ئێوە پێی ڕازی بن،خۆ بیستوتانە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە رۆژی حودەیبیە نوسراوێکی مۆرکرد لەگەڵ (سوهەیلی کوڕی عەمڕ) و (ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب)، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: عەلی! بنووسە: ئەمە ڕێکەوتنێکە لەنێوان (محمد)ی پێغەمبەری خواوە...

موشریکەکان گوتیان: سوێند بەخوا نابێت، گەر دان بەپێغەمبەرایەتی تۆ دابنێین، شەڕمان لەدژی تۆ نەدەکرد.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: خوا دەزانێ کەمن پێغەمبەری خودام، عەلی! بنوسە: ئەمە ڕێکەوتنێکە لەنێوان (محمدی کوڕی عبدالله)، سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا لە عەلی چاکتر تریوو، بەم نووسینە،

کاتێ ناوی (رسول الله)ی سڕیەوە، لەپێغەمبەرایەتی دەرنەچوو .

(عبدالله کوڕی عەببـاس) دەڵـێ: دووهەزار کەس لەنێـو خەواریجەکـان هـاتنە دەرەوە، ئەوانـی تـریش لەشـەڕدا کـوژران ، گومڕابـوون، دوای ئەوەی خوێنی موسڵمانانیان بە زوڵم و نەزانی ودوژمنایەتییەوە ڕشت[1]

پـوختەی سیماو نیشانەودروشـم و ڕواڵەتەگشـتییەکانیان بـریتییە لە: زۆر تووندرۆیی لەئایینـدا، قورسکردنی کارەکان لەسەر خەڵکی، خۆبەزانـا پیشـان دان و لەخۆبـاییبوون، پێشـکەوتنەوە لەسـەر ڕووداوەکـان، کەم ئـارامیی، لاوازی حیکمەت و دانایی، ڕای خۆ سەپاندن، دەرچوون لەگـوێڕایەڵیی فەرمانڕەوای موسـڵمانان، خەڵـك بەنەزان لەقەڵەمـدان، تـانەدان لەزانایـان، گومـانی خـراپ بەرامبەریان، بەچاوی سووك سەیرکردنیان، نەفرەت لێکردنیان، توندیی وشکیی لەهەڵسوکەوت لەگەڵ جگە لەخۆیان[2] .

ئەمەیـان سـەبارەت بەسـتەم و دوژمنکـاریی تەکفیرییەکـان بـوو بەرامـبەر سوننەکان کردیان.

بەرامـبەر شـیعەکانیش بەبێبـاوەڕ لەقەڵەمیـان داون، بەپـێچەوانەی فیقهـی ئەهلی سوننە، کە هاوقیبلە حسێبیان دەکەن، وەك موسڵمانانی تر دەڵێن: (لااله الاالله محمد رسول الله) فەڕزەکانی ئیسلام جێبەجێ دەکەن، وەك موسڵمانانی تـر بڕوادارەکەیـان بـڕوادارە، گوناهبارەکەیـان گوناهبـارە، ڕشـتنی خـوێن وحەڵاڵکردنـی ماڵیـان دروست نیـیە، جـا بـۆجێبەجیکردنی بەبێباوەڕزانینیـان، بازاڕو کاروانی سەیارەو مزگەوت وحوسـەینییەکانیان تەقاندەوە، لەزۆر نـاوچەدا لەسەر شیعەبوون دەیانکوشتن، بەتایبەتی لە باشوری بەغـداو نەجەف وکەربەلا، دەیانویسـت لەنێـوان سـوننەو شـیعەدا، ئـاگری شـەڕی نـاوخۆ هەڵبگیرسـێنن،

(١) مستدرك الحاكم: ٢/١٥٠-١٥٢.

(٢) الخوارج بين الامس واليوم، صالح بن سالم العفانى: ٥٠، گ١، ١٤٢٨هـ- ٢٠٠٧م .

هەروەك لەنـامەی (زەرقـاوی)دا هـاتوە، کە لەکۆتـایی سـاڵی(٢٠٠٣) بڵاوکرایەوە، لەعیراق.

عیراقییەکان گومانیان نییە، کە کۆمەڵێك ڕێکخراوی دوژمن بەئیسلام هاتوونەتە نێو تەقینەوەو تیرۆرکردن، لێرەولەوێ چەندین قەسابخانەیان دانا ، بۆ هانـدانی عێراقیەکـان بەرەو شـەڕێکی نـاوخۆیی بـێ کۆتـایی، بەڵگەی زۆر لەبەر دەستدان، کە چەندین ڕێکخراوی ئیستیخباراتی دەرەکیی، هاوکاری دام ودەزگا فەرمییە لادەرەکان دەکەن، گۆڕی پێشەوا (عەلی هادی) لە(سامەڕا) تەقاندەوە، گروپە شیعەکان دەستیانکرد بە هێرشی توند بۆسەر ناوچە سوننە نشینەکانی بەغدا وبەسڕاو شارەکانی تر، هەزاران گەنجی سوننەی بێتاوانیان کوشت، دەیان هەزاریشیان دەربەدەرکرد، زیاتر لە دووسەد مزگەوت لەبەغداو لە شارەکانی تر سوتێنرا وداگیر کرا.

ئەمەش بەهۆی هاندانی فەتوای بەکافرکردنی دەرچوو لەسەرچاوەکانی شیعە لە قوم و نەجەف،لەدژی سوننە،وەك فەتوای (شیرازی) لە(قوم)، لەم ساتەوەختە مەترسیدارە، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هەڵگیرسانی ئەم ئاژاوە گەورەیە، کەواتە زۆر پێویستمان بە ڕۆشنبیرکردن هەیە.

ئەم ڕۆشـنبیرکردنە، دەبـێ مـزگەوت وحوسـەینییەکان بگـرێتەوە، لە قوتابخانەو باخچەی ساوایان دەست پێبکات، تادواناوەندی وزانکۆکان، هەروەها دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خوێنراوو بیستراوو بینراو بگرێتەوە، بۆ گێڕانەوەی ئوممەت بۆ ڕاستەشەقامی ئیسلام و، بنەبڕکردنی شـوێنەوارە ترسـناکەکانی ئەوخـوێنەی ڕژاوە، پـێش داگیرکـردن و دوای داگیرکردنی عیراق.

بەکورتی هەندێك ڕێککاری شەرعیی هەن بۆ کافربوون، زانایانی ئیسلام ڕوونیان کردۆتەوە:-

١- کافرکردنی موسڵمان پێویستی بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە هەیە،هیچ مانایەکی تر هەڵناگرن.

٢- بڕیاری کافرکردن لەوزانایانە دەربچێ، کە لەنێو زانستدا رۆچوون، ناسراون بە زانست و ورەع ولەخوا ترسیی.

٣- دڵنیابوونەوە لە قەدەغەبوونی ڕێگرییەکانی کافرکردن، وەک: نەزانی، هەڵەکردن، بەلادابردنی دەقەکان.

٤- دەوڵەتی ئیسلامیی[1] بڕیارەکە جێبەجێ بکات، بەبڕیاری دادگای شەرعی دادپەروەرانە، دوای موناقەشەکردنی تۆمەتبارەکە بەوردی، پاشان سێ ڕۆژ[2]، یان زیاتر مۆڵەتی پێبدرێت، بەپێی ڕای شەرعناسان، بۆ بیرکردنەوە و پەشیمان بوونەوە و تەوبەکردن.

---

(١) دەوڵەتی ئیسلامی ڕاستەقینە، هەڵبژێردراو لەلایەن زۆرینەی موسڵمانان، نەک دەوڵەتێکی بریقەداری خوێن ڕێژی سنوور بەزێن، دروستکراوی تایفەگەریی و قەبیلەو دەسەڵاتی سەربازیی و حیزبە زۆرینەکان و خانەوادە دەسەڵاتدارەکان.

[2] يروى الشافعي عن عبدالله بن أبي القارئ عن أبيه أنه قدم على عمر بن الخطاب ﷺ رجل من قبل أبي موسى يسأله عن الناس فأخبره ، ثم قال : هل كان فيكم من مغربة خير ، فقال : نعم، رجل كفر بعد إسلامه ، قال : فما فعلتم به ، فقال : قدمناه فضربنا عنقه ، قال عمر : فهلا حبستموه ثلاثاً وأطعمتموه كل يوم رغيفاً ، واستتبتموه لعله يتوب ويراجع أمر الله ، اللهم إني لم أحضر ولم آمر ولم أرض إذ بلغني . (ابن تيمية : الصارم المسلول ، ص ٣٢٣) .

بەندی سێیەم

سەرچاوەی دروستبوونی تەکفیرییەکان

١) ئەو پەیڕەوە تاکڕەویەی،کەڕۆشنبیری خاوەنەکەی دیاریدەکات، بەیەك ڕێگا، یان مەزهەب، یان یەك گروپ، جا چ لە شیکردنەوەی بابەتی لقەکانی بیروباوەڕی ئیسلامیی، یان بابەتی فیقهی کۆمەڵایەتیی، سەرەڕای گێڕانەوەی ململانێی فیکریی لە چوارچێوە کۆنەکەی، بەتایبەت لەبابەتە کێشەلەسەرەکانی هاوقیبلە، وەك: (شیعەو موعتەزیلەو ئەشعەری وماتوریدی وجەهمی ومورجیئەو گروپە ئیسلامییەکانی تر.

نەبوونی زانیاری دەربارەی ڕەگ و ڕیشەی مەزهەب و ڕاڕەوەکانی تر وبەڵگەکانیان، دەمارگیرییەك دروست دەکات، بەدرێژایی کات تووندتر دەبێت، دڵی کەسەکە تووند تر دەکات، لەگەڵ بەردەوام بیستنی وشەی: (بیدعەو گومڕایی وشیرك وکوفرو گروپی گومڕاو، گروپی دەربازبوو)، بێ هیچ ناوەرۆکێکی زانستیی ڕاستەقینە.

چونکە تۆڕینەوەی بەتێگەیشتنەوە، بۆ گشت ڕاڕەوکانی بیروباوەڕو فیقهیی و بەڵگەو بارودۆخ و سەرهەڵدانیان، ژیری مرۆڤی موسڵمان دەخاتە بەردەم پانتاییەکی گەورە، بەئازادیەکی ڕێکوپێك تیایدا دەجوڵێتەوە، ئەوکاتە پرۆگرامێکی مامناوەندی میانڕەو هەڵدەبژێرێت، بۆ تێگەیشتنی ئایین: (بنچینەکانی، ڕێساکانی، مەبەستەکانی، دەرەنجامەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی.

خاوەنەکەی هەوڵ دەدات، لە بارودۆخی ململانێیەك تێبگات، چ لەنزیك، یان دوور، بەتێگەیشتنێکی ئیسلامییانەی سەردەمیانە ونەرم ونیان، ئینجا لە ژێر تیشکی بەرژەوەندییەکان وخراپەکان ومەبەستەکان وسەرنجدانی دەرەنجامەکان، بڕیارێ خۆی دەدات، لە وەستانی بەستووی بەردەم ڕووکەشی دەقەکان، بەبێ قووڵبوونەوە لە تێگەیشتنی بنچینەکان و، بێ هەوڵدان بۆ لادانی دەبەریکراچوون و تێکگیرانی نێوان دەقەکان ودەقەکانی دی.

پەیڕەوومەنهەجی تاکڕەوی سەلەفی تەنگەبەر، لەوبارودۆخەی کەباسمانکرد، بووە هۆی دروستبوونی نەوەیەکی سەلەفی جیهادی ، ئەوانەی دەقەکانیان گۆڕێ، بەبێ هیچ زانستێکی قوول بۆکێشەکانی جیهانی ئیسلامیی و،تێگەیشتنی قووڵ بۆ بەرەوپێشچوونی ژیانی هاوچەرخی ئیسلامیی ، سەرەنجام چوونە سەر بەرنامەی خەواریج و، کاریان پێدەکردو زانیاریان دەربارەی نەبوو، جیهانی ئیسلامییان بەکافر لەقەڵەمدا، سەرکێشیان لە کۆششی زانایانی ڕاڕەوی فیقهی حەنبەلیش کرد،کە یەکێکە لەڕاڕەوەکانی ئەهلی سوننەوجەماعە، سەرەڕای دەرچونیان لە ڕای پێشەوا ئیبنوتەیمییە و ئیبنولقەییم لەهاوشێوەی ئەم کێشە مەترسیدارانەدا.

بەناوخاوەنی ئەم پرۆگرامە سەلەفیە جیهادیە، کارەساتی گەورەیان بەسەر ئوممەتی ئیسلامدا هێنا، لەدەرەنجامی شوێنکەوتنی پرۆگرامی خەواریجەکان، هەندێکجار تونددوتیژترن لەوان، ستەمی وڵاتە داگیرکەرەکان و پشتیوانیکردنیان لەوسەرکردە ستەمکارەکانەی، بە ئاگرو ئاسن وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، هاوکار بوو بۆ بازدان لە پرۆگرامی میانڕەوی سەلەفییەوە بۆپرۆگرامی خەواریج.

هەروەها بوونە بەرپەرچ لەنێوان موسڵمانان وپابەند بوونیان بەئایینەکەیان و،جێبەجێکردنی شەریعەتی خواو ڕووکردنە پێشکەوتنی شارستانی هاوسەنگ.

ئەوان گومانیان وابو: تاکە ڕێگای ڕزگارکردنی وڵاتەکانیان لە ستەمی فەرمانڕەواکانیان، بەکافر دانان و هێرشی چەکداریە، دژی دامودەزگاکانیان وکوشتنی ئەوکەسانەی لەگەڵیان کار دەکەن وبڵاوکردنەوەی ئاژاوەو کوشتن لە وڵاتانی ئیسلامیی، لەڕێگای ڕفاندن و تەقینەوەدا.

خۆشیان چاك دەزانن جیهاد بۆئەوە نەهاتوە، لەوڵاتانی ئیسلامییدا بکرێت، بەڵکو بۆ لادانی شەڕو دوژمنکاریە لەسەر وڵاتانی ئیسلامیی.

ئەو بزووتنەوانە هۆکاری تێکدانی جیهانی ئیسلامیین، هۆکاری ڕوخان و کوشتنی کەسانی بێتاوان لە گشت ئاستەکان و، چەسپاندنی ڕێکخراوە ستەمکارەکان، ئەوەی ڕوویدا لە: (جەزائیرو میسرو عێراق وئوردون ولوبنان ومەغریب ولیبیاو یەمەن) و هی تر لەوڵاتانی ئیسلامیی، باشترین شاهێدە لەسەر ئەوەی گوتمان.

جیهادکردن لە جیهانی ئیسلامییدا، بە زمان وپێنوس وفەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپەو کردنی چالاکی ئاشتیانەدەبێت، وەك یاخیبوونی مەدەنی و،خۆپیشاندان بەمەبەستی چاکسازیی و،گۆڕینی ڕێکخراوە لادەرەکان بەئاشتیی، چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی هێزو توانای کۆمەڵگە لەبن دێنێت، هەروەها تەنیا لەبەرژەوەندی دوژمنانە، لەناوخۆو دەرەوە، پلەبەندیی لەچاکسازیدا، ڕێگایەکی گونجاوە لەگەڵ سیستەمی بوونەوەردا، پازدان وپەلەکردن، بەرهەمەکەی لەناوچوون و شەڕو ئاژاوەیە.

٢) هەندێجار بەرنامەی بزوتنەوەی ئیسلامیی، بەرنامەیەکی میانڕەوو هاوچەرخ ومەبەستدارو مام ناوەندە، حیساب بۆ بەرەوپێشچوون وکشانەوە دەکات، باوەڕی بە چاکسازیی پلەبەندیی هەیە، قەت پلان بۆ پێکدادان لەگەڵ فەرمانڕەوایان دانانێت، بەڵام بەرژەوەندی هێزە تاغوتییە دەرەکییەکان،

داموده‌زگا ناوخۆییه‌کانی ناچار ده‌کرد، لێیان بده‌ن و له‌ناویان به‌رن، چونکه ئه‌وان نه‌یانده‌توانی له‌نێوخۆدا، ڕێزه‌کانیان درزی تێبخات و ملکه‌چی ده‌سه‌ڵاتی خۆی بکات، یان ترسی هێزه ده‌سه‌ڵاتداره‌کان له‌نێوخۆدا، له‌سه‌رمانه‌وه‌یان و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانیان پاڵی پێوه ده‌نان، بۆ ته‌نگه‌تاوکردنی بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامیی و ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه له‌گه‌ڵیدا، بۆئه‌وه‌ی نینۆکی بکه‌ن، یان نه‌یهێڵن وناوی بزڕێنن، یان بیخه‌نه تاڵوی درێژخایه‌نه‌وه، له‌سێبه‌ری سیسته‌مێکی دیکتاتۆری چه‌په‌ڵدا، سه‌ره‌تا ده‌ست ده‌کات به گرتنی به‌لێشاو وئه‌شکه‌نجه‌ی وه‌حشیگه‌رانه‌و، له‌نابردنی سه‌رکرده‌کانیان، ئه‌م کاره وا له ئه‌ندامانی بزوتنه‌وه‌که ده‌کات، کاردانه‌وه‌ی توندیان هه‌بێت، ئه‌م سته‌مکارانه به کافر له‌قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن، که بێ هیچ سۆز ومرۆڤایه‌تیی و به‌های باڵاکانه‌وه ئه‌شکه‌نجه‌یان ده‌ده‌ن، له‌قۆناغی دواتردا کۆمه‌ڵگا به بێباوەڕ له‌قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن، چونکه ڕازی بووه به‌و سته‌مه، هه‌روه‌ك له‌میسر ڕوویدا له‌حه‌فتاکانی سه‌ده‌ی ڕابردوو، له‌نێو به‌ندیخانه‌کاندا، پاشانیش بووه به‌رنامه‌ی سه‌له‌فییه جیهادییه داخراوه‌کان، دژی ده‌وڵه‌ت وکۆمه‌ڵگا.

ئه‌م کافرکردنه به‌هۆی که‌مووکووڕی به‌رنامه‌که‌یان نه‌بوو، به‌ڵکو به‌هۆی هه‌ڵسوکه‌وتی بێبه‌رنامه‌ی سه‌رکرده‌کان بوو، به‌رامبه‌ر نه‌وه‌یه‌کی به‌رجه‌سته‌بوو له کۆمه‌ڵێك (برایانی موسڵمان)، به‌ڵگه‌ش ئه‌وه‌یه: که سه‌رکرده‌کانی بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامیی میسریی له‌به‌ندیخانه، سه‌رەڕای ئه‌و ئه‌شکه‌نجه وه‌حشیگرانه‌یه، پارسه‌نگی خۆیان له‌ده‌ست نه‌دا، به‌ڵکو به‌په‌له گه‌نجه‌کانیان گێڕایه‌وه سه‌ر هێڵی ئیسلامیی ڕاسته‌قینه‌ی میانڕەو. (١)

مه‌نهه‌جی یه‌کەم پێویستی به پێداچوونه‌وه هه‌یه‌له تاك ئاڕاسته‌که‌ی و

(١) دعاة لاقضاة، حسن الهضيبي، ئه‌م په‌رتوکه ڕەتدانه‌وه‌ی ئه‌و بۆچونه توندڕەوانه بوو، که له‌نێو به‌ندیخانه‌کان سه‌ری هه‌ڵدا، وەك ڕێنمونیکردنیان بۆ گەڕانه‌وه بۆ ڕێگای میانڕەویی.

گەڕانەوە بۆ پرۆگرامی مەبەستداری ناوەنجی گشتگیر لە تێگەیشتنی ئیسلام، بۆ دەربازبوون لە داخراویی و دەمارگیریی، هەروەها بۆ دروستکردنی بیرکردنەوەیەکی نەرمونیان، ڕاستییەکان بۆخۆی قۆرخ نەکات، باوەڕی بە فرەسەرچاوەیی ئیجتیهاد هەبێت،کە ئەم سەردەمەی ئێمە بەچاکی تێبگات، بۆئەوەی لەسەر مێژووی ڕابردووی مرۆڤایەتی چەق بەستوو نەبێت، تاکو جولّەی ئێستاو داهاتوو پەك بخات.

ئەم گەڕانەوەیە، پەروەردەی نەوەیەکی ئیسلامیی میانڕەو دەستەبەردەکات، لەسەرەتایی تا زانکۆکان، هەروەها لەدلّی گەنجانی مزگەوت ودەزگا رۆشنبیریی وکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراووبیستراوو خوێنراو بچێنرێت.

ئەوکاتە هیچ کەسێك ناتوانێت نەوەکانمان بەرەو بیری تەکفیری بەرێت، کەدەیەوێت کۆمەڵگا بێبەش بکات لە چنینەوەی بەروبوومی پێگەیشتووی ئیسلام، بیخاتە نێو قوڵایی ناکۆکیی خوێناوی، نمونەیەکی ناشیرینی تاریك لەبارەی ئیسلام پێشکەش بەجیهان بکات، کەلەڕاستیدا ئاسوودەییە بۆ گشت جیهان.

هەروەها پێویستە لەسەر مەنهەجی ئیسلامیی میانڕەو،لەنێو نەوەکانیدا فیقهی مەبەستەکانی ئیسلام و، رۆشنبیری ئیسلامیی میانڕەوی گشتگیر بڵاوبکاتەوە، تاکو تەکفیرییەکان نەتوانن گەنجەکانمان بڕفێنن، بەرەو بیری داخراوی نەخۆش لە تێگەیشتنی دەقەکان بیانبەن،کە تەنیا ڕووکەشی بێمانای دەقەکان ببینن.

پێویستە بزانن مەبەستم لە مەنهەجی سەلەفی بێوێنە، مەنهەجی هاوەڵەبەڕێزەکان و شوێنکەوتوان(تابعین)ە، کە مەنهەجێکی میانڕەوو مەبەستدارو، دوور لە بۆچوونی تاکڕەوی توندڕەوی داخراوە، بەڵکو لەسەر دابەزینی دەقەکان بۆ بابەتەکان وەستاوە، لەمیانەی بنچینەو ڕێساکان و

مەبەستی شەریعەتی ئیسلامیی و دەرەنجامەکانی تێگەیشتن و، جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەنێویدا.

کەسێکی بەوێژدان بۆی هەیە بڵێت: تۆ گوتت: مەنهەجی تاکڕەوی داخراو، هۆکاری هاندانی نەوەیەکە لەگەنجەکان بۆ خەڵك کافرکردن، لەکاتێکدا دەبینین زۆرێك لە زانایانی سەلەفیی، سەرکۆنەی ئەم کارانە دەکەن، پەلە ناکەن لە بەکافر زانینی خەڵك، پایەندن بەوتەی زانایانی پێشین و نوێی ئەهلی سوننەو جەماعەت.

لەوەڵامدا دەڵێم: بەڵێ، زانایانی مەزهەبی حەنبەلی، لەم جۆرە بابەتانە سێ بەشن:

- زانا لێکۆڵەرو شارەزاکانی ڕاڕەوی ئەهلی سوننەو جەماعەت، ئەوانەی پابەندن بە وتەکانی: (پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیبنوتەیمییە و ئیبنولقەییم و شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب) (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) ئەوان قسەی تەکفیرییەکان ناکەن، وەك خەواریجەکان، کەهیچ بنەمایەکی نییە لە شەریعەتی ئیسلامدا.

شێخ محمدی کوڕی سالحی عوثەیمین دەڵێت: (بڕیاری کافرکردن وفاسق کردن لەدەست ئێمە نییە، بەڵکە کاری خوداو پێغەمبەرە، ئەمە بڕیارێکە لەدەست خوداو پێغەمبەرە، بۆیە دەبێت ئەوپەڕی وردەکاریی بکرێت، هیچ کەسێك بەکافر وفاسق دانانرێت، مەگەر قورئان وفەرمودە بیسەلمێنن، چونکە لەڕووکەشدا ئەسڵ وایە، هەموو کەسێك دادپەروەرە، موسڵمانە، تا ئەوکاتەی بەپێی بەڵگەی شەرعی لەدەستی دەدات، نابێ وابە ئاسانیش خەڵك کافرو فاسق بکرێت، چونکە دوو ڕێگری گەورە لەبەردەمماندا هەیە:

یەکەم: هەڵبەستنی درۆ بەدەم خوا، لە بڕیارو بڕیار لەسەر دراو.

دووەم: گەر ئەوکەسە لەسەری جێبەجێ نەبوو، بێباوەڕیی وفاسقییەکە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

پێویستە پێش بڕیاردان لەسەر کەسێك بە کافرو فاسق، سەرنجی دوو شت بدەین:

أ- بەڵگەی قورئان وفەرمووده لەسەر ئەوقسەیە ،یان ئەو کارە، ئایا دەبێتە هۆی بێباوەڕ بوون وفاسق بوون، یان نا؟

ب- جێبەجێبوونی ئەم بڕیارە لەسەر کەسێکی دیاریکراو، بەشێوەیەك هەموو مەرجەکانی بێباوەڕ بوون و فاسق بوونی تێدا بێت، هیچ ڕێگرێکیش نەبێت)[1].

لەم لایەنەوەزانای سەلەفی (شێخ ئەبوالحسن مصطفی کوڕی اسماعیل سلێمانی) پەرتووکێکی داناوە چارەسەری ئەم ئاژاوە نوێیە دەرەکیەی کردووە، بەناوی:(فتنة التفجیرات والاغتیالات...الاسباب -الاثار - العلاج)،کە بەشێوەیەکی یەکجاریی بەبەڵگەی جۆراوجۆر، قەدەغەو حەڕامی کردوە.

- بەشێکی تریان ئەوانەن،کە بەقووڵیی نەچوونەتە نێو قسەی زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەتەوە، بەتەواوی لەجووڵەی ئەم سەردەمە تێنەگەیشتوون، لەسەرەتاوە خلیسکاونەتە نێو بابەتی کافرکردن، بەفەتواکانیان پشتیوانییان لە تەکفیرییەکان کرد، پاشان، کە بەرهەمە تاڵ و ناخۆشەکانیان بینی، وەك: (کوشتن و ڕفاندن وتەقینەوەو کاری خۆکوژیی، لەفەتواکانیان پاشگەز بوونەوە، وەك: (شێخ ناسڕ کوڕی محمد ئەلفەهد) کاتێك بینی دەرەنجامی تەقینەوەکان دڵتەزێنە، لە کۆمەڵگای(المحیا) مزگەوتێك ڕووخاو چەندین خانەوادە لەناوچوون وة چەندین کەسی بێتاوان کوژرا، پاکانەی خۆی بڵاوکردەوە لەو فەتوایەی داویەتی، وتیشی: ئەم کارانە حەڕامن، جیهاد نییە لەپێناوی خوادا، ئەوەی خۆی دەتەقێنێتەوە شەهید نییە.[2]

---

(١) الارهاب: دز عادل عبدالجبار، ط١، ص١٦٤، الریاض.

(٢) هەمان سەرچاوە.

هەروا باسی خراپەی تەقینەوەکان دەکات،کە لەمەی خوارەوە کورتی کوردۆتەوە:

خراپەی یەکەم: کوشتنی موسڵمانی بێتاوانی تێدایە، خودا فەرموویەتی:

﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾﴾ النساء: ٩٣

واتە: هەرکەسێك مرۆڤێکی بڕوادار بەناحەقێ بکوژێت، ئەوا پاداشتەکەی بریتییە لەدۆزەخ،کە بەهەمیشەیی تێیدادەمێنێتەوەو، خوا لێی تورەیەوڵەعنەتی لێدەدات و،عەزابێکی گەورەی بۆ ئامادەکردووە.

پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:(مرۆڤ لەنێو فراوانی و خۆشی ئایینەکەیدایە، تا ئەوکاتەی توشی کوشتنی بەناهەق دەبێ)[1] ..

هەروەها دەفەرموێ:(لزوال الدنيا أهون عند الله من قتل رجل مسلم)[2].

واتە: لەنێو بردنی دونیا لای خوا، تاوانەکەی سووکترە لە کوشتنی کەسێکی موسڵمان. چ جای کوشتنی کۆمەڵێك موسڵمان!

خراپەی دووەم: کوشتنی پەیمان لە ئەستۆکان (ئەو گاورو جولەکانەی لە ژێر سایەی ئیسلامدا دەژین)ودالّدەدراوەکانی نێو دەوڵەتی ئیسلامیی، لە فەرموودەی سەحیح دا هاتوە:(من قتل معاهدا لم يرح رائحة الجنة، وان ريحها لتوجد من مسيرة أربعين عاما)[3].

---

(١) رواه البخارى رقم: ٦٨٦٢: (عن ابن عمر قال قال رسول الله(صلى الله عليه وسلم) لن يزال المؤمن فى فسحة من دينه ما لم يصب دما حراما)

(٢) رواه الترمذى رقم: ١٣٩٥، والنسائى رقم: ٣٩٨٧، وابن ماجه، رقم: ٢٦١٩.

(٣) رواه البخارى: ٣١٦٦،

واتە: هەرکەسێك پەیمان لەئەستۆیەك بکوژێ، بۆنی بەهەشت ناکات،کە بۆنی بەهەشت،لەماوەی چل ساڵان بۆنی دەکرێت.

هەروەها فەرمویەتی: (ان ذمة المسلمين واحدة، يسعى بها أدناهم، فمن أخفر مسلما فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين، لايقبل الله منه يوم القيامة صرفا ولا عدلا)[1] .

واتە: بەدڵنیاییەوە پەیمانی موسڵمانان یەکێکە، بچوکترینیان پەیمانەکە بەڕێوە دەبات و جێبەجێدەکات، هەرکەسێك پەیمانی موسڵمانێك بشکێنێ (کەپەیمان و بەڵێنی بەیەکێك داوەو،کەسێکیش بێت ئەو پەیمانەی لەو موسڵمانە زایە بکات و لێی بشکێنێ،کەنەتوانێ جێبەجێی بکات)،ئەوە لەعنەتی خواو فریشتەکان و تێکڕای خەڵکی لەسەرە، رۆژی قیامەتیش هیچ فەرزو سوننەتێکی لێ وەرناگیرێ.

خراپەی سێیەم: کوشتنی ئافرەت ومنداڵ، لەفەرمودەی بوخاری وموسلیمدا هاتوە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (عن ابن عمر (رضى الله عنهما) أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم)مرَّ على امرأة كافرة مقتولة فى غزوة بين المسلمين والكفار، وأنكر ذلك ونهى عن قتل النساء)[2] .

واتە: پێغەمبەری خوا بەلای ژنێکدا تێپەڕیی،کە لەجەنگێکی نێوان موسڵمان و کافرانکوژرابوو،بۆیە ناڕەزایی بەرانبەر ئەم کوشتنەی دەربڕی و

---

(١) رواه البخارى : ١٨٧٠ و٧٣٠٠، واحمد رقم: ١٠٣٧.

(٢) عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا-: «أَنَّ امْرَأَةً وُجِدَتْ فِي بَعْضِ مَغَازِي النَّبِيِّ مَقْتُولَةً، فَأَنْكَرَ رَسُولُ اللهِ قَتْلَ النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ». البخارى رقم: ٣٠١٤، ومسلم رقم: ١٧٤٤.

قەدەغەی کوشتنی ئافرەتانی کرد. چجای کوشتنی نافرەت ومنداڵی موسڵمانان و داڵدەدراوان.

خراپەی چوارەم: بەهەدەردانی سامان لەشەرعدا حەرامە، پاراستنی سامانیش یەکێکە لەو پێنج پێویستیانەی شەرع،کە فەرمانی پاراستنی داوە، لەفەرموودەی سەحیحدا هاتوە (عن أبي بكرة وعائشة وأبي هريرة وابن عمر وابن عباس (رضي الله عنهم) أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم قال: (إن دِمائَكُم وأموالَكُم وأعراضَكُم عَليكُم حَرامٌ كَحُرمةِ يَومِكُم هذا في شَهرِكُم هذا، في بَلَدِكُم هذا)[1] .

واتە: خوێن ومااڵ وناموستان لەیەکتریی حەرامە وەک قەدەغەبوونی ئەمرۆ لەم مانگەدا لەم شارەدا.

خراپەی پێنجەم: موسڵمانانی ترساندوە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) قەدەغەی کردوە موسڵمان بترسێنرێت،(عَنِ ابْنِ سِيرِينَ ، سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ ، يَقُولُ : قَالَ أَبُو الْقَاسِمِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : مَنْ أَشَارَ إِلَى أَخِيهِ بِحَدِيدَةٍ ، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ تَلْعَنُهُ ، حَتَّى يَدَعَهُ وَإِنْ كَانَ أَخَاهُ لِأَبِيهِ وَأُمِّهِ.....ئەگەریەکێك بۆ تۆقاندن وترساندن، بە پارچە ئاسنێك هەڕەشە لە برای ئایینی خۆی بکات ، هەتا واز لم کارە دێنێ، لەو ماوەیەدا، ،ئەوا فریشتەکان لەعنەتی لێدەکەن،گریمان ئو هەڕەشەلێکراوە برای باوك و دایکیشی بێت،کەگومانی خراپی لێناکرێ)[2] چ جای ئەوکەسەی دەکوژرێت، یان لەنێوببرێت یان بترسێنرێت.

خراپەی شەشەم: تێکدانی ئارامیی وئاساییشی موسڵمانانە، کەدوای

(١) رواه البخاري :٦٧٠٢, مسلم: ١٠٨/٥.

(٢) رواه البخارى رقم: ٧٠٧٢ ومسلم، رقم: ٢٦١٧)

نیعمەتی ئیسلام، گەورەترین نیعمەتی خوایە بەسەریانەوە، ، بۆیە خودا منەت بەسەر قورەیش دەکات بەم نیعمەتە: ﴿ أَلَمْ يَرَوْا أَنَّا جَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِيَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾ النمل: ٨٦

واتە:ئایانابینن، ئێمە شەومان سازاندووە بۆ ئەوەی ئارامی بگرن،رۆژیشمان ڕووناك کردووە(کاری تێدابکەن)، بەڕاستی لەمەدا چەند بەڵگەونیشانە هەیە بۆ کەسانێ،کە باوەڕبەخوا دێنن.

﴿ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾ ﴾ قریش: ٤.

واتە: ئەو خوایەی،کە لەبرسێتیدا تێری کردن و، بێترسیشی کردن.

ئەم تەقینەوانە وایکرد، خەڵك لەژیانی خۆی بترسێت،تەنانەت وایکردووە، خەڵك لەنێو مالّی خۆیان بترسن.

خراپەی حەوتەم: وێنای جیهادی لای خەڵك ناشیرین کردوە، موسڵمانان و گیانە پارێزراوەکان دەکوژێت.

خراپەی هەشتەم: بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم تەقینەوانە، دوژمنانی ئیسلامیی زاڵکردوە، لەسەر شێواندنی ناوی ئیسلام لە جیهاندا.

خراپەی نۆیەم: زیانی زۆری گەیاندوە بە پرۆژەی خێرخوازیی گەورە، چونکە زۆر لەبازرگانان وازیان لە کاری خێرخوازی هێناوە، لەترسی ئەوەی ئەو پارەیە بۆ ئەم لایەنانە بڕوات و، لەم کارانە بەکار بێت.

خراپەی دەیەم: دیمەنی کەسانی پابەند بەئایینی زۆر ناشیرین کردوە، کەسانێك هەن گەر مرۆڤی ڕیشدار ببینن، وادەزانن بۆمبی لە گیرفاندایە، یان بەدوای کەسێکدا دەگەڕێت بیکوژێت، وەك خوێنڕێژێك وێناکراوە دەیەوێ خانوو بەسەر خاوەنەکەیدا بڕوخێنێت!! [1]

(١) الارهاب: ٢٢١ و دواتر.

بۆ پشتیوانی قسەکانی ماموّستای بەڕێز، منیش دەڵێم:

١- ئەم شێوازە لەکافرکردنی خەڵك و، دەسەڵاتداران وهێزە ئەمنییەکان و،کوشتن وتەقینەوە لە شوێنە گشتییەکان، زیانی زۆری گەیاندوە بەو پرۆژەی ئیسلامییەی، کە دەیەوێ ئومەتی ئیسلامیی سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە، بەشێوەیك شەریعەتی ئیسلام لەنێو دەوڵەتێکی سەردەمیانە جێبەجێ بکرێت،دادپەروەریی وهەرزانیی بێنێت، بەرگریی لەستەم لێکراوان بکات، چینی ژێردەست بێنێتە پێشەوە،پیرۆزییەکانی ئیسلام لەفەلەستین لەدەست زایۆنی دوژمن ڕزگار بکات، سەربەرزیی و هێز بۆ ئومەت بگێڕێتەوە.

ئەم نمونە لادەرە دەستدرێژیکەرانەی سەر مافی مرۆڤ، لەنێو جیهانی ئیسلامیی ودەرەوە، ئەم پرۆژە ئیسلامییە میانڕەوەی شێواند، کەلەسەر ڕاستیی ومەبەستەکانی ئیسلام بنیاتنراوە، لەنێو دروستکردنی کۆمەڵگاو دەوڵەت وشارستانییەت، بەشێوەیەك گەورەترین بانگەشەی عەلمانییەت لەجیهانی ئیسلامیی، کە خەریك بوو لاواز ببێت ولەناو بچێت، کاتێ سەرلەنوێ دەنگی هەڵبڕی،تاکو بڵێت: ئایا ئەمە ئیسلامە؟

کەوابێ ئەمە ئاییني تونـدوتیژی وتۆقاندن وترساندنە! خاوەنی ئەم بیرۆکەیە، بەم کارەیان گەورەترین تاوانی بەرامبەر ئیسلام و،بانگەوازکارانی ئیسلام لەجیهان ئەنجامدا.

٢- بارودۆخی ئیسلام لە هەموو شوێنێك سروشتی بوو، بەڵکو سەرۆك وەزیرانی سوید(بالمە)ساڵی(١٩٨٤ز)، تاکو ساڵی(١٩٨٥ز)، سویدیەکان لە دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان و زاکۆکان بۆنەیەکیان بۆ ناسینی ئیسلام ڕێکخست،کە زانایان ولێکۆڵەرەوان ڕوویان لە(سوید) کرد، بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکانیان، تیایدا ئیسلامییان ناساند لەڕووی بیروباوەڕو ڕەفتارو شارستانییەوە.

دەکرا لەئەوروپا بازنەی ئەم کۆرو سیمینارانە بەپلەبەندیی فراوان بکرێت و، لە ولاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، چاکەی زۆریش بەدوای خۆیدا بێنێت، هەروەها هەڵمەتی رۆشنبیری ئەنجام بدرێت.

بەڵام ئەم کارە تووندوتیژیانە کاتێک ولاتانی رۆژئاوایان تەنی، لەدەستپێکردنی تەقینەوەی باڵوێزخانەکان لە ئەفەریقا، تا لیدانی دوو تاوەرەکەی ئەمریکا و،تەقاندنەوەی وێستگەی شەمەندەفەر لەپاریس وبەرلین وئیسپانیاو لەندەن، تا دەگاتە ئەو قەسابخانانەی لە عیراق ڕووياندا.

هەروەها لەسعودیاو هوتێلەکانی ئوردن و...هەلێکی گەورەی میژوویی دایە دەست هێزە زایۆنییەکان، بۆ هێرش کردنە ئیسلام وگەمارۆدانی بانگەوازەکەی لەرۆژ ئاواو، تەنگەتاوکردنی ڕەوەندی ئیسلامیی.

گەمارۆدانی ڕەوەندی ئیسلامیی لەرۆژ ئاوادا، لەرووی ئاساییش ودارایی وکۆمەڵایەتییەوە، بە قازانجی جولەکەو زانیۆنیزم شکایەوە، چونکە گەشەسەندنی ڕەوەندی ئیسلامیی، لە گشت لایەنەکانی ژیان دەکرا بەرۆیشتنی کات سنورێك بۆ دەسەڵاتی زایۆنیزم دابنێت، لەسەر سەرچاوەکانی بڕیاردان، ئەوکاتە بەلانی کەم، ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای دەوەستاند لە لایەنگیری لەکێشەی فەلەستین و،گێڕانەوەی مافەکانی گەلی فەلەستینی ستەم لێکراو.(١)

٣- سیاسەتی کافرکردن وگرتنی ڕێگای تووندوتیژی خوێناویی، هۆکارێك بوو بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی (تالیبان)، دوای ڕووداوی دوو تاوەرەکەی نیۆیۆرك، هەروەها بوە هۆی هێرش کردنە سەر عیراق و ڕوخاندنی ژێرخانی سەربازیی وئاساییش و، هەڵگیرساندنی ئاژاوەو ڕووبەڕوو بوونەوەو ڕوخاندنی ژێرخانی شارستانیی و ئابووریی وکوشتنی زیاتر لە یەك ملیۆن عیراقی،

(١) بگەڕێوە کتابی(القطاع الخيري ودعاوى الارهاب) د. محمد عبدالله السلومي، ئەم بابەتەی بەتێروتەسەلی باسکردوە، بەڵگەی زۆری هێناوە، دار البيان.

منداڵ و ژن وپیاو، ئاوارەکردنی ملیۆنەهاکەسی تر بۆ ناخۆو دەرەوەی عیراق.

گشت ئەم ڕووداوە تێکدەرانە، تاتەرازووی ناوچەکەیان شێواندو شەڕێکی تایفەگەریی لەناوچەکە هێنایە کایەوە، تەنیا قەوارەی زایۆنی لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە قازانجی کرد، تاکو بتوانێ پرۆژەیەکی نیشتەجێکردن لە ناوچەکە دابنێت بۆ زاڵ بوون بەسەریدا، هەروەها بۆ بنبڕکردنی پرۆژەی عەڕەبی ئیسلامیی بۆ ڕابوون و هەستانەوە، هەروەها ئێران قازانجیکرد، توانی بخزێتە نێو خاکی عیراق و شام ودوورگەی عەڕەبی و یەمەن.

٤- ئەوسیاسەتە بەکافرکردنەی گرتبویانە بەر لە: (میسرو جەزائیرو مەغریب و سعودیاو عیراق و)وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەرگای واڵاکرد بەڕووی ڕێکخراوە سیخوڕیی ودوژمنکارە نهێنییەکان، بخزێنە نێو مەیدانی کوشتن وتەقینەوە،کە گشتیی لەسەر گروپە تەکفیرییەکان حسێب کراوە.

پاشان بەم هۆکارە هێرش کرایە سەر ئیسلام وموسڵمانان، بووە هۆکارێکیش، کە ئیسلام بخرێتە نێو قەفەسی تۆمەتبارییەوە، لە هەموو لایەکەوە تیری ژەهراویی ئاڕاستە دەکرا.

هەروەها شێخ (عەلی خضیر) لە فەتواکانی پاشگەز بوویەوە لەبابەتی کافرکردن، دەڵێت: ئەم کارەی بۆیە کرد، تاکو پاکانەی خۆی بکات لەبەرامبەر خودای بەرزومەزن[1] .

هەروەها کۆمەڵەی فیقهی ئیسلامیی لە یەکگرتووی جیهانی ئیسلامیی، لە خولی هەڤدە، کە لەشاری مەککە بەسترا، لە(١٩-١٤٢٤/١٠/٢٣ك — ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٧ ز) سەرنجی دایە بابەتی تەقینەوەکان وهەڕەشە تیرۆرستییەکان(شوێنەوارەکانی بڕیاری شەرعی، هۆکارەکانی خۆپاراستن لێی) لێکۆڵینەوەی فیقهی لەلایەنی گەورە زانایانی جیهانی ئیسلامیی

(١) الإرهاب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٣٠.

پێشکەشکران، گشتی جەختی دەکردەوە لەسەر(قەدەغەیی ترساندن و هەڕەشەی کوشتنی بەناهەق، هەرچی پەیوەندی هەبێ بە شەڕو ڕێگریی و،مەترسیی خستنە سەر ڕێگاکان وگشت کارێکی تووندوتیژیی و،هەڕەشەیەك ترس لای خەڵکی دروست بکات، یان ئازاریان بدات، یان ژیان وئازادی وئارامیی و بارودۆخیان بخاتە مەترسییەوە.

یەکێك لەم کارە مەترسیدارانە: زیان گەیاندنە بەژینگەو شوێن ومووڵکی گشتیی وتایبەت، یان سەرچاوە سروشتییەکان بخرێنە مەترسییەوە، ئەمانە گشتیان کاری خراپەکارین لەسەر زەوی، کە خودا موسڵمانانی لێ قەدەغەکردووە، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾﴾ القصص: ٧٧ .

واتە: لەزەویدا بەشوێن خراپەدا مەگەڕێ، بەڕاستی خوای گەورە خراپەکارانی خۆش ناوێ.

کۆمەڵی فیقهی ئیسلامیی، هۆکارەکانی تیرۆری بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە گەڕاندەوە:

١- شوێنکەوتنی فەتوای نامۆو وتەی لاوازی بێ هێز، وەرگرتنی فەتوا و ڕێنمایی، لەلایەن کەسانێکەوە،کە متمانە بەزانست وئایینیان ناکرێت و دەمارگیرن بۆی.

٢- زیادەڕۆیی لە دژایەتیی ئایین و،بریندارکردن وسووکایەتیکردن وگاڵتەجاریی و، بەڕاشکاوانە دورخستنەوەی لە کاروباری ژیان، چاوپۆشیکردن لە هێرشەکانی مولحید ولاڕێبووەکان، بەچاوی سووك سەیرکردنی زانایان و پەرتوکەکان وسەرچاوەکان و کەم زانستی.

٣- ئەو کۆسپ و ڕێگریانەی لەهەندێك کۆمەڵگای ئیسلامیی لەبەردەم بانگەوازی ئیسلامیی ڕاستەقینە، بۆ ئایینی ڕاست ودروست بەرزدەکرێنەوە،کە

لە قورئـان وفەرمـوودەو بنەماکـانی شـەرع وەرگیـراون، بەپێـی تێگەیشـتنی زانایانی پێشین (هاوەڵان وشوێنکەوتوان وزانایـانی باوەڕ پێکراو)، ئایینداریی فیترەتە،خودا مرۆڤی لەسەر ڕاهێناوە، هەرگیز لێی بێ پێویست و بێنیاز نابن، هەرکاتێ لەزانیاری دەربارەی ئایینی ڕاستەقینە بێبەش بوون، ئەفسانەو کاری پڕوپووچ دەگرنە باوەش، پەرتەوازە دەبن، شوێن ئارەزوو قرچۆکی دەکەون.

٤- سـتەمی کـۆمەڵایەتیی لە هەنـدێ کۆمەڵگاکـان و،نەبـوونی خزمەتگوزاریە سەراتەییەکانی وەک:(خوێندن و داوودەرمان وکار، بڵاوبوونەوەی بێکاریی و نەبوونی هەلی کار و ڕووخانی ئابوری ودابەزینـی ئاستی داهاتی تاک)، هەموو ئەمانە هۆکاری بێزاریی وەدەدەسەرییـن، کە دەرەنجامەکەی باش نابێت و، کاری تاوانکاری لێدەکەوێتەوە.

٥- سـەروەرنەبوونی شـەریعەتی ئیسـلام لەو وڵاتـانەی،کە زۆرینەیـان موسڵمانن و، دانانی یاسای دەستکردی مرۆڤ لە جێگای ئەو، هەرچەند شـەریعەتی ئیسـلام گشـت بەرژەوەندیەکانی مـرۆڤ لەخـۆ دەگرێـت، کامـڵ وبێخەوشـە لە دابینکردنـی دادپەروەریـی بـۆ موسـڵمانان وجـگە لەموسـڵمانان، ئەوانەی لەسـایەی ئیسـلامدا دەژیـن، کەیاساوشـەرعی خوایە، ئەو شـەرعەی: ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ .....ناحەقیی و باتیـڵ ڕووی تێناکـات، نەلەئێسـتاو نەلە داهـاتوودا،چونکە لەلایەن خـوای کاردرووستی سوپاسکراو دابەزیووە)فصلت: ٤٢ .

٦- خـووی خـۆزاڵکردن وئـارەزووی خـۆبردنە پـێش، وا لەهەنـدێک کەسـی سەرەڕۆ دەکاتوکە ئاژاوە بڵاوبکاتەوە، ئارامی وڵات تێکبدات، وەک سەرەتایەک بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان، بێگوێدانە شەرع ونیزام یاساو وبەیعەت دان.

هەر زانـایەکی بـاوەڕپێکراو لە جیهـانی ئیسـلامییدا هەبێـت، فەتـوای قەدەغەکردنی ئەم کارە تیرۆرستیانەی داوە، بەبەڵگەی شـەرعی سـەلماندویانە،

کە بەتەواویی پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلامە،کە خراپەی زۆری لێکەوتۆتەوە لەنێو موسڵمانان وگەلانی تردا، بەشێوەیەکی ناشیرین، دژ بەئایینی ئیسلامیی پاك و بێ خەوش قۆستراوەتەوە.

لە دەزگاو دامەزراوە زانستییە گەورەکانی سەربەخۆی ئیسلام، لەجیهانی ئیسلامییدا (یەکێتی زانایانی جیهانیی موسڵمانان)، کە نزیکەی سەد هەزار ئەندامی هەیە، لە گشت کیشوەرەکان، نوێنەرایەتی دەزگاو کۆمەڵەی فیقهیی وئیجتیهادییەکان دەکەن، ناڕەزاییان بۆ ئەم کارانە دەربڕیوە ، کە پێچەوانەی بنەماسەرەکیی ولاوەکییەکانی شەریعەتن، بنەمای تێگەیشتن ومەبەستەگشتییەکانی بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەریی مرۆڤایەتییە، هەمووی لە ڕاگەیاندنەکان ولێکۆڵینەوە شەرعییە ڕاشکاوەکان لە پەرتووکێك بڵاویان کردۆتەوە، بەناوی(الارهاب) لێکۆڵینەوەی شەرعی وردو قوڵی بەبەڵگەوە تێدایە، کە ناڕەزایی دەربارەی ئەم کارە زیانبەخشانە بەرامبەر ئیسلام وموسڵمانان ب گشتیی وتایبەت دەربڕیوە.

لەبەردەم ئەم ڕەتکردنەوە زانستیانەی جیهانی ئیسلامیی، جیهادیە تەکفیرییەکان،کە دەوڵەتیان بە بێباوەڕ لەقەڵەم دەدا، ناچاربوون لە بیرکردنەوەکانیان پاشگەز ببنەوە، دوای ئەوەی ئەو کارەساتانەی بەسەر ئوممەتی ئیسلامییان داهێنا ، بەڵکو ئیسلامییشی گرتەوە، بڕیارێکیان دەرکرد بەناوی(دەستپێشخەریی وەستاندنی تۆندوتیژیی)،کە لە(دە)ڕێگریی پێکهاتبوو:

یەکەم: گومانی بەهێز هەبێت، کە جیهادو جەنگ وڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی، هیچ بەرژەوەندییەك ناهێنێتە کایەوە، کە لەبنەڕەتدا لەپێناویدا دانراوە.

دووەم: ئەگەر جەنگکردن دژایەتی هەبوو لەگەڵ هیدایەتدانی خەڵك، یاخود لەوانەیە ئەولایەنە بەهێزتربێت، تاکە ڕێگا بێت.

سێیەم: وێتوانایی و نەتوانین،کە بەهۆیەوە گشت ئەرکەکان لادەچن ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ بەپێی توانای خۆتان، لەخوا بترسن ﴾ التغابن: ١٦

چوارەم: لەناوچوون:پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ.....بەدەستی خۆتان ،خۆتان لەناو مەبەن) البقرة: ١٩٥

پێنجەم: بوونی موسڵمانێك، یان دوو موسڵمان لە ڕیزی موشریکاندا، چونکە پیرۆزیی وحورمەتی خوێنی ئەو موسڵمانەی لەگەڵ موشریکان تێکەڵ بوە، کە لەوان جیانەکراوەتەوە،ئەوا لەبەر موسڵمانەکان، خوێنی موشریکەکان پارێزراو دەبێت، نابێت دەستیان بۆ ببرێت،بۆ ئەوەی موسڵمانان پارێزراوبن پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَآءٌ مُّؤْمِنَٰتٌ لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌۢ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِّيُدْخِلَ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ لَوْ تَزَيَّلُواْ لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٢٥﴾ ﴾ الفتح: ٢٥ .

واتە: لەبەر ئەو ژنە بڕوادارانە نەبوایە،کەئێوە نەتان دەناسین کەلە شاری مەککەدابوون،نەوەك ئێوە بێئاگایانە بیانکەن بەژێر پێوەو، دەرەنجام تیا چویان، جا ئێوەش عارو دڵتەنگیتان تووش ببا،تاخوابێخاتە بەر بەزەیی خۆی، ئەوکەسەی، کە خۆی دەیەوێ، بەڵام ئەگەرئیمانداران و کافران لەیەکتریی جیاببونایەتەوە،ئەواکافرەکانیانمان سزادەدا.

شەشەم: وتنی شایەتمان و تەوبەکردنی کەسی هەڵگەڕاوە وگەڕانەوەی بۆ باوەشی ئیسلام، گەڕانەوەی کەسی گوناهکار بۆ تاعەت و پابەند بوون.

حەوتەم: ئەگەر هاتوو ئاژاوەو خراپە،کە لەجەنگ دەکەوێتەوە، زیاتر لە

بەرژەوەندییە چاوەڕوانکراوەکان بوو، یان لەدەستدانی بەرژەوەندیەکان زیاتر لەوەی بەدی دێت.

هەشتەم: ئەمەیان تایبەتە بە خاوەن کتێبەکان ، کەپوختەکەی ئەمەیە: ئەگەر سەرانەیان دایە دەوڵەتی ئیسلامیی، ئەویش بەڵێننامەی بۆیان مۆرکرد، شەڕکردن لەگەڵیان قەدەغەیە، جا بەهەر ناوێك بیدەن، هەرکاتێك ویستیان بەڵێننامە مۆربکەن لەگەڵ موسڵمانان، پێویستە وەڵامیان بدرێتەوە، شەڕکردن لەگەڵیان قەدەغەیە،گەر وایانکرد، ئەرك ومافیان وەك موسڵمانانە.

نۆیەم: پێنەگەیشتنی بانگەواز، شەڕکردن لەگەڵ ئەوکەسە دروست نییە، ئەگەر بانگەوازی ئیسلامی پێنەگەیشتبێت.

دەیەم: بەستنی بەڵێنی ئاشتی، ئاشتی چاکترەو هەرکاتێ بەڵێنی ئاشتی مۆرکرا،شەڕکردن لەگەلیان دروست نییە، جا ئاشتینامەکە کاتی بێت، یان درێژخایەن.

پاشان گوتیان:(ئێمە وەك بەشێك لە بزوتنەوەی ئیسلامیی پێویستە ئامانجێك لەبەردەمان بێت،کە بۆی تێدەکۆشین، دەبێت هەرهەنگاوێك دەهاوێژین بزانین، تا چەند ئامانج دەپێکین، بەرزترین ئامانجی ئێمە پەیامی پێغەمبەرانە(سەلامی خوایان لەسەر بێت)،کە بۆ گەلەکانیان هێناﭐ﴿أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ﴾المؤمنون: ٣٢.

واتە: تەنها خوا بپەرستن، جگە لەو، پەرستراوێکی ترتان نییە.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە خەڵکی بکەینە بەندەی خوا، بەواتای ڕێنمونیکردنی خەڵك، پێویستە ئازایەتی تەواومان هەبێت بۆ هەر بڕیاردانێك،کە بمانگەیەنێتە ئەو ئامانجە، ئەمە ئازایەتی نییە بهێڵین شەڕ لەنێوان ڕۆڵەکانی وڵاتەکەمان هەڵبگیرسێت، دەشزانین وەك ئاش کەللەسەرو

ئێسك و پروسكی ڕۆڵەکانمان دەهارێ، پاشان بانگەوازی ئەم ئایینەش دەهارێت، بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کردی، کاتێ بینی بەرژەوەندیی لەشەڕکردن نییە لەگەڵ قوڕەیشییەکان، بەڵێننامەی لەگەڵ مۆرکردن، تا عومەر(ڕەزای خوابی لێبێت) گوتی:(ئایا دەکرێ سەریان بۆ دانەوێنین؟

لەئازایەتی پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم)، (خالیدی کوڕی وەلید) فێربوو پاشەکشە بە لەشکرەکە بکات، لەجەنگی(مۆئتە)، شەڕی نەکرد، تا هەندێ لەموسڵمانان هاواریان دەکرد لەخۆی و لە سوپاکەی:(ئەی هەڵاتوەکان ، ئەی هەڵاتووەکان).

لەپێغەمبەرمانەوە(صلى الله عليه وسلم) وەرمانگرتوەو، فێری بووین،پاشان دەست پێشخەری ڕاگرتنی کرداری چەکداریمان لەمیسر کرد.

شێخ قەرزاوی دەڵێت: (هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی لەمیسر، پاشگەزبوونەوەیان لەهزروفیکرو هەڵوێستەکانی پێشوویان و، بەهەڵەزانینی هەڵوێستەکانیان، لەئازایەتیان بوو، پاشان دەرچواندنی زنجیرەی(ڕاستکردنەوەی چەمکەکان) پشتگیری لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵەکانی توندڕەو دەکات، وەڵامی ئەوکەسانە دەداتەوە، کە دەیانەوێ تەنیا بەڕووبەڕووبوونەوەی ئاسایش کاربکەن، ڕووبەڕووبوونەوە لەوانەیە شکستی تێدابێت، ناچاریان بکات هەڵبێن بۆ مۆڵگەکانیان، بەڵام کێشەی هزری و فیکریی هەردەمێنێتەوە، لەنێو سەردا جووڵە دەکات، تالە هەڵێکدا دووبارە، بەناوێکی ترو شکڵێکی تر سەرهەڵدەداتەوە)[1].

---

[1] الامه الوسط- گۆڤارێکی وەرزییە، (یەکێتی زانایانی جیهانیی موسڵمانان) دەریدەکات- دۆسیەی ژمارە:الارهاب فی میزان الاسلام)٢٠١٥، ژمارە:٦،(الاسلام والعنف، نظرات تأصیلیة)ی د. یوسف قەرەزاوی، ل ٩-٤٩).

بەندی چوارەم

بەڵگەکانی تەکفیرییەکان و گفتوگۆ کردنی

١- لەخەڵك بە کافر زانیندا:

تەکفیرییەکان لەعێراقدا، هەرکەسێك لە کردەی سیاسیی بەشداری کردبێت، بە کافریان لەقەڵەم داوە، بەبەهانەی پشتیوانیکردن لە داگیرکەر، بێگەڕانەوە بۆ ڕاڤەوتەفسیری باوەڕپێکراوی کۆن ونوێی قوڕئانی پیرۆز، لەئایەتەکانی دۆستایەتی (الولاء)،هەروەها بێ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوکەسانەی چوونەتە نێو کردەی سیاسییەوە، لەڕووی فیقهی بنچینەیی واقیعییەوە، چونکە هیچ زانیاریان نییە دەربارەی ئەو زانستانە،شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتوون، هەروەها بۆئەوەی بگەنە ئەو ئامانجانەی، ژیرمەندان وزانایان وسیاسەتمەدارەکان بەچاکی دەیزانن.

ئێستا بزانین زانایانی ڕاڤەی قوڕئانی پیرۆز دەربارەی ئەوئایەتانە چ دەڵێن:

- پەروەردگارەفەرموێ:

﴿ لَا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ تُقَىٰةً ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨﴾ ﴾ آل عمران: ٢٨.

واتە:نابێ بڕوادارانکافران بگرن بەدۆست و پشتیوان و

یارمەتیدەریان،هەرکەسێك کافران بکاتە دۆستی خۆی،ئەوە هیچ پەیوەندی ئیمانیی بەخواوە نییە، مەگەر لێیان بترسن و،بتانەوێ لەشەڕیان خۆقوتار بکەن و خۆبپارێزن،ئەوا لەوکاتەدا چاك وایە بەڕواڵەت دۆژمنایەتی نەکرێن،خوای گەورە دەیەوێ ئێوە هەرلە زاتی خۆی بترسن و وشیار بن،چاکیش بزانن، کە چارەنووس و گەڕانەوەی هەمووشتان لەقیامەتدا، تەنها بۆلای خوایە.

- هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥١ ﴾ المائدة: ٥١ .

واتە:ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! جولەکەکان و گاورەکان مەکەنە دۆست و پشتیوانتان و، خۆشەویستیتان بۆیان دەرمەبڕن،چونکە ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و یارمەتیدەری هەندێکیانن، هەرکەسێکتان دۆستایەتیان لەگەڵ بکات و بیانکاتە یارمەتیدەرو دۆستی خۆی،ئەوا ئەوکەسە لەوانەو بەوان دادەنرێ.

پێشەوا (طەبەڕی) دەڵێت: ئەمە قەدەغەکردنێکە لەلایەن پەروەدگارەوە، کە موسڵمانان، کافران نەکەن بە دۆست وهاوکارو پشتیوان، یارمەتیات بدەن لەسەر ئایینان، دژی موسڵمانان پشتیوانیان بکەن، کەموکوڕی موسڵمانان بۆیان ئاشکرابکەن، هەرکەس ئەم کارە بکات،ئەوا لەخواو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دوورەدەکەوێتەوە، بەهەڵگەڕاوە حسێب دەکرێت، دەچێتە خانەی بێبڕواوەڕییەوە، مەگەر بۆ خۆپارێزی بێت لە شەڕی بێبڕواوەران، مەگەر لەژێر دەسەڵاتی بێبڕواوەڕان بژی، مەترسی لەسەر سەروماڵی هەبێت،ئەوکاتە دەتوانن بەزمان

دۆستایەتیان بکەن،بەڵام لەسەر بێباوەڕیان پشتیوانیان نەکەن ، لەدژی موسڵمانان هاوکاریان نەکەن.

(طەبەری) دەربارەی ئەم بابەتانە لە: (عبدالله کوڕی عەببباس وسەدی وموجاهیدو ڕەبیع و زەحاك و حەسەن) دەگێڕیتەوە (خوا لێیان ڕازی بێت)[1].

ئەم ئایەتانەو هاوشێوەکانیان دەربارەی دووڕووەکان دابەزین،کە دۆستایەتی جولەکەکانیان دەکرد، وەك (عبدالله کوڕی سەلول)، کە هاپەیمانی جولەکە بوو، لەکاتێکدا ئەوان بەئاشکرا دووژمنایەتی خواو پێغەمبەریان دەکرد، خودا ئایەتی نارد، فەرمووی: گەر بەردەوام بێت لەسەر هاوپەیمانی بۆیان، هێتە یەکێك لەوان، لەخواو پێغەمبەر بێبەریە.

لەگێڕانەوەیەکی تردا، (عوبادەی کوڕی سامیت) (خوالێی ڕازی بێت) بێبەری خۆی ڕاگەیاند لە هاوپەیمانی جولەکە، هەموو ڕاڤەکارانی قورئان و فەرموودەناسەکان لەسەر ئەو ڕایەن.[2]

کەواتە: بەکۆدەنگی موفەسیران، دۆستایەتی بێباوەڕان، واتە: لەئایینداوەك ئەوان بی، دژی موسڵمانان یارمەتیان بدەیت، خۆش ویستنیان، سیخوڕی کردن بۆیان، مەیلت بەلایاندا هەبێت.

بابێینە سەر باسی سەرکردەکانی (حیزبی ئیسلامیی عیراقی) و وتارێژەکان وبانگەوازکاران، کە بەناو (قاعیدە) بەکافریان لەقەڵەم داون، ئایا ئەوان چوبوونە سەر ئایینی داگیرکەر ؟

ئایا پشتیوانیان لێکردن دژی موسڵمانان ؟

ئایا سیخوڕیان بۆکردن ؟

---

(١) الطبري: ٢٧٤/٤ وما بعدها.

(٢) الرازي: ١٢/٨، القرطبي: ٥٧/٤ و ٢١٦/٦، المحرر الوجيز لإبن عطية: ٤١٩/١، فتح القدير للشوكتني: ٣٣١/١ و٤٩/٢، ابن عاشور: ٢٣٩/٦.

لەوڵامدا دەڵێین:

- ئەمانە هەموویان داگیرکردنە ئەنجلۆئەمریکییەکەیان ڕەتکردەوە، بۆ عیراق، پێش داگیرکردن، لە وتارو دەرس و ئاڕاستەکردنەکانیان، لەکاتی هێرشی سەربازییدا، بانگی خەڵکیشیان کرد بۆ خەبات وجیهادکردن دژیان.

- دوای داگیرکردنیش ڕەتیان کردەوە، بەرهەڵستیانکرد لەڕووی سیاسییەوە، ئامانجەکانی داگیرکەریان شەرمەزارکرد، بەتایبەت (حیزبی ئیسلامی عیراقی)، ئەمە ڕۆژنامەکەی (دارالسلام)و کەناڵی ئاسمانی (بغداد)و بەیاننامەو ڕاگەیاندنەکانی سەرکردەکانیان لەئەنجومەنی حوکم ،یان نیشتیمانی ونوێنەران، لەگشت ئاستەکاندا ، بۆ ڕاگەیاندنی عەرەبی وبیانی، بەئازادی و بەبێ دوو دڵیی و ترسەوە، قسەیان لەسەر ئەوتاوانانە کرد، کە لە عێراق ئەنجامیدا.

- لەکەناڵەکانیاندا ڕایانگەیاند: بەرگریی ڕەوای نیشتیمانی و ئیسلامیی، مافی ڕەوای گەلی عێراقە، بەرهەڵستیکردن و ڕووبەڕووبونەوەی دروست نییە.

- ڕێگریان لەهیچ ئەندامێکی حیزبەکە نەکرد،گەر ویستبای بچێتە ڕیزی بەرگریی ڕەوای نیشتمانییەوە.

بەهۆی ئەم سیاسەتەوە، داگیرکەر ئازاری حیزبی ئیسلامییدا، بەهەڵکوتانە سەر بارەگاکان ودەستگیرکردنی ئەندامەکانی، تا گەیشتە دەستگیرکردنی سەرۆکی حیزب وکوڕەکانی و، هەڵکوتانە سەرماڵ وپاسەوان و،چەکەکانیان دەستی بەسەرداگیرا!

کەواتە تەکفیرییەکان، بەچ مافێك سەرکردەو بانگخوازو پێشنوێژو وتارخوێنی ئەم حیزبەیان کوشت، هەروەها زاناو مامۆستایان بەگشتیی؟!!

ئایا لەبەرئەوەی چوونە نێو کاری سیاسیی، بۆ بەرگریکردن دژی داگیرکەرو، شەرمەزارکردنی لە ناوخۆو دەرەوە و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان؟[1] .

لەڕاستیدا هەڵوێستی بەرگریکاری ڕەواوشەرعی، ئەوانەی دوای داگیرکردنی عێراق چوونە نێو ڕیزی بەرگری سیاسییەوە، هەڵوێستێکی پیرۆز بوو:

- هەندێکیان دەیانگوت: ئێمە لەسەر سنورێکین بۆ بەرگریکردن، حیزبی ئیسلامییش لەسەر سنورێکە، بە ئیجتیهادو ڕای خۆیان.
- هەندێکی تر دەیانگوت: لە ئیجتیهادەکەیان بەهەڵەداچوون.

لەهیچ بەرەیەکی ئەوان فەتوای بەکافرکردن و فاسق کردنی حیزبی ئیسلامیی و زانایانی ئوممەت دەرنەچوو،خوێنی بەناهەقیان نەڕشت، چونکە ئەوان هەموویان ئاگاداری مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەبوون، لە کافرنەکردنی موسڵمان وفاسق کردنی بەبێ بەڵگەی شەرعی یەکلاکەرەوە.

بەڵام ئەو تەکفیریانەی ڕیزەکانی ئەهلی سوننەو جەماعەیان جێهێشت و، ڕێڕەوی خەواریجەکانیان نوێکردەوە، زۆرلەوان توندتر، خەڵکیان کافرکردو تاوانیان ئەنجامدا، کەسانی وایان کوشت،کە خەڵکی بۆ باران بارین دەیان بردنە نوێژەبارانە، بانگەوازیان بۆ ئیسلام دەکرد، خەڵکێکی زۆری گومڕا لەسەر دەستیان ڕێنومایی کرابوون.

(١) هەروەك سەرۆکی حیزب، تاوانەکانی داگیرکەری ، لە بەردەم کۆنگرەی (مۆنتانا) ی نێودەوڵەتی لە سوێسرا ، لە حوزەیرانی(٢٠٠٤)ز شەرمەزارکرد.

٢- لە بەقەڵغانکردنی مرۆڤدا(التترس):

تەترەس، هەروەك زانایانی ئیسلام ڕاڤەی دەکەن، بریتیە لە: هێرشکردنی دوژمن بۆ خاکی ئیسلام، کە موسڵمانەکان بەپێش خۆی بدات و بیانکاتە قەڵغانی مرۆیی بۆخۆیان، لەپەنایاندا خۆی حەشاربدات، ئێمە چیبکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو دەرکردنی دوژمن؟

گەر شەڕ بکەین لەسەرەتادا کەسانێکی بێتاوان دەکوژرێن، کەکراونەتە قەڵغان، گەر وازیان لێبێنین دێنە ناو وڵاتمان وڕۆڵەکانمان دەکوژن، ئافرەتەکانمان هەتك دەکەن، بەپێی یاسای کۆنی جەنگ.

گوتویانە: پێویستە شەڕ بکەین، هەرچەند بێتاوانەکانیش بکوژرێن، چونکە پارێزگاریکردن لە شکۆی ئایین و، ژیانی گشتیی موسڵمانان و، پارێزگاریکردن لە خاکەکەی و نەهێڵێ دوژمن زاڵ بێ تەمبێکردنی دوژمنان، لە ژیانی کۆمەڵێکی موسڵمان گرنگترە، چونکە ئەگەر شەڕیان لەگەڵ نەکەین، ئێمە دەمانکوژن وکۆمەڵەکەش دەکوژن، ئینجا گەرنەوان لگەڵ ئێمەبوونایە، دەبوایە بجەنگێن، بەیەکەوە شەهید بین، بەهەر شێوەیەك بێت ئەوان شەهیدن، بەخوێنی ئەوان، بەرژەوندی باڵای ئیسلام بەدەست دێنین.

پێشەوا (سەرخەسی) دەڵێت: (گەر دوژمنان منداڵەکانی موسڵمانانیان کردە قەڵغانی مرۆیی، پێویستە ئەوەی تیریان بۆدەهاوێژێت، مەبەستی موشریکان بێت، هەرچەندە دەزانێ، بەر موسڵمان دەکەوێت)[1].

پێشەوا غەزالی دەڵێت: (گەر کافروبێباوەڕان خۆیان دایە پەنای کۆمەڵێك لە دیلی موسڵمانان، گەر ئێمە بوەستین لە کوشتنی ئەوان،ئەوا بەسەر وڵاتی

[1] المبسوط: ١٥٤/١٠، ١٥٨، بیروت، دارالمعرفە، ١٤٠٦.

موسڵمانانداا زاڵ دەبوون وگشت موسڵمانانیان دەکوشت، گەر تەقە لە دوژمنانیش بکەین موسڵمانەکان دەکوژرێن، کەهیچ تاوانێکیان نییە، بەڵام پاراستنی موسڵمانان بەگشتیی و وڵاتەکەیان گرنگترە، مەبەستێکی سەرەکیترە، چونکە باش دەیزانین،کە مەبەستی شەرع، کەمکردنەوەی کوشتنە، ئەمەش ئاماژەیە، کە ئەمە مەبەستی شەرعە، نەک تەنیا بەیەک بەڵگە).[1]

ئیبنو تەیمیە دەڵێ: (هەروەها "بابەتی بەقەڵغانیکردن" کە شەرعناسان(الفقهاء) باسیدەکەن،کەوا جیهادکردن بۆ نەهێشتنی شەڕی بێباوەڕانە، ئەنجامدانی زیانی کەمترە لە ئەنجامنەدانی، بۆیە شەرعناسان کۆدەنگن، هەرکاتێ لادانی مەترسیی لەسەر موسڵمانان، تەنیا بەکوشتنی بەقەڵغانکراوەکان دەبێت،ئەوا دروستە ئەنجام بدرێت.[2] .

تەکفیرییەکان بەنەزانییەوە ئەم بابەتە دەکەنە بەڵگە، ئەوان شوێنێك لەنێو بازار دەتەقێننەوە، دەیان کەس لە ئافرەت و منداڵ وپیاو دەبنە قوربانیی، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلێکی ئەمریکی بەشەقامدا دەڕوات، یان وەستاوە، هەروەك لەگەڕەکی(حی العامل)لە بەغداد ڕوویدا،کە دەیان منداڵ کوژران، کەلەدەوری ئۆتۆمبیلێکی ئەمریکی کۆببونەوە، لەکاتی تەقاندنەوە لەوێدا.

هەر زانایەکی شەرعزان پرسیاری ئەم بابەتەی لێبکەی، دەڵێت: بڕیاری ئەم بابەتەو هاوشێوەکانی چ پەیوەندییەکی بەبابەتی بەقەڵغانکردنەوە هەیە؟

نە داگیرکار خەڵکی شارێکی کردۆتە قەڵغان، نە لەنێوخۆدا نەیکردونەتە قەڵغان، کەواتە تاوانی ڕێبوارانی شەقامێکی قەرەبالغ چییە؟ کاتێك ئۆتۆمبیلەکانی ئەمەریکی بەڕیدا دێن، دەیتەقێننەوە،کە بەهۆیەوە دەیان کەس دەبنە قوربانی، هەزاران پیاووئافرەت ومنداڵ بەم شێوەیە کوژراون.

---

(١)المستصفى.١/١٣٩،ط١,مصطفى محمد,١٣٥٦هـ - ١٩٣٧م

(٢) مجموع الفتاوى، ٢٠/٥٢،ط١، الرياض.

سەیر ئەوەیە: سەربازە ئەمریکیەکان ڕزگاریان دەبێت، یان یەك دانە دەپێکرێت! چونکە ئەوان لەنێو تانك وزرێپۆشدا خۆیان حەشارداوە، خەڵکیش لەسەر شەقام بێ هیچ پارێزەرێك، ئەوانەی وەستاون دەکوژرێن، لاشەیان لەهەموولاوە پارچە پارچە دەبێت.

سروشتی شەڕی کۆن ونوێ جیاوازیەکی بنەڕەتییان هەیە، لە جەنگە نوێیەکاندا، بەقەڵغانکردنی موسڵمانان و ئەوانی تر نەماوە،ئێستا سوپا لە وشکانی ودەریاو ئاسمان هێرش دەبات، دەچێتە نێو شارەکەو، وێرانی دەکات، بە هێزی تەکنۆلۆجیای زەبەللاح، ، وەك جەنگە کۆنەکان پێویستی بەقەڵغانکردن نییە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزانە، پێویستە شێوازی سەردەمیانە و ڕاستەوخۆ بێت، بەتایبەت لەشوێنی کۆبوونەوەیان وهێڵی هێزی پشتیوانیان، ئەوەی لە شارە قەرەباڵغەکانی عێراق ڕووەدات، کاتێك هێرش دەکرێتە سەر تانك، یان زرێپۆشێکی ئەمریکی، دەبێتە هۆی کوژرانی دەیان منداڵ و ژن وپیاوی سڤیل، کە لەناکاو بەوێدا دەڕۆن، ئەم بابەتە چ پەیوەندی بەبابەتی بەقەڵغانکردنەوە هەیە؟

پاشان لەلێدانی دوژمن لەکاتی موسڵمانانی کردۆتە قەڵغان، پێویستە پارێزگاری لە ئایین وناموس وگیان ومااڵی موسڵمانان بکرێت، کارئاسانی بۆ دووژمنان نەکرێت بۆ لێدانی موسڵمانان، لەکاتێکدا ئەوەی ئێستا بەم ناوە ڕووەدات، ڕێك پێچەوانەیە، بەشێوەیەك بەکەم زانینی سەرو ماڵ و،بەرژەوەندی وڵاتی موسڵمانان سنووری دەبەزێنرێت، ئەنجامە کردەییەکان ئەمە دەسەلمێنن.

٣- ئینجا دەڵێن: ئەوانەی دەمرن هەریەکەو بەپێی نیازی خۆی دەمرێت، گومانی تێدا نییە ئەوەی دەمرێ، لەڕۆژی دواییدا، بەپێی نیاز وکرداری خۆی،کە لە دونیا ئەنجامیداوە، لێپێچینەوەی لەگەڵدا

دەکرێت، ئینجا گەر موسڵمان بن، یان فاسق، یان دووڕوو، یان بێبارەڕ، ئایا نیازی کوژراو بکوژەکە لە سزای بەهێزی خوا دەرباز دەکات ؟

ئەم دوژمنکارییە، چ پەیوەندی بە نیازەکەیەوە هەیە ؟

پیاوێك کۆمەڵێك کەس دەکوژێت، پاشان دەڵێت: کارەکەم ڕەواو شەرعی بوو، چونکە ئەوکەسەی من کوشتم لەسەر نیازی خۆی مردووە، ئایا ئەمە هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکان نییە ؟

گۆڕینی دەقەکانی قورئان و فەرموودە نییە ؟

دەست درێژیکردنە سەر گیانی مرۆڤ نییە ؟

ئەدی ئەوەنییە خوای بەرزومەزن دەفەرموێت: ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً ﴾الأنفال: ٢٥ .

واتە:خۆتان بپارێزن لەفیتنە و بەڵایەك، کەبەتایبەتی تووشی ستەمکارانتان نابێت (هەمووتان دەگرێتەوە)،بشزانن،کە تۆڵەوسزای خوا زۆرسەختە.

پێشەوا (قورتوبی) دەڵێت: (ئیبنو عەبباس دەڵێت: خودا فەرمانی بە بڕواداران کردووە،کە بەکاری خراپە ڕازی نەبن لەنێو خۆیاندا، نەوەك سزای خوا بەگشتی بۆ هەموویان بێت).

پێشەوا موسلیم لە سەحیحەکەیدا دەگێڕیتەوە: (عن زينب ب٠نت جحش، أنها سألت رسول الله(صلى الله عليه وسلم) فقالت يارسول الله أَنُهْلَكُ وَفينا الصالحون؟ قالَ: نَعم إذا كثُرَ الخَبَثُ)[1] .

پێشەوا(تورموزی) لە پەرتوکەکەیدا دەگێڕیتەوە (إنَّ الناسَ إذا رَأوا الظالِمَ فَلَم يَأخذوا عَلى يدَيهِ أوشَكَ أَن يَعُمَّهمُ اللهُ بِعِقابٍ من عِندِهِ)[2] .

---

(١) صحيح مسلم: ٢٨٨٠ و ٣٣٤٦.

(٢) الترمذى: ٢١٦٨، ابو داود: ٤٣٣٨، ابن ماجة: ٤٠٠٥، قال الترمذى حديث حسن صحيح.

پێشەوا بوخاری لە ئیبن عومەر دەگێڕێتەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) : قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) اذا أنزل الله بقوم عذابا، أصاب العذاب من كان فيهم، ثم بعثوا على أعمالهم)[1] .

پێشەوا (مسلم) لە (عبدالله ی کوڕی زوبێر) دەگێڕێتەوە: (أنَّ عائِشةَ قالت: عَبَثَ رسولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) في مَنامِهِ، فَقُلت يارسول الله صنَعتَ شَيئاً في مَنامِكَ لم تَكُن تَفعَلُهَ، فقالَ (العَجبُ إنَّ ناسا مِن أُمَّتي يَؤُمَونَ بِالبَيتِ بِرَجُلٍ من قُرَيش، قد لَجأ بِالبَيت، حتى خُسِفَ بِهِم، فَقُلنا يارسول اللهِ إنَّ الطّريقَ قد يَجمَعُ النـاسَ، قـالَ نعَـم، فـيهِمُ المستَبصِـرُ وَالمجبـورُ وابـنُ السَّـبيلِ، يَهلِكـونَ مَهلَكـاً واحِـداً وَيَصدرونَ مَصادِرَ شتّى، يَبعَثُهُمُ اللهُ عَلى نِيّاتِهِم)[2] .

قورتوبی دەڵێت: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی،کە لەنێوچوونەکە گشتییە، بەشێکی پاککردنەوەی بڕوادارانە، بەشێکی سزادانی فاسقەکانە.[3] .

ئەم ئایەت وفەرموودانە باسی یاسایەك لەیاساکانی خوا دەکەن، لە سزادانی گەلانـی لە خـوا هەڵـگەڕاوە،کە لەلایەن خـوداوە سـزایان بـۆ دێـت، بەهـۆی دانایـیەك، کە خۆی دەیەوێ و دەزانێت،جا ئایا تەکفیرییەکان خۆیـان بە پێوەری خودا دەپێون ؟!!

لەئـایەتەکەدا خـودا ئاگادارمـان دەکـاتەوە لەو فیتنەوئـاژاوانەی،کە خەڵکـی سـەرپێچی فەرمـانی خوادەکـات تیایـدا، ڕاسـتی وناڕاسـتی تـێکەڵ دەکەن، قورئان وفەرموودە بەشێوەیەکی ناڕەوا لێك دەدەنەوە، نامەی کردەوەکانیـان لێیـان پـێش دەکەوێـتەوە، یاسـای خـوا لەسـزادانی تاوانبـاران بە شـێوەیەکی گشـتیی جێبەجـێ دەبێـت، چـونکە بەشـێکیان کـاری ناڕەوایـان ئەنجامـداوە، سـنووریان

(١) صحيح البخارى: ٧١٠٨، مسلم: ٢٨٧٩.
(٢) صحيح مسلم: ٢٨٨٤.
(٣) القرطبى: ٤٨٨/٩.

بەزاندووە، بەشەکەی تریش ڕەزامەندی پیشانداوە، ڕێگریان لێنەکردوە، بەدیتنی ئەم خراپانە ڕوخساریان سور هەڵنەگەڕاوە، خوداش سزای دان، هەرخۆی بەدیهێنەرو دادوەرو بەدەسەڵاتە، لەهیچ کارێك پرسیار لەکارەکانی ناکرێت چی بیەوێ دەیکات ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴾ الأنبياء: ٢٣ .

دوای ئەوەی ئاگاداری کردنەوە، کە شوێنکەوتەی ئایین خۆیان بن، دان بە خراپەدا نەنێن، هەروەك لەفەرموودەکی ئیبن عەبباسدا هاتبوو، نەوەك سزاکە بە گشتیی بۆیان بێت ، فەرموودەکانی تریش بە گشتیی بەم مانایە هاتوون.

واتە: خەڵك ستەمکاریان بینیوەو ڕێگرییان لێنەکردووە، خودا سزای بۆ هەموویان ناردووە، یاسای خوداش ئاوایە: گەلێك شایستەی سزانەبێت، سزای نادات، چونکە پێغەمبەرانی بۆ ڕەوان کردوون،کە بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنومایییان کردوون ، پاشان سەرپێچییان کردووەو تاوانیان ئەنجامداوە.

دەربارەی ڕۆژی قیامەت، قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧١﴾ ﴾ الزمر: ٧١ .

واتە:ئەوسا ئەوانەی بێباوەڕبوون ،بۆ دۆزەخ کۆمەڵ ڕاپێچ دەکرێن ،تاکاتێ دێنە نزیکی دۆزەخەوە،دەرگاکانی دەکرێنەوە،دەرگاوانەکانی دۆزەخ بەوان دەڵێن: ئایا پێغەمبەرانتان بۆ نەهات،کە ئایەتەکانی پەروەردگارتان بەسەردا بخوێنندەوە و بتانترسێنن لەگەیشتنتان بەم ڕۆژە؟ دەڵێن: بەڵێ، بەڵام بڕیاری سزادراوە بەسەر کافراندا.

ئایا تەکفیرییەکان، بۆ لەنێو بردنی مرۆڤ، ماف بەخۆیان دەدەن ؟

خۆیان بەپێوەری خودا دەپێون ؟

ئایا مافی هەڵسوکەوتکردنیان لە بوونەوەردا هەیە؟ تاکو بڵێن: ئێمە دەیان منداڵ دەکوژین، کە لەدەوری ئۆتۆمبێلێکی ئەمریکی کۆبوونەتەوە، کوشتنەکەش بە ڕەوا بزانن ؟

گشت ئەو دەقانەی پێشتر باسمانکردن، کە خۆی لە بیریاوەڕی ئەهلی سوننەوە جەماعەت دەبینێتەوە، ئەوکردارانە بەهەموو شێوەیەك بەگشتیی ڕەتدەکاتەوە، هیچ زانایەکی سەرزەوی، کە ڕێز لەزانستەکەی بگرێت ،ئەم لێکدانەوە ناڕەوایە قەبول ناکات.

ئەم بڕیارانەی لەعێراق و، دەرەوەی عێراق بەنەزانینی بەڕاستییەکانی ئیسلام دەرچوون، گومڕایی و دڕێژە پێدەری بیدعەی ڕابردووە، کەلەمێژووی ئوممەتدا سەریهەڵداوە، هەروەها دوژمنکارییەکی ئاشکرایە.

ئەو برایانەی لە بزوتنەوەی کۆمەڵگای ئاشتی جەزائری، بەسوپاسەوە بانگێشتیان کردبووم بۆ ئامادەبوون لە چالاکی هاوینەی زانکۆکان ساڵی (٢٠٠٦ز)،گوتیان: کاتێك تەکفیرییەکان زانای بەڕێزو بانگەوازکاری چەلەنگ، شەهید(محمد بوسلێمانی)یان شەهیدکرد، کەجێگری خوالێخۆشبێ(محفوظ نحناح) بوو، چەند ڕۆژێك هێشتبوویانەوە، داوایان لێدەکرد ببێتە موفتی ئەوان، فەتوایان بۆ بدات لەسەر جائیز بوونی قەسابخانەو تیرۆرکردنیان،کە دەیکەن، چونکە هیچ زاناو موفتی لای ئەوان نەبو، ڕێگە بە کردەوە خۆیناویەکانیان بدات،

ئەویش ڕەتیکردەوەو گوتی: ئەگەر باوەڕتان بەزانستی من هەیە، ئەو کارە خوێناویانەی دەیکەن، دەقاودەق پێچەوانەی شەریعەتی خوایە،من ناتوانم فەتوای بێ بنەما بدەم!

بۆیە کاتێك داواکاریەکەیان سوودی نەبوو، گۆشاوگۆش سەریان بڕی.

ئەم ڕووداوە لەلایەن چەند کەسێك گێڕدراوەتەوە، کە تەوبەیان کردبوو، کەوتبوونە بەر لێبوردنی گشتیی، سەردانی مااڵی شەهیدو برایانیان کردبوو، باسی سەربڕینی زانای پایە بەرز (محمد بوسلیمانی)یان بۆکردبوون.

بەڕێز دکتۆری پێشەوا(عبدالعزیز)ناسراو بە(د.فضل) دانی بەم کارەدا هێناوە،کە یەکێك بووە لە سەرکردە باڵاکانیان، مەبەست: سەرکردەی باڵای کۆمەڵی جیهادی میسری، لەنامەیەکی شەرعی گرنگی بەناونیشانی:(ڕێنومایییکردنی جیهاد لە میسڕو جیهانی عەرەبی)، کە ئێستاش حوکم دراوە لە بەندیخانەی(طرە)ی میسری، لەدیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی(الحیاة)ی لەندەنی، گوتی: لەنێو قاعیدەدا، کەسێك نییە توانای زانستی هەبێت، تاکو وەاڵمی بدرێتەوە، چونکە هەر لە (بن الادن)ەوە تا (زەواهیری) و ئەوانی تریش، عەوامن، عەوامیش لەڕووی شەرعەوە، حسێب بۆ قسەکانیان ناکرێت ، هەرچەند قسە بکات.[1]

(١) ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی، ژمارە: ١٠، سیبتیمبەر: ٢٠٠٧ز.

بەندی پێنجەم

هۆکارەکانی بەکافر کردن

چەندین هۆکار هەیە بۆ سەرهەڵدانەوەی مەنهەجی کافر کرکردن لە سەردەمی نوێدا،لەم چەند خاڵەدا کورتی دەکەینەوە:

١) سەرهەڵدانی کافرکردن بەم شێوە بەربڵاوە، لە وڵاتانی ئیسلامییدا، دەرەنجامێکە لەدەرەنجامەکانی عەلمانییەت و، کارکردن بە یاسای دەستکرد، بەدرێژایی سەدەکانی دوایی، کۆمەڵگای ئیسلامیی لەسایەی جێبەجێنەکردنی شەریعەتی ئیسلام، دورکەوتۆتەوە لە بنچینە پەروەردەییەکانی، لەبری ئەو یاسا دەستکردەی،کە لە کۆمەڵگایەکەوە داهێنراوە، زۆر جیاوازە لەگەڵ کۆمەڵگاکانمان، لەڕووی ئایین و میژوو داب ونەریت و شارستانییەتەوە.

لەئەنجامدا قەیرانێکی گەورەی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا نایەوە، چونکە دژایەتی هەیە لەنێوان بەها باڵاکانی ئیسلام وبەها هاوەردەکانی گەلانی تر، لەئەنجامدا ئاژاوەو نائارامی بەرپابوو، لەسیستمی خووڕەوشت وکۆمەڵایەتیی وسیاسیدا، بەواتای بەروە پێشچوونی کۆمەڵگای ئیسلامیی لۆژیکی نەبوو، گۆڕانکاریی لەنێوخۆ پێویستە ڕوویەنەدا ، سوودی لەدەرەوە نەبوو ، بەڵکو لەدەرەوە

بەسەریدا سەپێنرا، لەسایەی داگیرکەرو کلکەکانی لەنێو خۆدا.

ئەم بارودۆخە سەری کێشا بۆ یاخیبوونی ئەوگەنجانەی پابەند بوون بەئایینەوە،بەڵام لە بەرەپێشچوونی بارودۆخە ئاڵۆزەکە تێنەگەیشتن، درکیان بە هاوسەنگی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە نەکرد، نە لەڕووی ئیسلامییەوە، نە لەڕووی واقیعەوە، لەئەنجامدا وەک خەواریجەکان تەنیا لەڕووکەشەوە سەیری ئایەتەکانیان کرد: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ المائدة: ٤٤

﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ المائدة: ٤٥

﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ المائدة: ٤٧ .

واتای هەرسێ ئایەتەکە: هەرکەسێك حوکم بەقورئان نەکات ،ئەوا ئەوکەسانە: کافرن، زاڵمن، فاسقن.

پاشان لەسەرەتای پەیوەندیمان بە ڕۆژئاواوە، بیرمەندی تێگەیشتووی ئیسلامیی دەرنەکەوتن،کە گونجاندنێك بکەن لەنێوان بنەماکانی شەریعەت ولایەنە پۆزەتیڤەکانی شارستانی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای ئیسلامیی بەگیانی ڕەسەنایەتی و داخوازیەکانی سەردەم بڕوات بەڕێوە.

لەم نێوەندەدا خەڵکی بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان بەتەواوی بۆ دواوە دەکشانەوە، بێ جیاکردنەوەی ڕاست وناڕاست و نیگای پارێزراوو مێژووی موسڵمانان، کە لایەنی درەوشاوەو شکستی تێدایە، هەر شتێکی نوێ لە ڕۆژئاواوە بۆ مان بێت، ڕەتی دەکاتەوە، بێ پشکنین و جیاکردنەوە.

بەشەکەی تریش بەیەکجاری وازی لەڕابردوو هێنا، مێژوو نیگا، خۆی داوەتە دەست ئەو بیرۆکانەی،کە لەڕۆژئاواوە بۆمان دێت، بێ درک کردنێکی ساغ و تێگەیشتنی قوڵ، بۆ قۆناغی نوێ، لەڕووی بیرو واقیعەوە.

٢- موسڵمانان چوونە نێو سەدەی نوێوە، لەکاتێکدا بەدەست کارەساتی بارودۆخی ئەم دواییانە و، نەزانیی و نەخوێندەواری و برسێتیی نەوەکانییەوە دەینااڵند، ئەمەش لەئەنجامی بێ پلانی و وەستانی پێشکەوتنی شارستانی بوو، کە بوە هۆی داگیرکردنی زۆر لەوڵاتە ئیسلامییەکان، لەالیەن زلهێزە داگیرکەرەکان، خێروبێرەکانیان مژی و،خووڕەوشتە خراپە دژە ئایینەکەی خۆیان تێدا بڵاوکردەوە، یاسا دەستکردەکەی خۆیان تێدا کردە سەروەر، هەوڵیاندەدا گیانی پەرتەوازەیی لەنێو ڕۆڵەکانی بەرپا بکەن، ئەو بەها باڵایانەی هەیە، سەرەوژێری بکەن.

کاتێک وڵاتەکەیان جێهێشت، کەسانێکیان کردە سەرکردە بەسەریەوە،کە پەروەردەکرابوون لەسەر بەرنامەو ڕەوشتی خۆیان و،ڕێبازی بێ دینیان،کە بەسەختە ناویان لێنابوو عەلمانییەت.

کاتێک نەوەی نوێ بۆ بانگەوازکردن بۆ ئیسلامەکەی بزاوت ، داوای جێبەجێکردنی شەریعەتی خوایان دەکرد، لەگەڵ هێزەکانی دژە ئایین ڕووبەڕوو بوویەوە، کەلەالیەن زلهێزەکان دایان مەزراندبوون، بۆ لێدانی بزوتنەوە ئیسلامییەکان،کە لەدەستپێکدا تەنگ بەسەرکردەکانیان هەڵچنن، پاشان بەگرتن و لەبەندیخانەنان و پاکتاویی جەستەیی.

لەئەنجامی ئەم دژایەتییە درندانەیە، کۆمەڵێک لە گەنجانی نێو بەندیخانەکان، دەستیانکرد بە کافرکردنی سەرکردە ستەمکارە خوێنڕێژەکان، بەڵکو هەندێکیان پازیاندایە کافرکردنی موسڵمانان بەگشتیی، بەهۆی بێدەنگ بوونیان لەم ستەمە،کەوتونەتە نێو نەزانیی و گوناهەوە.

گەر ئیسلامییەکان لەسەرەتاوە لەم ڕاستیە نوێیە تێگەیشتبانا، بەبیرێکی ڕاست ودروستەوە ڕووبەڕووی ببانایەوە، بانگەشەیان بۆ چاکسازیی، پلەبەپلەی کۆمەڵگایان بکردایە، درکیان بە خراپەی کۆمەڵگا بکردایە، لەوانەبوو

ڕووبەڕوی ئەم ستەمکارانە نەبانایەوە، لەبری سەرقالبونیان بەمە، ڕاستییەکانی ئیسلامییان بۆ خەڵکی ڕوون بکردایەوە، نەوەی نوێیان پێبگەیاندبا، لەژێر تیشکی چەمکە میانڕەوەیەکاندا، لەڕێگای کۆمەڵە پەروەردەیی وکۆمەڵایەتیی وئابورییەکانەوە ...

مرۆڤە چاکەخوازە هۆشیارەکان، درکیان بەم هاوکێشەو پارسەنگە ڕاستە کردبوو، دەربارەی ئەمە نوسیبوویان و، هۆشداریان دابو لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، بەڵام گەرم وگوڕی لاوەکان ئەم تێگەیشتنەی لەدەست دان، ئەم بێ بەرنامەیی و ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرهەم هێنا، تا لەئەنجامەکەی گەیشتەئەوەی، لەهەندێك شوێن کاردانەوەی خراپ وبەهێزی لێکەوتەوە.

هەروەها ئەم تەوژمە تەکفیرییەی لێ دروستبوو،کەدرزی لە ڕیزەکانی موسڵمانان دروستکردو، کارەساتی بەسەر موسڵمانادا هێنا، هەروەك باسمان کرد، دوژمنەکانیش لەناوەوە دەرەوە بە خراپترین شێوە قۆستیانەوە، لەنێو خۆدا بەگومان دروستکردن لە پرۆژەی ئیسلامیی گشتگیرو میانڕەوو مامناوەند، لەلایەن عەلمانییە بێدینەکانەوە، لەدەرەوەش، ئیسلام و موسڵمانانیان خستە نێو قەفەسی ئیرهابەوە.

٣) بارودۆخی موسڵمانان لەپەرتەوازەیی ولێڵ بوونی بیروباوەڕی پاکیان، سەرەتا لەمێژوو دەستیان پێکرد، نەك لە وەحیی، هەروەها لە جێبەجێنەکردنی سیستەمی ئیسلامیی، لەڕووی ڕۆشنبیریی وئامادەباشی هێز، هاتنە نێو بەرنامەی ڕەسەنایەتی لەسەردەمی نوێدا، موسڵمانانیان کردە یەك ڕیز لە بێئاگایی لەبەرنامەی خوا و وەستاندنی گەشەکردن، دیکتاتۆریەت لە بڕیاردانی سیاسیدا، باوبوونەوەی ستەمی کۆمەڵایەتی، نەبوونی دادپەروەری لەنێو خەڵك...

هەموو ئەمانە ئۆممەتی ئیسلامییان لاوازکرد، یەکەیەکە وڵاتی موسڵمانان

کەوتنە ژێر دەستی داگیرکەران، موسڵمانان سەرەڕای دواکەوتنیان، توانیان لەم سەدەی دوایی تێبکۆشن، وڵاتەکانیان لە دەست داگیرکەر ڕزگاربکەن، بەڵام پەروەردەی داگیرکەریی، کە نەوەیەکی لەسەر پەروەردەببو، وڵاتەکانی پەرتەوازەکرد، بەهۆی دەست گرتن بەبەرژەوەندی دونیاییەوە، توشی کەوتنێکی کردن، لەکەوتنی پێشوتر دژوار تربوو، ئەمەش کاتێك داگیرکار بەهاوکاری وڵاتانی خاچ پەرست، لەسەرووی هەموویانەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕووگەی موسڵمانانی دایە دەست زایۆنیزمەکان، بۆئەوەی لەنێو دڵی وڵاتانی ئیسلامییدا (فەلەستین) دەوڵەتێکی بەهێزی ئەتۆمی دروس بکات، هات بەهۆی پەرتەوازەیی ئومەمەتی موسڵمانان و،ڕژێمی هەندێ لە سەرکردە دیکتاتۆرەکان، زەوی ئەوانی دابڕی، هەرچەند لەڕووکەش ولە نماییشە بێ بنەماکاندا، لە شەقامەکانی شارەکاندا، دژایەتی جیهانیان ڕاگەیاند، ترسنۆك بوون لەبەردەم هێزەکانی زایۆنیی و هەڕەشەکانی ئەمریکادا ڕووخان.

ئەم بارودۆخە نوێیە کارەساتبارە، لەجیهانی ئیسلامییدا، هۆکارێکی بەهێزی تری بەهێزکردنی بیری تەکفیری بوو،کاتێ نەیتوانیێ هو بارودۆخەی هەیە بگۆڕێت، لە نێوخۆو دەرەوە، پەنا بۆ توندوتیژیی و وێرانکردن دەبات، کەگەورەترین زیانی دەگەیێنێ بە پرۆژەی ئیسلامیی میانڕەو، کەتوانیبوی هۆشیاریەکی پلەبەپلە لە جیهانی ئیسلامییدا بەدی بهێنێت ، هەروەها هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئیسلام بوو، کە ڕەحمەتە بۆ بەندەکان، لەوڵاتانی بێگانە، بەتایبەت ڕۆژئاوا.

٤) نەزانی تەکفیرییەکان بە ڕاستییەکانی قورئان وفەرمودە هاوکاربوو بۆ سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە، قورئانی پیرۆز تۆڕێکی پتەوی ڕەسەنە لە ئایەتە مەزنەکان، بەزمانێکی عەڕەبی ڕەوان هاتوە، یەکلاکەرەوەو مەزندەکراووگشتی وتاییەت وبەکورتی ودوورودرێژو پێشکەوتەو دواکەوتەو بەقەیدو بێ قەید

وحەقیقەت ومەجازو هاوبەشی تێدایە، هەندێکی، هەندێکی تر ڕاڤە دەکات، بەشێکی گشتییە بەمانای تایبەت دێت، یاسایی خەڵك و ئاسۆکانی تێدایە، تێڕوانین بۆ بنەماکان و ڕێساکان و مەبەستەکان و دەرەنجامەکانی تێدایە.

تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز بەدرێژایی چاخەکان، کەسانێك خلیسکەی تێدا بردوە، بەتایبەت بیدعەچییەکان، ئەوانەی ویستیان قورئان بخەنە ژێر کاریگەری زاراوەفەلسەفیی و کەلامیی و عیرفانییەکان، کە لە ژیانی ئوممەتی ئیسلامدا ڕوویداوە، لەئەنجامی تێکەڵاویان لەگەڵ گەلانی تردا، کە ڕۆشنبیریەکی بت پەرستیی یان،هاوبەشپەرستیی،یان فەلسەفییان هەبوو، بۆیە کۆمەڵی زۆر دەرچوون، چوونەتە نێو ناکۆکی نێوخۆیی، لەمیانەی لێکدانەوە بێ بنەماکانیان، هەر گروپێك بانگەشەی ڕاستی دەکات،کە پێیەتی، ئەوانی تر بەگومڕا دەزانێت، وەك: (خەوارێج وشیعەو موعتەزیلەو موڕجیئەو تەسەووف و...).

ئینجا هەردەبێ فەرموودەی پێغەمبەرهەبێ،کە بۆ ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆز هاتووە، وەك خوای بەرزومەزن دەفەرمووێ: ﴿ بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ ۗ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ النحل: ٤٤

واتە:لەگەڵ چەندین بەڵگەو پەڕاوی ئاسمانییدا،قورئانیشمان بۆ تۆ ناردووە، بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی ڕوونی بکەیتەوە، ئەوەی بۆیان نێردراوەتە خوارەوە، بەڵکو بیربکەنەوەو تێبگەن.

فەرموودەش گشتییەکانی قورئان تایبەت دەکات، هەندێکی باسە کورتەکان ڕوونەدەکاتەوە، ڕەهاکەی موقەییەد دەکات و، وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوەو، ڕێساگشتییەکانی ڕوونەدەکاتەوەو، هەندێ ئەحکامییش،کە لقی لێدەبێتەوە دەهێنێ، جەختیش لەسەر ئەحکامە گشتیی وتایبەتەکانی دەکاتەوە.

ئینجا لەم بوارەدا، پێویستە جیاوازی لەنێوان پلەکانی فەرمووەدە لە ڕووی سەحیح ولاواز بکرێ، لەگەڵ ئەوەی بەڕوونـاکی پێغەمبەرایەتیی و وەك سەرکردەیەك فەرموویەتی.

هەروەها زانیاری تەواو دەربارەی قسەکانی هاوەڵان و شوێنکەوتوان، لە ماناکانی قورئانی پیرۆزدا، چونکە هاوەڵان ئەوکەسانەن، کەلەگەڵ سەروەرمان ژیاون، تەواو ئاگاداری بارودۆخی ئەون، زانیاریان لەو وەرگرتوە، شوێنکەوتوانیش لەوان وەریان گرتوە.

ئینجا پێویستە زانیاری هەبێت، دەربارەی ئەوزانیاریەی زانایانی ئیسلام بنیاتیاننناوە،ڕاڤەکاران وفەرموودەناسان وشەرع زانان، کە زانستێکی موبارەك و پیرۆزە،لە بنچینەوڕێساکان مەبەستەکان و ئیجتیهاداتی جۆراوجۆر، لە گشت سەردەمێکدا، ڕەچاوی پێشکەوتن وگۆڕانکاری بارودۆخیان کردوە، بەشێوەیەك چەندین مەزهەب و ڕاڕەوی جۆراوجۆریان بەرهەمهێناوە، سەروەتێکی بەرنامەڕێژی گەورەی پێکهێناوە،کە ئوممەتی ئیسلام ، لەبەرامبەر گەلانی تردا، شانازی پێوەدەکەن و، بنەماکانی جێبەجێکردن و پیادەکردنی گشتگیرو هەمیشەیی بەردەوام، بەشەریعەتە لێبوردەکەمان دەدات.(١)

زانینی وردەکاریی ئەم زانستانە، تەنیا کەسانی ڕۆچوو لەنێو زانستدا دەیزانن، بەڵکو هەر زانستێك لەوانە، پێویستی بە کەسانی زۆر زیرەك هەیە.

پاشان زانینی هەڵبژاردنی بڕیارێك لەنێو کۆمەڵێك بڕیار، زۆر گرنگە، بۆگەیشتن بە ڕای ڕاست و تەواو.

پێشەوا ئیبنو تەیمیە دەڵێت: (گەر دوو ئەرك(واجب) بەیەکەوە کۆبوونەوە، نەتدەتوانی یەکیان وەلابنێی، ئەوەیان هەڵبژێرە، کەزیاتر جەختی

(١) بگەڕێوە بۆ کیتێبمان: (دراسات فی أصول تفسیر القران)

لەسەر کراوەتەوە، ئینجا لەم کاتەدا ئەوی تریان نابێتە ئەرك و واجب، ئەوکەسەی نایکات، نابێتە وازهێنەر لە ئەرکەکان، چونکە جەخت لەسەرکراوەکەی هەڵبژاردووە، هەروەها ئەگەر دوو قەدەغەکراو(حرام) کۆبوونەوە، واز لە خراپترینیان نەدەهێنرا، مەگەر بچوکەکەیان ئەنجام بدەی، لەم کاتەدا کردنی بچوکەکەیان قەدغە نییە، هەرچەند یەکەمەکە پێی دەوترا: وازهێنان لە ئەرك وئەمەیان پێی دەوترێت: کردنی قەدەغەکراو، زیانی نییە، ئەم جۆرە پێی دەوترێت: وازهێنان لە ئەرك لەبەر هۆکارێك، کردنی قەدەغەکراوێك لەبەر پێویستیی، یان لەبەر قەدەغەکراوێکی گەورەتر).[1]

هەروەها دەڵێت: (نابێت لادانی خراپەیەکی بچوك بەهۆی کردنی خراپەیەکی گەورەوە، هەروەها نابێت زیانێکی بچوك لادەی بۆ ئەنجامدانی زیانێکی گەورە، شەریعەت هاتوە بۆ فەراهەمکردنی بەرژەوەندییەکان وتەواوکردنی نەهێشتنی خراپەو کەمکردنەوەی بە پێی توانا، هەروەها پێشخستنی باشترین یەك لەدوو چاکەکان، ئەگەر نەکرا بەیەکەوە کۆبکرێنەوە، هەروەها لادانی خراپترین یەك لەدوو خراپەکان، ئەگەر نەدەکرا هەردووکی لابدرێت).[2]

لێرەوە دەنگانێك هەیە لە جیهانی ئیسلامییدا بەرزدەکرێتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت ئیجتیهاد لەم سەردەمەدا بەکۆمەڵ بێت، وەك کۆمەڵە فیقهییەکانی ناسراو لە وڵاتە ئیسلامییەکان، بەتایبەت لە بابەتە مەترسیدارەکانی وەك: (بەکافردانان وهەڵگەڕاوە و ڕشتنی خوێن).

لەڕاستیدا ڕۆچوون لەم زانستانە، لەم سەردەمەدا بەس نییە، ئەگەر زاناکە بە قوواڵی لە گیانی ئەم سەردەمە و، بارودۆخ و پێشهاتەچوونەکانی ناوخۆو

(١) مجموع الفتاوى، شيخ الاسلام ابن تيميه، ٢٠/٥٧-٥٨.
(٢) هەمان سەرچاوە: ٢٣/٣٤٣.

دەرەوە وهەرێمیی و جیهانیی تێنەگات، چونکە لەسایەی زانستی تەکنۆلۆجی نوێدا، جیهان بۆتە گوندێکی بچوک، هەر جوڵەیەك لەهەر لایەکی بێت، کاریگەری لەسەرگشتیی دەبێت، بۆیە بەرژەوەندیی وخراپە لە سۆنگەی شەریعەت وبنەماکان و مەبەستەکانی ڕەچاو بکریت.

عەللامە ئیبنولقەییمی جەوزی دەڵێت: (موفتی و دادوەر، تەنیا بەدوو جۆر دەتوانن بڕیارو فەتوا بدەن:

یەکەم: تێگەیشتنی واقیع و هەڵێنجانی زانستی ڕاستەقینە، بە نیشانەو ئاماژە، تا بەتەواوی زانیاری پەیدا دەکات.

دووەم: تێگەیشتنی ئەرکی ڕاستەقینە، واتە: تێگەیشتنی بڕیاری خوا، کە لە نێو قورئانی پیرۆز، یان لەسەر زمانی سەروەرمان (صلى الله عليه وسلم)، لەو بارودۆخەدا بڕیارەکە دراوە، پاشان یەك یەك جێبەجێ دەکرێت.[1]

زانستە ڕووتەکان و زانینە ژیریی ومرۆڤایەتییەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێش چوون، بۆیە ڕاڤەکار، زۆر پێویستە زانیاری تەواوی بەم زانستانە هەبێت ، بۆئەوەی زیاتر لەئایەتەکان تێبگات، لەژێر تیشکی فەرمایشتی:

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت: ٥٣ .

واتە: لەمەودوا بەڵگەکانی خۆمانیان پیشان دەدەین لە ئاسۆی دنیاو لەخودی خۆیان،هەتا بۆیان ڕوون ببێتەوە،کەئەم قورئانە ڕاستە،ئایا پەروەردگارت بەس نییە، کەبەڕاستی ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکدا؟

کەواتە ئەو ڕێسا(قاعدە)یەی دەڵێت: (دەکرێت قورئانی پیرۆز لە گشت

(١) اعلام الموقعين: ١/٨٧-٨٨.

چـاخ و سـەردەمێکدا لەژێـر تیشـکی ئاسـتی شارسـتانی ئەو سـەردەمەدا تێبگەیەنرێت).

زۆر ڕاستە، قورئانی پیرۆز بۆ یەك سەردەم دانەبەزیوە،بەڵکو کراوەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ، لە هەموو سەردەمێکدا.

سـەرەڕای هەنـدێك هۆکـاری لاوەکیـی وکەسـیی ودەروونیـی، کە پـاڵ بەتەکفیرییەکانەوە دەنێت ،بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی لادەرانەو دەرکردنی فەتـوای بێ بنەمـا،کە هـیچ بنەمـایەکی شـەرعی نیـیە، بـۆ کوشـتن و ئاڕاستەکردنی گەنجەکـان بـۆ تێکـدانی کۆمەڵگـاو، پێکهێنـانی کـۆمەڵە کەسـانێك، کە هەڵدەستن بە دزی وتاڵانی ماڵی خەڵك، لەڕێگای ڕفاندن وشتی ترەوە ...

هەنـدێجار لەڕێگـای هەنـدێ گەنجـی دینـدار نـایکەن، کە بـۆ شـەڕی داگیـرکەر هـاتۆتە عێـراق، بەڵکـو لەڕێگـای دووڕوو بیـدعەچی وگـومڕاو عەلمانییەکـان دەیـکەن، کە دزەیـان کـردۆتە نێـو ڕیزەکانیـان، سـەرەڕای ڕێکخراوەکـانی نهێنـی، دزەیـان کـردۆتە نێـو ڕیزەکانیـان،کە ئاڕاسـتەیان دەکەن بەرەو کـارە خراپەکانیـان، کە وێنـای جیهـادی ئیسـلامییان ، لە پـێش چـاوی خەڵك ناشیرین کردووە.

دەرکەوتـووە هەنـدێ وڵاتـی ئیسـلامیی و نائیسـلامیی، لە ڕێـگەی داموەدەزگـا وردو ڕاهێنراوەکانیـانەوە دەسـتیان هەبـووە ، بـۆ جـوولّە پێکردنیـان بەکـاری تێکـدەرانە و کارەسـاتی خوێنـاویی، تـاکو ئیسـلام ناشـیرین بـکەن و بەرژەوەندی ئەوان بێنێتەدی.

بەندی شەشەم

چارەسەری کێشەی بەکافرکردن

ئەمڕۆ بابەتی بەکافرکردن بۆتە کێشەیەکی مەترسیدار، لەنێوان گەنجی بێتاوانی نەزان بەرامبەر ڕاستییەکانی ئایین ودونیا، هەروەك پێشتر باسمان کرد، بۆیە پێویستە چارەسەرەکە ڕیشەیی بێت، بۆ ینبڕکردنی پاشماوەکانی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگای ئیسلامیی لە دەرەنجامەکان،کە ئیسلام لەپێش چاوی خەڵك دەشێوێنێت و تێکی دەدات.

دەکرێ هەندێ چارەسەر بخەمە ڕوو، بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردە مەترسیدارە، یاخود بەلانی کەمەوە بۆ کەمکردنەوەی، ئەم چارەسەرانە لە هەمان ئەو هۆکارانە وەردەگیرێت، کە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرنامەی بەکافرکردن.:

١- زۆر پێویستە دەسەڵاتدارانی موسڵمانان، لەگەڵ ئیسلام ئاشت ببنەوە، پلان دابنین بۆ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی شەریعەتی ئیسلامیی هەرچەند بەپلەبەندیش بێت، بە پێی ڕێنماییەکانی ئەو زانایانەی،کە بەتەواویی لە بنەماکانی شەریعەت تێگەیشتوون، دەرك بە جووڵەی سەردەمی نوێ دەکەن، سوود لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفت وئاریشەکانی سەردەم وەردەگرن، وەك: لێبوردەیی ئایین و نەرمونیانی ڕێساکان وسەرنجدانی دەرەنجامەکان.

ئەم بنەماو ڕێساو مەبەستانە، ناکرێ ببنە ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوون وگەشەکردن وبنیاتنانی شارستانیی و، چوونە نێو سەردەمێکی نوێ.

تاکە هۆکاری پەرتەوازەیی وشکستی موسڵمانانیش، تەنیا فەرامۆشکردنی

ئەم بنەمـا گرنگـانەیە،کە مـرۆڤ هـان دەدات بـۆ جـوولّەکردن و، وەرگرتنـی ڕاستیانەی داهێنانە زانستیی و مرۆڤایەتییەکانی گەلانیتر.

عەلمانییەتی دژە ئایین، کە داگیرکەران بەسـەر ئێمەیانـدا سـەپاندووە، بۆتە هـۆی دوورکەوتـنەوەی موسـڵمانان لە ئیسـلام و، ڕۆڵّەکـانی پەرتەوازە کـردوون، کۆمەڵێـک دیکتـاتۆری سـتەمکاری پێشـکەش بە ئـێمە کـردووە، کە ئـوممەتی ئیسلامییان خستۆتە بەر دەرگایەکی داخراوەوە.

پابەند بوون بەئیسلامەوە، ڕاوێژو دادپەروەریی وڕیزی مـرۆڤ و مـافەکـانی دەسـتەبەر دەکـات، هەروەهـا خۆشـگوزەرانیی وپارسـەنگی کـۆمەڵایەتیی وئـابووریی لەکۆمەڵگـادا بڵاودەکـاتەوە، بەمەرجێـک وەحیـی و سـەردەم بەیەک ببەسـتینەوە، چـونکە گەر بگەڕێیـنەوە بـۆ مێـژووی کـۆن ونـوێ، چەنـدین جێبەجێکردنـی بـێ ئەنجـام بەرچاومـان دەکەوێـت، کە لەئەنجامـدا دیکتـاتۆرو سیاسەتی تاکڕەویی وستەمی کۆمەڵایەتیی لێکەوتۆتەوە.

سەرەتای مێژوو واتە: جیـاوازی مەزهەبیی و تـایفیی و ئیجتیهادەکـان، بـۆ کۆمەڵگاکەمـان بگـوازینەوە، کە پەیوەسـتن بەسـەردەم و شـوێنی خۆیـان، هەروەها شێوازەکانی سیستەمی سیاسیی بگوازینەوە بۆ کۆمەڵگاکانمان.

نەوەی ئێسـتا، گەر دڵسـۆزیی و کـاری بەردەوام بـۆ کۆمەڵگـاو فەراهەمکردنـی ڕێـزی مـرۆڤ ودادپەروەریـی بۆیـان لە دەسـەڵاتداران ببینـن، کاردانەوەیـان لەلا دروسـت نابێـت، هەروەهـا گەنجەکـان پەنـا بـۆ تونـدوتیژیی و وێرانکاریی نـابن، بەڵکـو دەبێـتە هۆکـاری بنیاتنـان، نـابێتە هۆکـاری تێکـدان و ڕوخاندن.

بەردەوام بـوونی سـتەمی دەسـەڵاتداران وکـۆکردنەوەی کەسـانی دووڕوو دەست پیس لەدەوری خۆیان و، پشتگوێ خستنی داواکاری ڕەواکـانی گەل و، بەرهەڵسـتینەکردنی دەوڵەتە تەماعکارەکـان،ئەوا فـوو دەکـاتە کـورەی ئـاگری

کافرکردن و وێرانکردن وسنوور بەزاندن و، بڵاوبوونەوەی گیانی تۆڵەسەندنەوە لە سەراپای کۆمەڵگا.

گەر دەسەڵاتدارەکان بەهۆش خۆیان بێنەوە، گرنگی بە ئایین وکەرامەتی گەلەکانیان بدەن، دەست بەیەکڕیزیی گەلەکانیانەوە بگرن، لەوکاتەدا دەتوانن ببنە یەك ڕیز،کە لەبەردەم دوژمن بوەستن، ئەم یەك ڕیزییە تەماعکاران و پلان داڕێژەران دەترسینێ، گەر سەرنج بدەین، پەنجاو حەوت وڵاتی ئیسلامیی هەیە، هەڕەشەی پچڕانی پەیوەندی سیاسیی وئابووریی لەو وڵاتە بکەن، کە لەپشت قەوارەی زایۆنی وەستاوە، ئایا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، دەتوانێ شەڕ لەگەڵ گشت وڵاتانی ئیسلامیی بەیەکەوە بکات ؟

گەر وڵاتانی ئیسلامیی لە ڕێکخراوی هاوکاریی ئیسلامییەوە، بەیەکەوە تەکان بدەن، بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی دادپەروەرانە بۆ بەرگری لە مافەکانیان، دەتوانن ئەو هەڵوێستانە بەهێزو یەك ڕیزی سیاسیی وئابووریی بسەپێنن، بێ تەقاندنی یەك فیشەك.

گەر گەنجان یاخی بوون، چ یاخیبوونی کافرکردن، یاخود یاخیبوونی کۆمەڵایەتیی- بە ئیزنی خوا- کۆتایی دێت، گەر دڵنیابوون لە سیاسەتی دەسەڵاتدارەکان، بەڵکو گەر زانیان دەسەڵاتداران لەناخی جەماوەرەوە هەڵقوڵاون، چونکە ئازادکردنی گەل لەڕێگای وەرگرتنی هەڵوێستی بەهێزەوە دەبێت، کە ڕێگایەکی ئارامە بۆبنیاتنانی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەل و دەسەڵاتدارەکان.

٢) پێویستە پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامیی لەقۆناغەکانی سەرەتایی لە داخراویی و یەك ئاڕاستەیی بگۆڕدرێن، چونکە پرۆگرامە نوێیەکان، ژیرییەکی کراوە بۆ ژیان دروست دەکات ، ئیسلام زۆر گەورەترە لەوەی،کە لەیەك مەزهەب تەسك بکرێتەوە، هەروەها فراوانترە لەوەی بابەتەکانی لە چەند

فەتوایەکی تەسککراوە دابخرێت، بە زۆر بەسەر قوتابی زانستدا بسەپێنرێت.

هەندێ ولاتی ئیسلامیی، کاتێك دەستی بەتاکە مەزهەبێکەوە گرت، بۆ وانە وتنەوەو ڕۆشنبیرکردن، لەکۆتاییدا کەسایەتییەکی وشك دروست دەکات، ناتوانێ ڕووبەڕووی ژیانی هاوچەرخ ببێتەوە، لەپێشەوە وتمان: مەنهەج و پڕۆگرامی تاکڕەویی، بەرپرسیارە لە بیرو هزری تەکفیریی وگەشە سەندنی بەرەو خراپتر.

بانگەشەی مەنهەجی سەلەفی بەپێی زاراوەی پاشینەکان، کە لەکەسانی دیاریکراوەوە دەرچووە، دوور لە مەنهەجی هاوەڵان وشوێنکەوتوان، بەرپرسیاری یەکەمە لەو قەیرانەی ژیری داخراوی موسڵمان لەم سەردەمەدا، کە قەبوڵی کرانەوە و ڕاگۆڕینەوەی ئازاد ناکات، چونکە ئەم بانگەشەیە،مەزهەب وبابەتەکانی وانە وتنەوە وفەتواکانی ڕاگەیاندن، وا پیشان دەدات، کە ئەمە ئیسلامە!

مەنهەجی هاوەڵە بەڕێزەکان وشوێنکەوتوان،مەنهەجێکی کراوە بوو، هانی ڕا گۆڕینەوەی ئازادی دەدا، بووە هۆی دەرکەوتنی مەزهەب و ڕاڕەوە فیقهییە جۆراجۆرەکان،کە وایکرد فیقهی ئیسلامیی دەوڵەمەند بێت، چەندین وەڵامی بۆ یەك بابەت، لەبەردەم نەوەکانی خۆی داناوە، موفتی ئەوەیان هەڵدەبژێرێ، کەبەگونجاوی دەزانێت بۆ شوێن وسەردەمی خۆی و، کاتێك بارودۆخ گۆڕا ،بۆی هەیە لەم وەڵامە پازبداتە وەڵامێکی گونجاو.

کەواتە: گەر بمانەوێت هاوسەنگی ژیریی ئیسلامیی بگێڕینەوە، پێویستە مەنهەجەکانمان لەسەر بنەمای بەراوردکردنی فیقهیی بنیات بنێین، بەشێوەیەك عەقلییەتی یەکتر قەبولکردن لای قوتابیان دروست بێت، دان بەگشت مەزهەبەکان دابنێت، بە مەزهەبی ئیسلامیی بزانێت و،موفتی بۆی هەیە، کامەیان بەگونجاوو باشتر دەزانێت، هەڵبژێرێت.

هەڵەیەکی زەق و ئاشکرایە، دەوڵەتی ئیسلامیی تاکە مەزهەبێك هەڵبژێرێت و، ببێتە دەوڵەتێکی مەزهەبیی، تاکە ڕێگایەك بەسەر موفتیدا بسەپێنێت ، بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵك، لەبری چارەسەر، کێشەی نوێ دێنێتە ئاراوە.

لەم سەردەمەدا پێویستە وڵاتانی ئیسلامیی، هەڵبژاردنی مەزهەب و فەتوا، بۆ زانایانی پایە بەرزو کۆمەڵە فیقهییەکان جێ بهێڵێت، چونکە کێشەکانی جیهانی ئیسلامیی، گشتیی و تایبەت، لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا، ناکرێت تاکە مەزهەبێك پێی هەڵسێت و، فەتواو ئیجتیهادەکان، لەوچارچێوەیە بخولێتەوە، یان بەزۆر بەسەر خەڵکیدا بسەپێنرێت.

بەراوردکارییمەوزهەبیی ،یان کرانەوەی مەزهەبیی، تاکە ڕێگایە بۆ بڕینی ڕێگا، لەبەردەم سەرهەڵدانی مەنهەجیی بەکافرکردن، لەکۆن ونوێدا، کێشەی وێرانکەریی بەسەرجیهانی ئیسلامیی داهێناوە.

مەنهەجی ئاگاداربوون بە گشت مەزهەبە فیقهیی و عەقیدەیی وبنەماکانی گروپە ئیسلامییەکان، لە زانکۆ ئیسلامییەکان و پێشکەشکردنی وردەکاریی بەڵگەکان بەبێلایەنی تەواو، دەبێتە هۆی نەرمونیانی پێویست لە ژیری نەوەکاندا، ئەوکاتە دەتوانن (صحیح) و (ضعیف)ڕاست و هەڵەو حەق و ناحەق لەیەکتر جیا بکەنەوە، بەشێوەیەك گەر ڕایەکی کارپێکرد، ئەوانی تر بەکافر دانانێ، چونکە بۆتە خاوەن زانستێکی گونجاو، بۆ سروشتی ڕاو بەڵگەکان.

لێرەدا ڕێسایەکی گرنگ هەیە:(هەرچەند زانیاری مرۆڤ فراوان تر بێت، دەربارەی ڕەگ و ڕیشەو ڕاو بەڵگەی مەزهەبەکان، دەمارگیریی کەمتر دەبێتەوە و، بەرامبەر کەسانیتر کراوە دەبێت).

ئەمەش تەنیا بە گفتوگۆی نێوانیان زانکۆو دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان دەبێت، لەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خوێنراوو بینراوو بیستراو.

لێرەداپێویستەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەگشت ئاستەکاندا، ڕۆڵی خۆیان ببینن، ئەگەر بمانەوێ لەسەپاندنی یەک مەزهەب و، تاکە ڕایەک و یەک تایەفە، دەربازمان بێت.

گەر موسڵمانان بەگشتیی، نەوەکانی ڕۆشنبیر بکرێن، لەژێر تیشکی بەرنامەی فرەلایەنیی، ئەوکاتە لە دومارگیریی و دەبەرێکڕاچوون و، گومڕاکردن وبەکافرکرن و تەبدیع کردنی یەکتر، ڕزگاریان دەبێت.

ئەوکاتەش، ئەم ژیرییە ئازادبووە لە دەمارگیریی سەیری پێش خۆی دەکات، ڕووەکاتە چارەسەری کێشەکانی ئێستاو ڕابردوو، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەرەو ڕابردو ناگەڕێتەوە، تاکو بەتەواوی بیگوازێتەوە بۆ ئێستاو داهاتوو، بەڵکو تەنیا دڵی پێخۆش دەکات و چاکەی لێ ڕەچاو دەکات، ئەو شەڕو ئاژاوەیەی زیانی بەموسڵمانان گەیاند، بەلاوەی دەنێت ، نەوەک دزە بکاتە ناو ژیانی هەنوکەیی.

ئەم جۆرە ژیرییە پێگەیشتووە، ژیانی هەنوکەیی هەردەم لەسەر ڕێساوبنەما گشتییەکان دروستدەکات، کە نیگای خودایی دانی پێدا هێناوە، تاکو وەک پێشینان بڕیارەکانی لێ وەربگرێت.

ئەم جۆرە عەقڵە، لە گشت سەردەمێکدا، شایەنی سەرکردایەتیکردنی پرۆژەی گەشەکردنی ئیسلامیی هەیە، کە هەردەم لە سێ جۆری خوێندنەوە دەردەکەوێت:

١- خوێندنەوەی بوونەوەری خوێنراو،کە قورئانی پیرۆزە.

٢- خوێندنەوەی بوونەوەر(الکون)ی بینراو.

٣- خوێندنەوەی بوونەوەری دوێنەر (قسەکەر)، کە پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم).

جاگەر مرۆڤی موسڵمان ئەم سێ خوێندنەوەیە بەیەکەوە گرێ بدات، لە

گشت سەردەمێکدا لە نوێبوونەوەی گەشەسەندنی شارستانییەت ناوەستێت، هەروەها داهێنان وبەرهەم هێنان ناوەستێت، لە جێبەجێکردنی مافی جێنشینایەتیکردن لەسەر زەوی.

موسڵمانان لەم سەردەمانەی دواییدا، لە بوارو لایەنەکانی ژیان نەوەستاون، تەنیا لەوکاتەی لەتێگەیشتنی ئەم سێ لایەنەی سەرەوە وەستابن، چ لەباری جێبەجێکردنی تاك تاك ، یان هەمووی بەیەکەوە.

هیچ کەس گومانی وانەبێ مەبەستم لە سێ بوونەکان،لایەنی مادەی بێت، ئەمیان تەنیا لایەنی دەرخستنی یاسا ماددیەکانە، بەڵکو مەبەستم بوونی تەواوەتیە، وەك مرۆڤ و کۆمەڵگا، مەزهەبیەتی ئیسلام لەسەر سەرنجدانی تەواوی گشتی بۆ بوونەوەرو بەدیهێنەرو کۆمەڵگاو مرۆڤ لە پارسەنگی تەواو بنیات نراوە.

٣-دادگەریی کۆمەڵایەتیی:

ئیسلام هانی جێبەجێکردنی دادگەریی کۆمەڵایەتیی دەدات، لەکۆمەڵگادا بەو گشتگیرییەی، کە پێویستە ڕیز ومافی مرۆڤ فەراهەم بکات.

ئەم ڕیز و کەرامەتە دەستەبەر نابێ، تەنیا لەڕێگای ئازادی دینداریی وئەو فیکرەی، کە هەیەتی و باوەڕی پێیەتی :

﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾البقرة: ٢٥٦، جا چ لەنێو یەك ئایین ، یان ئایینە جیاوازەکاندابێت .

هەر وەستانێك لەبەردەم ئەو ئازادی و هەوڵی کپکردنی سەردەکێشێ بۆ سڕینەوەی لایەنی مرۆڤایەتیی و زگماکیی، تەقینەوەو یاخیبوونی لێ دروست دەبێت، لەجیاتی ئازادی مرۆڤ لە خزمەت گەشەکردن وفراوانی ئابووری مرۆڤدا بێت، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی پەکخستنی و وێرانکردنی لەسەرئەو

بنەمایەی،کە مرۆڤ پالّەوانی گۆڕانکارییە، ئەگەر جوولّەی مرۆڤ پەکی کەوت، توانای نەما، گۆڕانکاریی دەوەستێت و ژیان سڕ دەبێت.

لەڕاستیدا ئەو ئامانجەی ئیسلام بۆی هاتووە، کاتێك مرۆڤ کرایە جێنشین لەژیاندا، داوای بەرفەرمانی لێکرا، لەسەر زۆربەی بوونەوەرەکان بەرزکرایەوە، لەمێژووی موسڵمانان بەتەواوەتی نەهاتۆتە جێ، چەوساندنەوەو دەست تاڵانی جۆراوجۆری مرۆڤ، لەسایەی دەوڵەت ومیرنشینەکانی لەوڵاتانی ئیسلامیی هەبوو، لەدوای سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین، تا ئەم سەردەمە، ئەو ئازادیە لەمرۆڤی موسڵمان سەنراوەتەوە، لەچوارچێوەی چەند یاسایەك، کە ئیسلام داینناوە، بۆئەوەی مرۆڤ لەسایەی ئازادی ڕەها لەدەست دەرنەچێت و، نەبێتە بوونەوەرێکی وێرانکەر، نەوەك لە سنووری فیترەتە ئاژەڵییەکەی نەوەستێت، بەڵکو هەڵبەزو دابەز بکات و، وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی خۆی بشێوێنێ، کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ دەکات، لەکاتی باسکردنی بێباوەڕی لەسنور دەرچوو،کەوا ئەوان لە حەیوان.

﴿ ... أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ ﴿١٧٩﴾ ﴾ (الأعراف: ١٧٩)،

﴿... إِنْ هُمْ إِلَّا كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾﴾ (الفرقان: ٤٤) .

واتە: ئا ئەم جۆرە کەسانە، وەك ئەو ئاژەڵەن، کە قسەیەکی پێ دەگوترێ، ئەو تێی ناگات و، لەوەش ناگات، کە دەیبینێ، بە دڵەکەشی لەچاکەو خراپە تێ ناگات و لە یەکیان جیاناکاتەوە، ئەم جۆرە کەسانە، نەك لەو ئاژەڵە دەچن، بەڵکو لە ئاژەڵیش گومڕاترو سەرلێشێواوترن، چونکە ئاژەڵ سودو زیانەکانی خۆی دەبینێ و دەزانێ و، بە دوای شوانەکەی دەکەوێ، بەڵام ئەوان بەپێچەوانەی ئاژەڵن، ئا ئەو کەسانە، بەڕاستی بێ ئاگاو غافڵگیرن لە ئیمان هێنان بە خواو تاعەتکردنی خوا.

٤- بەدەست هێنانی ئازادییە ئابوورییەکەی:

هەر کۆمەڵگایەکی دادگەر، پێویستە سوکایەتی مرۆڤی،بەهەژارکردن و سوالْکردن ودانیشتنی سەر شۆستەی شەقامەکان و کەناری ڕوبارەکان، وەك ئاژەڵی بەستەزمان تێدانەکرێت.

لەکاتی خوێندنمدا لە قاهیرەی پایتەختی میسر لەسالْەکانی: (١٩٦٥ ز-١٩٧٢ز) سەدان خانەوادەی میسریم بینی، خانویان نەبوو، تەنیا چۆلەوانی لەسەر کەناراوەکانی ڕووباری (نیل)، هەزارانیش تەنیا لەسەر گۆڕستانەکان دەمانەوە، دەیان هەزاریش لەخەرابگەکان دەژیان، دیان هەزار کەسیش لە گەراجی بالْاخانەکان دەژیان، کەسانێکی تریش لەگەڕەکە هەژارنشینەکان دەژیان، بێ نان، تەنیا پاشماوەی ئاوی پاقلە لەنێو مەنجەلْەکانیان هەبوو.

ولْاتی (هیند)یش ،کە باوەڕپێکراوەکانم بۆی گێڕامەوە، کە دەیان ملیۆن کەس، لە سەر شۆستەی شەقامەکان و ڕێگاکان لەدایك دەبن و دەژین ودەمرن.

لە(مەغریب) بینیم چۆن کەڕامەتی مرۆڤ دەشکێنرێت لە شاری (سەفیح)، کە لە کەناری شارەکان ، هەزاران خێزان لە بارێکی کارەساتباری نەشیاو بەمرۆڤ دەژیان.

لە عیڕاق لەکاتی قوتابی بووم لە زانکۆی بەغدا لە سالْی (١٩٥٥ز – ١٩٥٩ز) لەکەرکوکەوە بەشەمەندەفەر دەچوومە بەغدا، ئەوکەسەی بەیانیان بچویایە بەغدا، لەپەنجەرەکانەوە دەیبینی هەزاران کەس لە کەلاوە پیسەکاندا دەژیان، کەبەدەست هەژاریەوە دەیاننالْاند، لە کەلەدەست ڕوتاندنەوەی دەستی خاوەن موڵکەکان هەلْاتبوون، ئەوانەی لە نێو کۆشکەکانیان ڕۆچووبوون، شەوەسورەکانیان لەنێو تیاترۆخانەکانی بەغدا بەسەر دەبرد، تا لەکۆتاییدا (عبدالکریم قاسم) گەڕەکی(الشورە)ی بۆیان دروستکرد، تۆزێك مرۆڤایەتیان بۆ گەڕایەوە.

نەبوونی دادگەریی کۆمەڵایەتیی، کاری زۆری کردۆتە سەر پەروەردەی ژینگەیی و، ناڕاستەی تەندروست وکەموکوڕی، لە فێرکردن و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواریی وبرسێتیی ونەخۆشیی.

چۆن دەمانەوێت لەم جۆرە کۆمەڵگایە ستەم لێکراوانە، کەسانێك دەرنەکەون کەبێباوەڕ بن، یان خەڵکی بەبێباوەڕ بزانن، یان کەسانێك ڕووبکەنە تاوان، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان وتۆڵەکردنەوە لەکۆمەڵگاو ستەمکار.

گەڕانەوەی تەواو بۆ ئیسلامیی خودایی و هۆشیار، کۆمەڵگاکەی دادپەروەرو بەزەیی دەبێت ،کە خودا بانگیان دەکات بۆ: ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ﴾المائدة: ٢ .

واتە: لەنێوان خۆتان لەسەرکاری خێرو چاکەو لەخوا ترسان هاوکاربن، هاوکاری لەسەر شتێ مەکەن، کە گوناهو سەرپێچیو تێپەڕاندنی سنورەکانی خوایە.

ئەمەیان کۆمەڵگا لە دەستبەسەرداگرتنی مرۆڤ بۆ براکەی ڕزگاردەکات.

هاوکاریکردن لەسەر چاکەو تەقوای خوا دەستەبەردەبێت ،لەگەڵ ئەو یاسایەی شکۆی مرۆڤ دەستەبەردەکات، تاوان و دوژمنکاریش تەنیا بەهەدەردانی ئەو شکۆیە دەستەبەر دەکات، لەلایەنی نازادیی مرۆڤایەتیی وئابووریی وکۆمەڵایەتیی گشتیی.

گەڕانەوەی هاوسەنگی تەواو، بۆ کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بەوشێوەیەی،کە ئیسلام دەیەوێت، لە هەرسێ خوێندنەوەکاندا، لەچوارچێوەی ناوە جوانەکانی خواو، زانینی سیستەمی بوون و دەرخستنی قوولّی کەسایەتی سەروەرمان (صلى الله عليه وسلم)، کە نمونەی هەرەبەرزی بوونەوەری

زیندووە، لە جیهاندا، چارەسەر دەکرێن لە میانەی ڕۆچوونی تەواو لە هەرسێ خوێندنەوەکان وتێگەیشتنی جووڵەی سەردەم و،کێشەکانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، لەنێویدا گرفتی تەکفیرو وێرانکردن.

چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، ئوممەتی ئیسلام لەم بەکۆیلەکردنەی دەرەکیی و ناوەخۆ، دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شارستانییەی،کە خودا فەرمانی پێداوە، ئینجا لە نێو ئوممەتی ئیسلامدا، فەرمایشتی خودا جێبەجێدەبێت، کە دەفەرموێت:

﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴾البقرة: ١٤٣ .

واتە: هەروەك چۆن بۆ ڕێگای ڕاستی ئاین ڕێنمایمان کردن، ئەوا ئێوەمان کردە ئوممەتێکی بژاردە و مام ناوەنجی، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دوایی شایەتی لە سەر ئوممەتەکان بدەن، کە پێغەمبەرەکانیان پەیامی خوایان پێ ڕاگەیاندون، هەروەها لە ڕۆژی دوایی، پێغەمبەر شایەت بێت بەسەرتانەوە، کە پەیامی خوای پەروەردگاری پێڕاگەیاندون.

ئینجا ڕۆڵی خزمەتکردنی خۆی وکەسانی تری بۆ دەگەڕێتەوە، لەمیانەی بەندایەتیکردنی دڵسۆزانەی بۆ پەروەردگاری جیهان، ئەوبەندایەتیەی، کە هاوەڵی بەڕێز (ڕەبەعی کوری عامر)ی فێرکرد، کاتێك (ڕۆستەم)ی ستەمکاری فارسەکان، پرسیاری لێکرد دەربارەی هۆکاری هاتنی سوپای ئیسلام بۆ وڵاتی ئەو.

لەوەڵامدا گوتی: خودا ئێمەی ڕەوانکردووە، تاکو خەڵك لەبەندایەتی بەندەکان ڕزگاریکەین، بۆ بەندایەتی خوای تاك و تەنیا، لەستەمی ئایینەکانەوە بۆ دادپەروەری ئیسلام، لەتەنگەبەری دونیاوە بۆ فراوانی وخۆشی دونیا.

٥- ئەو بـــارودۆخە شـــەرمەزارییەی لە جیهـــانی ئیســـلامیی، کە لە لاپەڕەکانی پێشتر باسمانکرد، کۆمەڵێك گەنجی بەرەو کاردانەوەی توند برد، وەك: تەحریـف، بەکـافرکردن، خوێنڕشـتن، بەگشـتی ئەم گەنجـانە هوشـیاری وایان نییە کارەکان ڕاهی بکەن، درك بە سروشـتی بـارودۆخی ئـوممەت نـاکەن، نازانن چۆن ڕووبەڕووی ببنەوە لە سنووری بنەمـا وڕێسـاکان و مەبەسـتەکانی ئایینەکەیـان،ئەوانە لە ڕۆشـنبیری گشـتییەوە دوورن، زانیـاری وئەزموونیـان سـنورداراە،لایەنی نـامۆ ڕابەرایەتیـان دەکـات، سـەرەتا بەنەزانیـی، یـان دەمـارگیریی، یـان هەنـدێ مەبەسـتی دونیـایی پڕوپـوچ، یـان بۆخۆسـەپاندن وسەرکەشی و خزمەتکردنی لایەنی دوژمنکار.

گەر ئەم گەنجـانە بـکەونە تـۆڕو تەڵەی تەکفیرییەکـانەوە، لەسـەر لایەنـی ئاسـاییش لەوڵاتە ئیسـلامییەکان فریایـان بکەوێـت، پێـش ئەوەی تـاوان لەسـەر دەستیان ڕوبـدات، گەر تـوانی زوتـر دەسـتگیریان بکـات، پێویسـتی بەپلانێکی پەروەردەیی لێزانانە هەیە، بۆ ڕزگارکردنی ئەوگەنجانە لەکۆنترۆڵی تەکفیری تێکدەرو، گێڕانەوەیان بۆ سەر ڕاستیی و ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی و ئارام.

ئەمەش لەڕێگای لێژنەی زانستیی و ئیسلامیی وپەروەردەیی هەیە،کە لەو زانایانە پێکبێت، بزانن چۆن هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ ئەو هەڵخەڵەتێنراوانەدا، لەمیانەی کتێبی خواو فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، پـلان دابنـێن بۆلایەنەکـانی چـوونە نێـو دەروونیـان وکـاریگەری لەسـەریان، لەڕێگـای زانیـاری لەســەر مەزهەبـی تەکفیرییەکـان لە نێـو ئـوممەت و، دەرەنجامە ڕوخێنەرەکانی بەدرێژایی مێژوو.

پاشـان ڕێگاکـانی چاکسـازیان بـۆ ڕوون دەکەنەوە و،فەرمـان بەچـاکەو قەدەغەکردنـی خراپەیـان بـۆ ڕوون دەکەنەوە، ڕزگاریـان دەکەن لە دوودڵیـی و دڵتەنگیـی، بەرەو خۆشەویسـتیان دەبەن، بیریـان دێننـەوە چـۆن دوارۆژیـی

ئـوممەت دروسـت بـکەن، ئەگەر ویسـتیان خزمەتـی ئیسـلام بـکەن، پێویسـتە ڕێگای ڕاست وبەرهەمدار بگرنە بەر.

ئەم لێژنە زانستیانەی گفتوگـۆی ئـارامە، دەتوانێت بەکـاری ئیسـلامیی بەرهەمـدار هەڵسـێت، بـۆ گێـڕانەوەی ئەو گەنجـانە بـۆ باوەشـی خێـزان وکۆمەڵگاکەیان، لەجیاتی ئەوەی لە کونجی زیندانەکان بفەوتێن، یـاخود فێری تـاوان و لادان بـبن، ببـنە خـاوەنی دەروونـی داخـراو، ڕق وقینیـان لە کۆمەڵگـا بێت، لەدواییدا کەسانی تاوانباری شارەزایان لێدەربچێت.

پـلان دانـان بـۆ ئەم گفتوگـۆیە سیاسـییە ئـاییننییە، بەئیزنـی خـوا، سـوود بەخش دەبێت.

ئەزموونی عەرەبستانی سعودیا لە پێشمانە، کاتێك توانیـان جیـاوازی بـکەن لەنێـوان ئەو گەنجـانەی هەڵ خەڵەتێنرابـوون، کە سـەدان کەس دەبـوون، لەگەڵ کەسـانی تاوانبـار، کە تـاوانی کردەییـان ئەنجام دابـوو، دەسـت درێژیـان کردبـووە سـەر کەسـانی بێتـاوان، کوشـتن و تەقینەوەیـان ئەنجـام دابـووو، هەروەهـا ئاژاوەخستنە نێو کۆمەڵگاو بەکافرکردن وئەنجامدانی قێزەونترین تاوان تێیدا.

دەیـان زانایـان بـۆ گفتوگـۆ دەستنیشـان کـرد،هەر لێـژنەیەك بەرپرسـیارێتی کۆمەڵێـك گەنجـی لەئەسـتۆ دابوو،کەگفتوگۆیـان لەگەڵـدا دەکـردن و، دڵـی خۆیان بۆ پرسیارەکانیان والّا دەکرد، ڕاستییەکانی ئیسلام ومەترسـی ئەوکارەی ئەوان دەیـانەوێ بـیکەن، خەریـکە تووشـی دەبـن بۆیـان ڕوون دەکـردنەوە، دەرەنجامی ئەم گفتوگۆیـانە ئەرێنـی بـوو، زۆرێك لەو گەنجانە گەڕانەوە بـۆ ڕێگای ڕاست، دوای چاودێریکردن و دڵنیابوون، ئازاد کران.

کاتێك لەسالّی (١٤٢٨ ك، ٢٠٠٧ز)، لە(ڕیاز)ی پایتەختی سعودیە بووم، ژمـارەیەك لەو بانگەوازکـارانە بۆیـان باسـکردم، سـەدان لەوگەنجـانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا کردوون، بۆیان ڕوون بۆتەوە، کە ئەوان لەو کارەی دەیـکەن

تێنەگەیشتوون، بەرامبەر بە بڕیاری شەرعی نەزانن، دەربارەی ئەو کارە مەترسیدارەی بۆی بەڕێ دەکرێن، هیچ ڕۆشنبیریان نییە، دەیانگوت: ڕێنماییکارەکانمان پێمان دەڵێن: ئەوەی ئێوە دەیکەن، ئەوە ئیسلام لە ئێوە دەوێ، ئەوەی دەیکەن جیهادە، لەسەر ئەم ڕێگایە ڕۆیشتن، وایاندەزانی خزمەتی ئیسلام دەکەن، وایان تێگەیاندبوون: داموودەزگا ئەمنییەکان وسەرکردەکان کافرن، کۆمەڵگاکە کۆمەڵگایەکی جاهیلییە، دروستە ئەوانەی بانگەشەی ئیسلام دەکەن بکوژرێن.

بانگەوازکارەکان دەیانگوت: کاتێك ئەو گەنجانەمان لەبەردەم ڕاستییەکانی ئیسلام و بارودۆخی کۆمەڵگاکەیان وەستاند، بەئاگا هاتنەوە، هەروەك بڵێی خەون دەبینن!

بەڵام ئەوانەی تاوانیان بەرامبەر ئارامی کۆمەڵگا و تاك ئەنجام دابوو، خوێنی بەناهەقیان ڕشتبوو، ئەوان بڕیاری دادپەروەرانەی ئیسلامییان هەیە، تاکو بگەنە سزای خۆیان، ببنە پەند بۆ هەرکەسێك بیەوێ دەست بەوکارە بکات، تاکو نەچێتە نێو دونیای تەکفیرو تاوان.

هەرچەند ئازادکردنی ئەوکەسانەی، کە بێتاوان دەرچوون بەس نییە، بەڵکو پێویستە لەلایەنی زانستیی وپیشەیی پڕچەك بکرین، ئەوانەی ئامادەیی وەرگرتنیان هەیە لە زانکۆو پەیمانگاکان، پێویستە وەربگیرێن،هەرچەند نەمرەکانیشیان لەو ئاستەدا نەبێت، بۆئەوەی باوەڕ بەخۆیان بکەن، بێنە ناو جیهانی زاست و ڕۆشنبیریی، بەمکارە بۆشایی دەروونیان پڕ بکرێتەوە، دەرگای دواڕۆژێکی گەشیان بۆ والا بکرێت، ئەوانەی ئامادەیی وەرگرتنیان نەبوو لەزانکۆو پەیمانگاکان، خولی پەروەردەییان بۆ بکرێتەوە، لەلایەنی پیشەسازیی و زانستی تر، تا دەکەونە سەر پێ، لەژیانی خۆیان بەرەو پێش دەچن، تاکو بتوانن هاوکاری خۆیان وخانەوادەکانیان بکەن، پێویستە هەریەکە بەگوێرەی پێویست هاوکاری مالیی بکرێن.

بە پێی ئەو ئاڕاستە دروستەی باسمانکرد، گێڕانەوەی ئەوجۆرە کەسانە بۆ نێو ژیانی ئاسایی، پێویستییەکی ئاسایشیی و کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقییە، لە وانەکانی مزگەوت و پەیمانگاکان و دەزگا ڕۆشنبیریەکان، بۆ ئەوەی بتوانین زاڵ بین بەسەر گروپی تەکفیری مەترسیدار، ئەو گروپەی،کە دوژمنانی ئیسلام سودیان لێوەرگرتوە، بۆ دژایەتیکردنی بیروباوەڕو شەریعەت و ڕەفتاری ئیسلام، ئەو گەنجانە ڕزگار بکەین لەم تۆڕە، بیان گێڕینەوە نێو ئایینی ڕاستەقینە و،بەرنامە میانڕەوە گشتگیرەکەی لە گشت لایەنەکانی ژیاندا.

شێواندنی ئیسلام لە ڕێگای ئەم مەنهەج و بەرنامە پوچەڵانە، لەلایەن ئاڕاستەی جیهانگیرییەوە، بۆتە بەرنامەیەکی ڕەوژانە، بۆ وەستان لەبەردەم جووڵەی جیهانی ئیسلامیی، لەهەڵسانەوەو بەئاگا بوون، هەروەها تۆمەتبارکردنی بە تووندوتیژیی وتیرۆر، بێ جیاوازیی کردن لەنێوان بەرگری ڕەوا، کە بەرگری لە: (فەلەستین وئەفغانستان و عیراق و شیشان وبۆسنەوهێرسك وکۆسۆڤۆ وسۆماڵ وکشمیر) دەکات، لەگەڵ ئەوکەمینەیەی لە سنوور وبیروباوەڕو شەریعەت و ڕەفتاری ئیسلام دەرچوون، پێیان وایە: ئیسلام لە ڕێگای تووندوتیژیی و تیرۆرو خوێن ڕێژییەوە جێبەجێدەکەن.

ستەمکاری جیهانیی، بەتایبەت لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت، کەسێکی دەستنەکەوت دوژمنایەتی بکات، جگە لە ئیسلام، کە بەمەترسی دەزانی لەبەردەم ستەمەکانی و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ماددیی جیهانیی، بۆ دەست بەسەرداگرتنی گەلەکان.

جیهانگیریی و عەولەمییەکان چاك دەیانزانی شارستانێتی ئیسلامیی،دەیەوێت لەنوێوە خۆی بە بیروباوەڕو بەها باڵاکانی بنیات بنێ ، تاکە شارستانییەتە،کەبتوانێ ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم تەماعکاریی و زاڵ

بوونیان بەسەر تواناکانی جیهانی ئیسلامیی، لەڕووی سیاسیی و زانستیی و بەروبوومدا.

ئەو ئاڕاستەی تەکفیریەی تاوان لە ناوەوە دەرەوەی جیهانی ئیسلامیی ئەنجام دەدات، بەناوی ئیسلام بەهانەیەکی تری داوەتە دەست داگیرکەری جیهانی سەرمایەداریی زایۆنیی وەحشگەرایی، تاکو لەهەموو شوێنێك ڕاوەدووی ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ و بزوتنەوە زیندوکەرەوەکانی و پێشەنگەکانی بنێت.

لێکۆڵەری بەویژدانی بەرهەمهێن گومانی نییە، کە ئومەمەتی ئیسلامیی، بە بیروباوەڕە یەکخواپەرستییە پوختەکەی و، شەریعەتە لێبوردە نەرم ونیانەکەی و،سیستمی خووڕەوشتی گونجاو لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیی و،پاشخانە شارستانییە مێژوویییەکەی، هەروەها بە مرۆڤایەتییە مەزنە جۆراوجۆرەکەی و جوگرافیا فراوانەکەی، توانای مانەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ وسەختی وبارودۆخی گشتی مرۆڤایەتی هەیە.

بیرمەندی تورکی (احمد داود ئوغلو) دەڵێت: (یەکێك لەجیاوازیەکان ئەوەیە: سیاسەتی دەمکوتکردن ولایەنگیری دژی جیهانی ئیسلامیی، هۆکاری بەهێز بوونی بیرۆکەی زیندووکردنەوەی پێوەرەکانی شارستانی ئیسلامیی و پابەندبوون پێی، بەرهەمەکانی ئەم بیرۆکەیە، بەئاشکرا لەسەدەی بیستەم دەرکەوت، کاتێك هەستی باوەڕ بەخۆ بوون بڵاوبوویەوە، ئەم هەستە ڕۆڵی خۆی لە دروستبوونی زیندەگی هزریی و سیاسیی وکۆمەڵایەتیی، لە گشت شوێنێکی جیهانی ئیسلامیی بینی).[1]

(١) العالم الاسلامی فی مهب التحولات الخضارية، تعريب وتحرير: د.ابراهيم البيومی، ص١٩٠، ط١، ١٤٢٧ك، ٢٠٠٦ز، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة.

بۆ زیندووکردنەوەی ئەم ڕوحە لە ناخی نەوەکانی داهاتوودا، پێویستمان بە پەخشێکی گشتگیر بۆ ئیسلامیی و جێبەجێکردنە سەرسوڕهێنەکانی، لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژووی ڕابردوو دەبێت،بەتایبەت ژیاننامەی سەروەرمان(صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ مێژووی هاوەڵان وشوێنکەوتوان(خوا لێیان ڕازی بێت)، لەنێو ئەم کەشە خودایی ومرۆییە دایبنێی و، پەروەردەکردنیی لەژێر تیشکیدا، لەپێناو گۆڕانکاری تەواو، داڕشتنی ئوممەتی ئیسلامیی لەنوێوە، لەسەر بەها باڵاکانی،کە ئیسلام دەیەوێت، بۆ بەدیهێنانی کەسێکی نمونەیی خودایی بەڕێز، لەژیانی خۆیدا بەدوای پێشەنگێکی مەزنی مۆرفایەتی بگەڕێت، کە ئەویش سەروەرمان محمدە(صلی الله علیه وسلم)، کە هەردەم ئەو تەوەرەیە،کە لە دەوری شارستانی ئیسلامیی دەخولێتەوە.

بەندی حەوتەم

بەرنامەی میانڕەویی بۆ تێگەیشتنی ئیسلام

لە پێشدا باسی ئەو شوێنەوارە تێکدەرانەمان کرد،کە بەرنامەی تاکڕەوی لەدوای خۆی جێی هێشتبو، لەمێژووی موسڵمانان، لەڕۆژگاری خەواریجەکاندا، تا دەگاتە گروپە هاوچەرخەکان ،کە بووەهۆی توندوتیژی وتیرۆری خوێناوی، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای ئیسلامیی نوێ، بەپێی گومانەکانیان.

پاشان باسی کاردانەوەی ئەوگەنجانەمان کرد لە چوارچێوەی بەرنامەی گشتگیری میانڕەو پەروەردە بوبون، دژی کاربەدەستە ستەمکارەکان وجەلادەکان، لەهێزەکانی ئاساییشی وەحشیگەری، کاتێک دەیان بردن بۆ ئەشکەنجەدانی جەستەیی تۆقێنەرو،دەست درێژیکردنە سەر شکۆی مرۆڤایەتی ومافەکانیان، کۆمەڵێکی لە گەنجە ناهۆشیارەکان پاڵنا بەرەو توندوتیژیی و تیرۆر.

بەڵام ئێستا ئێمە زۆر پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی بەرنامەی میانڕەوی قورئان هەیە، بە بنەماو بنچینەو مەبەست و سەرچاوەو لێکۆڵینەوەکانی، لەپێناو قەڵاچۆکردنی دەرەنجامە قێزەونەکانی بەرنامەی توندڕەویی وتیرۆری خوێناویی، کە دەرەنجامەکان کارەساتبارن بۆ ئیسلام وموسڵمانان، لە هەمو شوێنێکی جیهان.

ئەو بەرنامە میانڕەویەی،کە جەماوەری ئوممەتی ئیسلامیی،

بەدرێژایی مێژوو هەڵیان گرتوە،لەلایەن کەڵە زاناو موجتەهیدەکانەوە، کە لە زانستدا رۆچووبوون، لەزانستە پێویستەکان وزانستەکانی واقیع، واتە: زانستی ئایین و دونیا،کە قورئانی پیرۆز دایمەزراندوە، لەفەرامییشتی خوداوەهاتووە کەدەفەرموێت:

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾﴾(البقرة:١٤٣).

ئەی مسوڵمانان! هەروەك چۆن بۆ ڕێگای ڕاستی ئایین ڕێنمایمان کردن، ئەوا ئێوەمان کردە ئوممەتێکی بژاردە و مام ناوەنجی، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دوایی شایەتی لە سەر ئوممەتەکان بدەن، کە پێغەمبەرەکانیان پەیامی خوایان پێڕاگەیاندون، هەروەها لە ڕۆژی دوایی، پێغەمبەر شایەت بێت بەسەرتانەوە، کە پەیامی خوای پەروەردگاری پێڕاگەیاندون. ئەی پێغەمبەر! ڕووگەی (بیت المقدس)مان دانابوو، کە تۆ ڕوەی تێبکەی و، پاشان ڕوتمان وەرگێڕا بۆ کەعبە لە شاری مەککە، تەنها بۆ ئەوە بو، ئەوەی لە ئەزەلەوە زانیومانە دەربکەوێ، زانینێک، کە پاداشت و سزای پێوە بەندەو، بۆ ئەوەی دەرکەوێ و جیابێتەوە، کێ دوات دەکەوێ و فەرمانبەریت دەکات و، تۆ ڕوولە کوێ بکەیت، ئەوانیش لەگەڵ تۆ ڕو ولەو شوێنە بکەن، هەروا تادە ربکەوێ، کێ ئیمانی کزو لاوازە، کە لەبەر گومان و دووڕوویی، لە دینەکەی هەڵدەگەڕێتەوە. ئەم کارە، کە ڕوو وەرگێڕانە لە (بیت المقدس)ەوە بۆ کەعبە، لە سەر ئەو کەسانەی گومڕاو سەر لێ شێواون، سەخت و قورسە، بەڵام لە سەر ئەوانەی خوا هیدایەتی داون، ئاسانە،کە ڕوتان لە بەیتولمەقدیس کردوە،

خۆ خوا ئیمان و شوێنکەوتنتان بۆ پێغەمبەری خوا، ون ناکات، هەروەها نوێژەکانیشتان قبوڵ دەکات. خوای بەرزو مەزن بۆ خەڵك، زۆر دڵسۆز ومیهرەبانە.

زانای پایەبەرز(الالوسی) دەڵێت: (واتە: مام ناوندو دادپەروەر، لەبنەچەدا بە مانا مام ناوەند هاتوە، ناوی ئەو شوێنە ناوەنجیەیە، کە دووشت بەیەك دەگەیەنێت، وەك (چەق) وایە، پاشان بۆ ئاکارە جوانەکانی مرۆڤ بەکار هاتووە، چونکە مام ناوەندن لەنێوان خراپەکانی ناشیرین، کە ئەوسەری جەمسەری کەم تەرخەمی تێدایە، لەگەڵ جەمسەری زیادەڕۆیی، وەك سەخاوەت لەنێوان زیادەڕۆیی لە خەرجیی و قرچۆکیی، ئازایەتی لەنێوان ترسنۆکیی سەرکەشیی،

﴿ لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ ﴾ البقرة: ١٤٣ . واتە: هەموو گەلانی تر، لەرۆژی دواییدا، کە خوای پەروەردگار ڕێگای ڕاست وخراپی ڕوون کردۆتەوە، پێغەمبەرانی ڕەوانکردوە، ئەوانیش ڕایانگەیان دوە، ئامۆژگاریان کردوە[1].

دەڵێم هەروەهالەدونیاشدا هەروایە، چونکە لەبنەڕەتدا ئایینی ڕاستەقینەو گشتگیر، بۆئەو بیرو باوەڕو شەریعەت وئاکارانەی،کە پێشەنگی شارستانی هاوسەنگ و تەواوکارو، دوور لە کەموکووڕی و زیادەڕۆیی، کە کۆتایی نایەت بە تونددڕەوی وسنور بەزاندن و خوێن ڕێژی، ئەمەش تەنیا لای موسڵمانان هەیە، کە ئایینی یەکخواپەرستی تەواوە، ئایینی ئیسلام بۆ گشت پێغەمبەران دابەزیوە، لە ئادەمەوە، تا محمد (صلى الله عليه وسلم) .

(١) أوضح المعانى فى تفسير روح المعانى، للكاتب، ١٦٧/١.

گەر کەسێکی وا بەدوای حەقدا بگەڕێ پرسیارم لێبکات، بڵێت: گەر بەکورتی باسی بنەماو ڕێساو مەبەستەکانی بەرنامەی میانڕەوی هاوسەنگی تەواومان بۆ بکەیت، نە توندوتیژی تێدا بێت، نە زیادەڕەوی و نە تۆقاندن، ئەو ئیسلامەی،کە مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەو جەماعە قەراری لەسەر گرتووە، هەرلەسەردەمی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم)، تا ئەمڕۆ.

دەڵێم:

أ- تێگەیشتنی ڕاست ودروست بۆ قوڕئانی پیرۆز، لە ڕێگای سیستەمی ئایەتە هاوسەنگەکانی، لەو بابەتانەی قسەی لێدەکات، چونکە ڕاڤەی ئایەتەکان بەتاك لەدەرەوەی چارچێوەی تەواوی خۆی، لەوانەیە توشی گۆڕینی ماناکەی و بڕیاردانی هەڵەی بکات. (١)

تەنیا ئەم بەرنامە لادەرەشە،کە گروپەکانی تەکفیری هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، بێ هیچ زانیارییەکی ڕاست ودروست و بێ مەنهەجێکی تەندروست و، بێ هەوڵی گەیشتن بە حەق.

ب- ئایەتەکانی قوڕئانی پیرۆز گشتی لەسەر یەك کێش نییە، هەندێکی دەلالەتەکەی یەکلاکەرەوەیە، هەندێکی تری دەلالەتکردنی یەکلاکەرەوە نییە، جیاوازی نەکردن لەنێوانیان هەڵەیەکی گەورەیە، لەوانەیە سەربکێشێ بۆ لادان لەمانای ڕاستەقینەی خۆی.

واتە: ڕاڤەکاری لێزان، سەرنجی ڕای باوەڕ پێکراوە ڕۆچووەکانی زانستی ڕاڤەی پێشین دەدات، تاکو بتوانێت مانای ڕاست هەڵبژێرێ، کە لەگەڵ مانای یەکلاکەرەوە بگونجێ، لەنێو کۆمەڵەی خۆی، تاکو هەرچی دژایەتییە لەماناکەی دوربخاتەوە، بەپێی ڕێساکانی تەرجیح دان.

---

(١) بۆ ئەم بابەتە بگەڕێوە سەر پەرتوکێکی نوسەر (منظومة آيات القتال في القرآن الكريم) .

ت- قورئانی پیرۆز بۆ ئەوە دانەبەزیوە، کەتەنیا وشەکانی بخوێنین بۆ نواندنی بەندایەتی، بەڵکو لەپەنای هەر ئایەتێك وکۆمەڵێك ئایەت و، سیستەمێك لە سیستەمەکانی، چەندین مەبەست هەیە بۆ فەراهەمکردنی بەرژەوەندییەکانی بەندەکان، وردو درشتی، نەبوونی زانستی بنەماکان و زانستی مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز بەتایبەت و،شەریعەت بەگشتیی و زانستی جێبەجێکردنی دەرەنجامەکان، دەبێتە هۆی لادان لەمانای ڕاستەقینەی مەبەست.

ث- ناکرێت ئایەتێك لەکۆمەڵە زانستیەکەی خۆی دەربهێنرێت، بۆ مانایەکی تایبەت لە مەزهەبەکانی فیقهیی و دەمارگیرییەوە بەکار بێت، بەڵکو پێویستە ڕای پێشین گریمانە بکرێت، بۆ پشتگیریکردن لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان، لەتێگەیشتنی لقەکانی بیروباوەڕی ئیسلامیی، چونکە ئەم بەرنامەمونحەریفە، وایکرد ئایەتەکان بۆ زاراوەکانی هەلادراوی هاوچەرخ، لە ژیانی موسڵمانان کێش بکات.

ج- بەم شێوەیە موسڵمانانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی قورئانی پیرۆز دەرهێنا ، تاکو کاریگەربن و لەنێو کەشێکی پیرۆزی خودایی بژین، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەمەقاڵێی زانستە گوازراوو ژیریەکانی ئاڵۆز، کە لەت لەتی کردوون، کۆمەڵێك گروپ وتایەفەو هەڵوێستی دژ بەیەك و، بزوتنەوەیەکی تووندڕەوو خوێناویی دروستکردوە.

ح- هەڵوەستە کردن لە ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز، لەلای ئەومانا زمانەوانیانەی کاریان پێدەکرا،کاتی دابەزینی قورئانی پیرۆز، بەڵام ئەو مانا نوێیانەی لەگەڵ بەرەو پێشچوونەکان پەیدا بوون، پێویستە ڕاڤەکار زۆر بەوریایی بەکاریان بێنێت.

خ- لەوانەیە کەسێك بڵێت: لەوانەیە وشەیەك بۆ مانای خوازراو بەکار هاتبێت.

منیش دەڵێم: قورئانی پیرۆز، خۆی لەومانا خوازراوە بەکاری دێنێت، کە لەنێو عەرەبدا بەکار دەهات، لەوکات، بەڵام ئەو گفتوگۆیەی ئێمە دەربارەی وشەی خوازراوی داهێنراو، کە هیچ پەیوەندی بە کەشو هەوای قورئاندا نییە.

پوختەی بابەتەکە ئەوەیەوکەچەندین بنچینەو ڕێساو مەبەست وبڕیار لەنێو قورئانی پیرۆزدا هەیە،[1] ناکرێ فەرامۆش بکرێن، بەڵام دەکرێت لەسنوری مانای خۆی لێک بدرێتەوە، ئەم مانایە مەبەستمە کاتێک لە پەرتوکەکانم، کاتێک دەڵێم: دەکرێت قورئانی پیرۆز ڕاڤە بکرێت، بە پێی بەرەوپێشچوونەکانی شارستانیی لە ژیانی مرۆڤدا، ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ ئەم مەبەستە دەکات:

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت: ٥٣.

ئەوانەی پێغەمبەران و پەیامی خوا بەدرۆ دەزانن، بەڵگە و نیشانەکانی خۆمانیان پیشان دەدەین: لە ڕزگارکردنی وڵاتەکان و دیارکەوتنی ئیسلام لە وڵاتەکان و زاڵبونی بەسەر ئاینەکان، هەروا بەڵگەکانی خۆمانیان پیشان دەدەین لەلاکانی ئاسمانەکان و زەوی و، ئەو ڕوداوە گەورانەی، کە خوا لە نێوانیان دروست دەکات، هەروا لە خودی خۆشیاندا، کە نیشانەی جوان و سەیر و عەجیبەکانی خوایان تێدا دێنێتە دی، هەتا لە ڕێی ئەم بەڵگە و نیشانانەوە بۆیان دەربکەوێ، کە بێگومان قورئانی بەرز و بەڕێز، ئەو حەقەیە، کە لە خوای پەروەردگاری جیهانییانەوە بە وەحی هاتووە. جا ئایا ئەو بەڵگەیان بەس

(١) ئەم بنەماو بنچینانە لە کیتابی (دراسات فی الأصول التفسیر) زیاتر ڕوونم کردۆتەوە، وەک گەشەپێدانی ڕاڤەی قورئان و چەند سەرنجێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ونایەتەکانی (الصفات) لەنێوان چەسپاوو تەئویلدا، کۆمەڵەی ئایەتەکانی شەڕکردن لەقورئانی پیرۆز.

نیە، کەوا قورئان حەقە و ڕاستە و ، ئەوەی هێناویەتی ڕاستگۆیە؟ هەروا شایەتی خوای بەرز و مەزن بەس نییە، کە خوا شایەتی بە ڕاستگۆیی بۆ داوە؟ خوا بەسەر هەمو شتێکدا شایەتە، هیچ شتێکیش لە شایەتی خوا گەورەتر نییە

فەرموودەی پیرۆزی سەروەر:

أ- فەرموودەکانی پێغەمبەر، لەسەردەمی هاوەڵان وشوێنکەوتوان بەمانای گشت قسەو کرداری سەروەرمان دەهات، بۆ گشت ئوممەت داینـاوە، فەرز و واجیب ومەندوب، بۆ ئەوەی شوێن پێی هەڵگرین، پاداشت بەدەست بێنین.

بەڵام ئەوانی تر جگە لە قسەو کردارەکانی، دەکرێت بەهەڵکەوت هاتبێت، پابەند بوون و چاولێکردنی داواکراو نییە، بۆنمون:دابەزین لە (ئەبتەح) لەکاتی حەجی مـاڵ ئاواییـدا کـارێکی بەهەڵکەوت بـووە، بـۆ عیبـادەت نەبـووە، واتە: واجیب و سوننەت نییە.

بەڵام پێناسـەی سـوننەت:ئەوەیە،کە قسـەو کـردارو دان پێـداهێنراوەکانی پێغەمـبەر دەگـرێتەوە، لای زانایـانی دواییـنـی ئوسـوڵی، لەدوای سـەدەی پێنجەمی کۆچی.[1]

ب- ئەوکەسـەی لێکـۆڵینەوە لەسـەر فەرمـوودە دەکـات، پێویسـتە بزانێـت لەنێویـدا فەرموودەی(المتـواتر) هەیە وەك فەرمـوودەی کردەیـی، هەورەهـا فەرموودی (ئاحاد)ی سـەحیح و لاوازو هەڵبەستراو هەیە، زانـا فەرموودەناسـە مەزنەکـان، کۆششـی زۆریـان کـردووە بـۆ جیـاکردنەوەو لەسـەرەدو بێژینگـدانی، یـاخود ڕوونکـردنەوەی پلەکـانی، جیـاکردنەوەی زۆرلاواز وهەڵبەسـتراو، یـاخود

(١) التصرفات النبوية السياسية، دراسة أصولية لتصرفات الرسول بالامامه- رسالة دكتوراه، سعدالدين العثماني، الشبكة العربية، بيروت، ص٣٨، ط ٢٠١٧.

باسکردنی سەحیحەکەی، وەك: سەحیحی بوخاری وموسلیم، بۆ ئەم مەبەستە چەندین زانستیان داهێناوە بۆ ڕێکخستنی، وەك: زانستی پیاوناسی، زانستی ڕەخنە و گەیاندن (التخریج)، زانستی هۆکارەکانی لاوازکردن (العلل القادحه فیها) زانستی لادانی دژایەتی لەنێو دەقەکان،ئەمەو چەندین زانستی تر، کە پێویست ناکات لێرە دریژەی پێبدەین.

دانانی فەرموودەکان لەیەك پلەو، داڕشتنی بڕیارەکانی شەرعی لەسەری، بێ جیاکردنەوە وهەڵاوێرکردن، هەڵەیەکی گەورەیە، زانا مەزنەکان لە بنەما ناسەکانی پێشینی هاوچەرخ هۆشیاریان لێداوە، چونکە فەرموودە هەندێکی پەیوەندی بەلایەنی تەشریعیەوە هەیە، چ لە بواری بیروباوەڕی ئیسلامییەوە، یان وردەکاریی فیقهییەوە، یان ئاکارو ڕەفتارەکانی تاك وکۆمەڵەوە.

ئینجا ئەو فەرموودانەی دەربارەیان هاتوە، یان چەسپاوون، وەك فەرموودەی (المتواتر) لەبارەی ڕوونکردنەوەی وردەکاریی نوێژ و ڕۆژوو حەج، یان لایەنی وەرگرتنیان زیاترە، وەك فەرموودەی تاك (الاحاد) لەهەمان بابەت.

ئەم بەشەیان، ئەگەر سەحیح بوو، پێویستە موسڵمانان پێیەوە پابەند بن، چونکە بۆ لایەنی پێغەمبەرایەتی دەگەڕێتەوە، کە بەنیگای خوایی پشتیوانی لێکراوە، لەڕووی ماناوە، نەك لەڕووی وشەوە،وەك قورئانی پیرۆز.

بەشێکی تری فەرموودە پەیوەستە بە پێشەوایەتی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) چۆن کاروباری ئوممەت بەڕێوە دەبات، وردەکاریی سیاسەتی پەیوەست بە بارودۆخی شوێن وسەردەم، واتە پەیوەستە بە هۆکارەکان، ئەمەیان تەشریعێکی هەمیشەیی بۆ ماوەیی، تارۆژی دوایی نییە، ئەگەر هۆکارەکان لەم بڕیارە نەمان، کەلە پێشەوایەتی ئەو دەرچوون، بڕیارەکە کۆتایی پێدێت،ئەوکات ئیجتیهاد ئاڕاستەی بڕیارێکی نوێ دەبێت، کە پەیوەستە بە هۆکارێکی نوێوە.

بەشی سێیەمی فەرموودە،لە قسەوکرداری پێغەمبەر، کۆمەڵێك ئیجتیهادە لە بابەتانێك ڕوو لەموسڵمانان دەکات، وەك ئیجتیهاد لە دیاریکردنی سێیەکی بەروبومی مەدینە بۆ هۆزی (غەتەفان)، تاکو پاشەکشە بکەن لە هاپەیمانی (ئەحزاب) لەشەڕی خەندەق.

کاتێك بڕیارەکە بۆ هەردوو سەعدەکان: (سەعدی کوڕی مەعاز و سەعدی کوڕی عوبادە) خوێنرایەوە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەم کارەی تۆ دەیکەیت پێت خۆشە، یان فەرمانی خودایە، پێویستە پێیەوە پابەند بین ؟ یان هەرکارێکەو دەیکەیت؟

فەرمووی: کارێکە بۆ ئێوەی دەکەم، سوێند بەخوا بۆ ئەوە کردوومە، چونکە من بینیم عەرەبەکان لەدژی ئێوە بوون بەیەك دەست و لەهەموو لایەکەوە بۆتان هاتوون، ویستم تۆزێك ترس وبیمی ئەوان لەسەر ئێوە لابەرم، بەهەر شێوەیەك بێت.

سەعدی کوڕی مەعاز گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئێمەو ئەوان هاوەبەشپەرست بووین، بتپەرست بووین ، ئەوان تەماعی بەروبوومەکانی ئێمەیان نییە، مەگەر بە میواندارێی، یان بەکڕین و فرۆشتن، ئایا دوای ئەوەی خودا ڕێزی لەئێمەنا بۆ ناردنی تۆو ئیسلام و ڕێنموونیکردین، مالّ وسامانی خۆمان بدەین بەوان؟

پێویستمان بەوە نییە، سوێند بەخوا، لە شمشێر زیاتر هیچ شتێکی تریان نادەینێ، هەتا خودا بڕیاری خۆی لەنێوان ئێمەو ئەواندا یەکلا دەکاتەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: تۆو بڕیارەکەت.[1] .

کەواتە ئەم بەشانەی فەرموودە، لەلایەن کۆمەڵی زانایانەوە سەلمێنراون،

(١) السيرة النبوية: الصلابي، ص٦٠٣، ط٣، دار المعرفة، بيروت، ١٤٢٦هـ -٢٠٠٥م.

بنەماناس وڕاڤەکارو فەرموودەناسەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بەناو سەلەفیەکان، خەڵکی ناچار دەکەن پابەند بن بەگشت ئەو فەرموودانەی،کە لە پێغەمبەروە هاتووە، بێ جیاکاریی نێوان پلەکان، کەپێمان گەیشتوە، لەکۆن ونوێ ئەنجامەکەی ستەم و خوێن ڕشتنی نێوان موسڵمانان و دەست درێژی کردن بوو.

بابەتێکی تری زۆر گرنگ ماوە: ئەویش فەرموودە سەحیحە تاکەکان(الاحاد)ە، لە بابەتە کردارییە (بیروباوەڕی)یەکان لای کۆمەڵی زانایانی ئوصولیی وبیروباوەڕناسەکان وکۆمەڵێك لە فەرموودەناسەکان، نەگەیشتوونەتە پلەی بەڵگەی شەرعی، چونکە بنەمای بیروباوەڕی ئیسلامیی، کارێکی یەکلاکەرەوەیە، بەبەڵگەی یەکلاکەرەوە چەسپاوە،کەواتە چۆن دەکرێت بەبەڵگەی یەکلانەکراوە بچەسپێت؟

سەرەڕای ئەوەش، لەفزییەکان لەفەرمودەناسان پایەند بە ڕووکەشی وشە، فەرموودەکانی سەحیحی ئاحادی،لە بابەتی بیروباوەڕ بە یەکلاکەرەوەی دەژمێرن، هەرکەسێك باوەڕی پێنەبێت بە بێباوەڕ لەقەڵەمی دەدن.[1]

(١) کۆمەڵێك لێکۆڵەری هاوچەرخ، چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرایان نوسیوە، دەربارەی بەڵگەبوونی فەرموودەی ئاحاد، وەك (الاحتجاج بخبر الاحاد فی مسائل الاعتقاد: للدکتور صهیب محمود السقار) و(خبر الواحد وحجیته، احمد محمد الشنقیطی) هەروەها لەژێر چاودێری خۆم قوتابیەك بەناوی (عبدالمجید احمد الدوری)، نامەی دکتۆرایەکەی نوسیوە بەناوونیشانی: (حجیة خبر الاحاد)

هاوەڵە بەڕێزەکان گەواهیدەری ڕاستین:

هاوەڵەکان(ڕەزای خوایان لێبێت) ئەو پیاوو ئافرەتانەن،کە باوەڕی ڕاستگۆیانەیان بەپێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) هێناوە، لەگەڵ دڵ ومێشکیان تێکەڵ بووە، بەڵکو لەگەڵ هەموو دەمارەکانی لەشیان تێکەڵ بووە، پشتیوانیان لێکردو شوێن ئەو چرایە کەوتن، کە هێنابووی، هاوشانی ئەو، زۆر بەدڵسۆزییەوە جەنگان ، ئاڵای ئیسلامییان لەسەر دوورگەی عەرەبی بەرز کردەوە، بنەماکانی ئیسلامییان بڵاوکردەوە، بیروباوەڕەکی خاوێن، شەریعەتێکی لێبوردە، ئاکارێکی ڕێکو پێك، بێ ناچارکردن وزۆرلێکردن، بۆیە خوای میهرەبان لە دەیان ئایەتی قورئانی پیرۆزدا مەتحیان دەکات و بەداد پەروەرو پلەبەرز باسیان دەکات، لە دونیاو دوارۆژدا.[1]

هەندێك لەو ئایەتانە باس دەکەم، کە بەیەکلاکەرەوە باسیان دەکات:

﴿ لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ ﴿٨﴾ وَالَّذِينَ تَبَوَّءُو الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحشر: ٨ – ٩.

هەروەها لەو دەستکەوتە و ماڵەی، کە خوا بە پێغەمبەری داوە، دەدرێتە ئەو هەژار و نەدارە کۆچکەرانەی، کە کافر و بێ بڕواکانی مەککە ناچاریان کردن لە ماڵ و زێدی خۆیان دەربچن و ماڵ و سامانیان بەجێ بهێڵن، ئەوانە

(١) بگەڕێوە پەرتووکی خۆم، بەناوونیشانی(مع الرسول وصحبه) نوسینگەی تەفسیر بڵاوی کردۆتەوە، هەولێر، کوردستان.

داوا لە خوا دەکەن، لە دنیا چاکەیان لەگەڵ بکات، کەوا ڕزق و ڕۆزیان پێ ببەخشێ و، لە قیامەتیش لێیان ڕازی بێت، ئەوانە دینی خوا و پێغەمبەری خوا، بە جیهاد و خەبات کردن لە ڕێی خوادا سەردەخەن، بە ڕاستی ئەوانە ڕاستگۆن، کەوا لە قسە و کردەوەیان ڕاستگۆ بون.

ئەو کەسانەی لە مەدینە نیشتەجێ ببون و، بەر لەوەی کۆچکەرەکان کۆچ بکەن بۆ لایان، ئیمانیان هێنا - ئەوانیش، کە ئەنسارەکانن واتە: پشتیوانەکان - ئەوانە کۆچکەرەکانیان خۆش دەوێت و، بە مالّ و سامانیان دڵنەواییان دەکەن و، لە دڵ و دەرونیاندا هیچ ئێرەیی و حەسودییەکیان بەرانبەر ئەو کۆچکەرانە نیە، کە لە مالّ و دەستکەوتەی دەستهاتوی بێ جەنگیان پێ بەخشراوە، یان لە هەر مالّ و سامانێکی تری، کە پێیان بەخشرابێ، ئەو پشتیوانانە، کۆچکەران و ئەوانەی خاوەن پێویستین، بەسەر خۆیان هەڵدەبژێرن لە پێش خۆیانیان دادەنێن، با خۆیشیان پێویستییان پێی بێت و هەژار و نەداربن، هەر کەسێ پارێزراو بێ لە ڕەزیلی و قرچۆکی و، مالّ و سامان نەبەخشین و ڕەزیل نەبێ، ئەوا ئەو کەسانە داخوازییەکانیان بردۆتەوە.

لەسورەتی (الفتح)دا دەفەرموێت:

﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا ۖ سِيمَاهُمْ فِى وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ ۚ وَمَثَلُهُمْ فِى ٱلْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسْتَغْلَظَ فَٱسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعْجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلْكُفَّارَ ۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٢٩﴾ ﴾ الفتح: ٢٩.

واتە:موحەممەد پێغەمبەری خوایە، ئەو کەسانەی لەسەر دینەکەی لەگەڵیدان، لەسەر کافر و بێ بڕوایان توند و تیژن، لە نێوان خۆیشیاندا بە بەزەیی و میهرەبانن، دەیانبینی لەنوێژەکانیاندا کڕنۆش و سوجدە دەبەن، داوا لە پەروەردگاریان دەکەن، کە چاکەیان لەگەڵدا بکات، بیانباتە بەهەشتەوە و لێیان ڕازی بێت، نیشانەی تاعەتکردنیان بۆ خوا، لە ڕوخساریان دەبینی، لەبەر شوێنەواری سوجدە و عیبادەت کردن، ئەمە سیفەتیانە، کە لە تەورَاتیشدا هاتووە، هەروا سیفەتەکانیان لە ئینجیلیش، وەک سیفەتی کشتوکاڵێك و ڕووەکێکە، کە قەد و لقی دەرکردبێت، ئینجا دوای ئەمە لقەکانی زۆر بێت و، چێنراوەکە توند و تۆڵ بێت و، بەهێز بێت و لەسەر قەدو لا سکی خۆی وەستابێ و دیمەنێکی جوان ببەخشێ، کە جوتیار سەرسام بێ بەو دیمەنە، بە هەمان شێوەش، تا بێ بڕوایان، ڕقیان هەستێ بە زۆریی و جوانی دیمەنی بڕوادارانِ، لەمەدا بەڵگەیە لەسەر کوفر و بێ بڕوایی ئەو کەسەی، ڕقی لە هاوەڵان ببێتەوە(ڕەزای خوایان لێ بێ) لەبەر ئەوەی، هەر کەسێ بەهۆی سەحابەوە، خوا تورِە بکات، ئەوا خۆی شایستەی تورِەبونی خوا کردوە، کە ئەویش کوفرە، خوا بەڵێنی بەو کەسانە داوە، کە بڕوایان بە خوا و پێغەمبەرەکەی هێناوە و کاریان بەو فەرمانانە کردووە، کە خوا فەرمانی پێکردون و، دوورکەوتونەتەوە لەو کارانەی قەدەغەی لێکردون، بەلێخۆشبون لە گوناهەکانیان و، پاداشتێکی زۆر، کە نابڕێتەوە، ئەویش بەهەشتە، بەڵێنی خواش حەقە و ڕاستە و دێتە دی و دواناکەوێ، هەرکەسێ شوێن پێی سەحابە هەڵگرێ، ئەوا لە شایستە بوونی بەلێخۆشبون و پاداشتی گەورە، حوکمی وەک هاوەڵانە، هاوەڵان فەزڵ و چاکە و پێشینەیان هەیە لەم ئومەمەتەدا، هیچ کەسێ شان لە شانیان نادات و کەسیان ناگاتێ، ڕەزای خوایان لێ بێ و ڕازیبان بکات.

ئەو بەڕێزانە بەتایبەت کۆچەریی وپشتیوانەکانی پێشکەوتوو، ئەوانەی شوێن ئەوانیش کەوتبوون بەچاکی، لە قوتابخانەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پەروەردە بووبوون، بەبیرو باوەڕێکی تەواوو،تێگەیشتنێکی تەندروست و زانستێکی قووڵ و ڕەفتاری بەرز، لەگشت لایەنەکانی ژیان تێدەکۆشان، بەئاشتیی و شەڕەوە، ئەوان بوون بەچاکترین هاوەڵی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، کە هاوەڵی کۆتا پێغەمبەرو سەرداری پێغەمبەران محمد (صلی الله علیه وسلم بێت) بوون.

ئەوان لەئیسلام بە تێگەیشتنێکی تێروتەسەل ومیانڕەو تێگەیشتبوون ، وەك دەستوری ژیان و کۆمەڵگا، بۆ بنیاتنانی شارستانییەتێك بەیەکخواپەرستیی ومەنهەجی گۆڕان وپەرەپێدان بەڕێوەی دەبات، بەشەو خواپەرست و بە ڕۆژ سوارچاکی مەیدان لە هاوسەنگیەکی زۆر ورد، ڕاستەو چەپەیان نەبوو، بەڵکو میانڕەو بوون، وەك ئەوەی خودا فەرمانی پێکردوون، پێشەواو سەرکردەیان پێغەمبەری خوا بوو (صلی الله علیه وسلم) هەر لادانێکیان هەبوایە، ڕاستی دەکردەوە، پێی دەوتن: (جەستەی خۆت مافی لەسەر تۆ هەیە، مااڵ وخێزانت مافی لەسەر تۆ هەیە) بەرەو چەقی بازنەی جیهادی گشتگیر ئاڕاستەی دەکردن، بۆ داڕشتنی ئوممەتێکی دادپەروەر و یەکڕیز و بەزەیی.

پەیامی ئیسلامییان گواستەوە بۆ نەوەی دوای خۆیان، لەڕێگای بەرنامەیەکی مەبەستداری جوان وپوخت، دوور لە تونڕەویی و سنوور بەزاندن، ئامانجیان فەراهەمکردنی بەرژەوەندی تاك و کۆی مرۆڤ بوو، بەگشتیی، ئوممەتێکی چاکتریین و دادپەروەر لە جەنگ و بەڕێوەبردن و بڕیاردان.

هەندێ میژوونوسی بەنابانگی بەویژدانی ڕۆژئاوا، باسی دادپەروەری ئەوان دەکەن:

میژوونووسی فەرەنسی (گۆستاف لۆبۆن) دەڵێت: (لەڕاستیدا گەلان جەنگاوەری لێبووردەی وەك عەرەب(موسڵمان)ی نەبینیوە، ئایینێکی وەك ئیسلامیی لێبووردەی نەبینیوە)[1].

هەروەها دەڵێت: (خۆیندەر کاتێك دەبینێت لە جەنگەکانی عەرەب و، لەهۆکاری سەرکەوتنیان دەکۆڵێتەوە،کەوا هیچ نەبۆتە پاڵنەر بۆ بڵاوبوونەوەی قورئانی پیرۆز، عەرەبە جەنگاوەرەکان خاوەنی ولاتەکانیان ئازادانە جێدەهێشتن، گەر ڕووی دابێت گەلێك بوویێتە موسڵمان لە گاورەکان، زمانی عەرەبیان کردبێتە زمانی قسەپێکردن، لەبەر بینینی دادپەروەریی عەرەبە سەرکەوتووەکان بووە، کەئەوان لەگەورەکانیان نەیانبینیبوو، ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاو نەبۆتەوە، بەڵکو تەنیا بە بانگەوازبڵاوبۆتەوە.[2]

میژوونووسی ئینگلیزی (تۆماس ئارنولد) دەڵێ (دەرکەوتوە ئەو بیرکەیەی، کە دەڵێت: شمشێر هۆکاری بڵاوبوونەوەی وەرچەرخانی خەڵك بۆ ئیسلام، دورە لەڕاستییەوە، گەر هەندێ جار شمشێر پشتیوانی بووبێت بۆ ئایین، بەڵام بانگەوازو قەناعەتبوون، نەك هێزو لاوازی، بۆتە سروشتی سەرەکی بۆ بزوتنەوەی بانگەوازەکە)[3]

هاوەڵە بەڕێزەکان (ڕەزای خوایان لێبێت) دوو بەشبوون :

بەشی یەکەم: دەیانزانی ئیسلام لەپەرستش و عیبادەت، چی لێیان دەوێت،جا چۆن پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەنجامی دەدا،

---

(١) حضارة العرب، ص٥-٦، دار احياء التراث العربي، القاهرة، ١٩٥٦، گوتی: عەرەب، نەیگوت موسڵمان، چونکە ئەوکاتە،جگە لەعەرەب موسڵمانی تر نەبوون، لەگەڵ چەند تاکێکی گەلانی تر.

(٢) هەمان سەرچاوە: لا٨..

(٣) الدعوة الى الاسلام، ص٨٨، ط١، القاهرة.

ئەوانیش وەك ئەو ئەنجامیان دەدا، لەهەمان کاتدا بڕیارەکانی حەڵاڵ وحەڕامیان، لەژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەزانی و لەئیسلام تێگەیشتبوون، بەتێگەیشتنێکی میانڕەوو گشتگیرانە.

بەشی دووەم: کەمینەبوون، وردەکاریی بڕیارەکانی ئیسلامییان دەزانی، لەگشت لایەنەکانی ژیان، بەبەڵگەو مەبەستەوە، چونکە تێکەڵاویان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زیاتر لەوانی تربوو، نزیکتر بوون لێی، ئەم کۆمەڵە هەڵبژێردراوە، گەیشتنە پلەی ئیجتیهاد لە ئایین، وەك: چوار جێنشینەکان و(عبدالله کوڕی مەسعودو ئوبەی کوڕی کەعب و زەیدی کوڕی سابیت و مەعزی کوڕی جەبەل و عبدالله کوڕی عومەر و ئەبو موسای ئەشعەری و عبدالله کوڕی عەببباس)، (خوا لێیان ڕازی بێت) .

ئەمانەو هاوشێوەکانیان،بنەماو مەبەست و ڕێساکانی ئایینیان لە پێغەمبەروە گواستەوە بۆ شوێنکەوتوان، هەروەك چۆن لەپێغەمبەری خوا وەریان گرتبوو.

بەڵکو قورئانی پیرۆزیشیان بۆمان گواستەوە، بە ڕێگای کۆمەل لەکۆمەل(تواتر)، بە وشەکان و پیتەکان وچۆنییەتی خوێندنەوەی، هەروەك بۆسەر دڵی سەروەر دابەزیبوو (صلى الله عليه وسلم) ئەوان گەواهیدەری ئێمەن، دووڕوو دوژمنانی خودا، ویستیان تانەیان لێبدەن، تا کار گەیشتە ئەوەی تانە لەقورئانی پیرۆز بدەن، هەروەك پێشەوا ئەبو زورعەی ڕازی(ڕەحمەتی خوای لێبێت)وای گوتووە.

هەموویان بەرنامەکەیان بەرنامەیەکی میانڕەویی بوو، دەربارەی قورئانی پیرۆزو فەرمووودەی سەروەرمان، مەبەستدارو لێبوردە بوو نەرموونیان بوو، ئاسانیان دەخستە پێش سەخت، پێشەنگیان لەم کارەدا پێغەمبەری خوا بوو، کاتێك ئازاد بکرابایە لەنێو دوو شت، ئاسانەکەی هەڵدەبژارد، ئەگەر گوناهی تێدا نەبوایە.

ئەم بنەمـاو ڕێسـاو مەبەسـتانە گـوازرایەوە بـۆ ئەوقوتابخانـانەی لەدوای خۆیان بەپلە بەندی جیاجیا پێگەیشتن، وەك قوتابخانەی: پێشەوا ئەبو حەنیفە لەبەغداو، قوتابخانەی پێشەوا مـالیکی کوڕی ئەنەس لەمەدینەو،قوتابخانەی پێشەوا ئەوزاعی لەشام، قوتابخانەی پێشەوا لەیسی کوڕی سـەعد لە میسر، قوتابخانەی پێشەوا شافیعی لە عیڕاق ومیسر، قوتابخانەی پێشەوا ئەحمەدی کـوڕی حەنبەل لە بەغـدا، ئەم قوتابخانە مەزنانە و هـی تـریش، هـی ئەهلی سـوننەو جەمـاعە بـوون، سـەرەڕای جیـاوازی بەش بەشـی تەواوکەری یەکتریـو نەك دژیەك ، یەك بنچینەی گشتیی و ،ڕێسای گشتگیر کۆی دەکردنەوە.

ئەو کەسەی بیەوێ لەبەرنامەی میـانڕەوی مـام ناوەندی فیقهـی شـەرعی کارامە بێت، پێویستە بگەڕێتەوە سـەر ئیجتیهـادە زانستییەکانی ئەو قوتابخانە زانسـتیی وبەرزو پیـرۆزانەی،کە بەدرێژایـی مێژوو، زانـا پایەدارەکـانی ئیسـلام لێی دەرچوون،کە سـەروەتێکی ئیجتیهـادی بەرنامەڕێژی بەبنەمـاو لقەکانییەوە بەرهەم هێنا، بەتـایبەت ئەوانەی بـۆ کێشـەکانیان، لە چارەسـەری مـام ناوەندی مەبەسـتداری نەرم و نیـان دەکـۆڵنەوە، هەروەهـا لەو زانسـتە ئیجتیهادیـانەی گونجاوی سەردەمی خۆیان دەکۆڵیەوە.

لە وەحییەوە بۆ سەردەم:

لێرەدا مەبەست لەوەحیی و نیگا، قوڕئانی پیرۆزو لایەنی وەحییە لە فەرمودەی پیرۆز، هەروەك پێشتر باسمانکرد.

مەبەست لە سەردەم، ئەو کات وزەمەنەیە، کە زانای موجتەهید تیایدا دەژی بەگشت وردەکارییەوە، ئەمە لە باسی ڕووبەڕووبونەوەی بەرنامەی میانڕەو باسکراوە ، مەبەست ئەوەیە،کە بەپێی بارودۆخ وکات و نەریت دەگۆڕێت، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر.

هەروەها دروست نییە بۆ مەجتەهید لە سەردەمێکی ڕابردوو ڕابوەستێ، کەوا موجتەهیدەکانی پێشتر کێشەکانی سەردەمی خۆیان تێدا چارەسەرکردووە، چونکە ئەمە تایبەتە بە ڕۆژگاری خۆیان و بارودۆخەکان کۆتایی هاتووە، بەڵام چاولێکەر(مقلد)ەکان پارێزگاری لێدەکەن، وادەزانن بڕیاری شەرعی نەگۆڕە، کە نەوە دوای نەوە کۆدەبێتەوەو، دەبێتە ئایین و لەسەری لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ ، بەکافر دادەنرێن، یان بە فاسق، هەرچەند بەرەو پێش، یان بەرەو پاش بچن.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بەتەواوی واز لە ئیجتیهادەکانی زانایان بێنین، کەپەیوەست بوە بە سەردەم وشوینی خۆیان، پەردەپۆشی بکەین و، زانا هاوچەرخەکان هەرگیز سەیری نەکەن، بەڵکو دەبێت سەیری بکەن، لێی فێربن، ماندوبوونیان بەهەند وەربگرن، پشتی پێببەستن، لەنێو بەڵگە هێنانەوە نوێکانیاندا باسی بکەن، گەر بینیان ڕاست ودروستن و ئیجتیهادی ئەوان بەهێز دەکات.

یاسای لە نیگاوە بۆ سەردەم، مانای پچڕاندنی ڕابردوو نییە، بەڵکو پردی بیەکتر بەستنەوەیە لەنێوان سەردەمە ئیجتیهادییەکانی ڕابردوو، وەك

زنجیرەیەکی نەپچڕاوە یەکتری بەهێز دەکن، ئیجتیهادێکی نوێی لێدروست دەبێت، پەیوەندی نەپچڕاوە لەگەڵ بەڵگەو ئیجتیهادی ڕابردوو، چونکە ئەو ئیجتیهادانە لەسەر بنەماو بنچینەو مەبەست وسەرنجی ئەنجامەکان و جێبەجێکردنی بنیات نراون، کاتێك ئەنجامی جێبەجیکردنی دەبێتە بەرژەوەندی بەندەکان، چونکە شەریعەتی ئیسلام، لەسەرەتاوە بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوندییەکانی مرۆڤ هاتووە، بەوردو درشتییەوە.

لێرا ئیجتیهادی سەردەمی بەستراوە بە بەڵگەی ڕابردوو تێکەڵکردنی بە بەڵگەی نوێ جێگەی دەگرێتەوە و، سەیری کێشەو بابەتە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگا دەکات، بێئەوەی پێ بەپێ بیبەستێتەوە بە بیری ئیجتهادی ڕابردوو داهێنانی سەردەم.

بۆیە لێرەوە وتمان:(لەوەحییەوە بۆ سەردەم) نەك لە میژووەوە بۆ سەردەم، یەکەمیان سەردەکێشی بۆ داهێنان، دووەمیان سەردەکێشێ بۆ چاولێکەری ڕابردوو، ئێستاو داهاتوو دەمرێنێ، چونکە پەیوەندی لەگەڵیان دەپچڕێنێ و بەڵکو بۆ ئەو ڕابردووە دەگەڕێتەوە،کە بەگشتیی و تەواوی جیاوازە لە سەردەمی نوێ.

پێشەوایانی مەزهەبە فیقهییەکان و، ئەوانەی دوای ئەوان لە زانایانی پایەدار، بەدرێژایی سەردەمەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامە ، وەك پێشەوا (عبدالملك الجوینی) وقوتابیەکەی پێشەوا (غەزالی) و پێشەوا (فخرالدین الرازی) و پێشەوا (ابن تیمیة) وقوتابیەکەی زانای لێزان (ئیبن القیم الجوزیە)، تادەگاتە (عیززی کوڕی عبدالسلام) و(قەڕافی)، لەسەردەمی نوێشدا پێشەوا (محمد عبدە)وقوتابییەکەی (ڕەشید ڕەزا) وشێخی ئەزهەر زانای فرەزان (المراغی) و پێشەوا (تاهیری کوڕی عاشور)و زانای فرەزان (عەلی خەفیف) وشێخی ئەزهەر (محمود شەلتوت) و شەرعزانی سەردەم

(مصطفى الزرقا) و موفتی سەردەمی نوێ (يوسف القەرزاوی) و دەیانی تری وەك ئەوان وقوتابییەکانیان، وەك: (دکتۆر ئەحمەد ئەلریسونی و نورالدین ئەلخادمی و عبدالمجید النجار و تەها عەلوانی و عەلی قەرەداغی ومصطفى الزلمی).

بەڵام کۆششە تاکییە خاکی(المتواضع) ەکانی بەندە ئەوەیە،کە هەوڵم داوە بەرهەمی ئەو قوتابخانە مەبەستدارە بڵاو بکەمەوە، لە وانەوتنەوەی زانستە شەرعییەکان، لەزانکۆی بەغداو وڵاتی مەغریب و زانکۆی (محمد بن سعود الاسلامية)، لەژێر ناوونیشانی: (من الوحی الی العصر) پەرتوکێکم نوسیوە، گشت نوسینەکانم لە سی ساڵەی دوایی نوسیوە[1]، سەدان وانەی زانستی و وتارم پێشکەش کردووە لە عێراق ودەرەوەی عێراق، لەهەمان چوارچێوە، لەپێناو پەخشکردنی ڕاستییەکانی ئیسلام بۆ خەڵك، بەبەرنامەیەکی مەبەستداری نەرم ونیان و لێبوردەو بەزەیی، بەبەڵگەی سەدان ئایەتی قورئانی پیرۆزو فەرموودە و، جێبەجێکردنەکانی پێغەمبەرو چوار جێنشینەکان و پێشەوایانی مەزهەبە فیقهی و فیکرییەکان، بەدرێژایی میژوو،کە هەموویان دەبنە هۆی چەسپاندنی ئەو بنەمایانەی خوارەوە:

- تێگەیشتنی تەواوکاریی بۆ ئیسلام بە ئاکاری خۆی، لەڕووی بیروباوەڕو شەریعەت و ڕەفتارو ئایین و دونیا وبانگەوازو ئوممەت و سیستەم و دەوڵەتەوە، لە ڕێگای چەندسیستەمێك،کە هەردەم لەنوێبوونەوە دایە، ڕێکخراوو پتەو،بنیات دەنێ هەرگیز ناڕوخێت، موژدە دەدات و خەڵك ناسڵەمێنێتەوە ، لەسەرانسەری جیهان خۆشی بڵاو دەکاتەوە.

- بانگێشتکردنی موسڵمانان بەسۆزو دانایی، گفتوگۆ لەگەڵ جگا

(١) بگەڕێوە لیستی ناوی کتێبەکانم لە پاشکۆی ئەم کتێبە.

لەموسڵمانان بە جوانترین شێوەو، لێبوردن و دەمەقاڵێ بەباشترین شێوە.

- نواندنی دۆستایەتی تەواو بۆ موسڵمانان، چونکە ئەوان ڕۆڵەی یەک ئایینن، خاوەنی یەک بیروباوەڕی نەگۆڕن، هەروەها چونکە ئەوان هەڵبژێردراون، تەنانەت ئەوانەیش، کە ستەمیان لەخۆیان کردووە.

- قوڵ نەبوونەوەی زۆر ،لەبابەتە لاوەکییەکان و، تێگەیشتنی لە ژێر تیشکی سیستەم ومەبەستە گشتییەکان، کە بە لۆژیکی وردی ناوخۆی بەیەک دەبەسترێنەوە.

- ئاشتبوونەوە لەگەڵ لایەنە پڕشنگدارەکانی کلتورو دەرخستنی لایەنی نەرێ، بۆئەوەی نەوەکانی داهاتوو توشی نەبن.

- گەڕاندنەوەی ئایەتە موتەشابیهەکان بە دەقە گشتییەکان ، لەسۆنگەی ئەوەی کە قورئان هەندێکی ڕاڤەی ئەوی تر دەکات، بەهەمان شێوە فەرموودەی سەروەریشمان (صلى الله عليه وسلم) .

- هاوسەنگی ورد لەنێوان شتە نەگۆڕەکانی شەرع و گۆڕاوەکانی سەردەم، لەژێر تیشکی بنچینە و ڕێساکان، هەروەها مەبەستی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەقەکان وچۆنییەتی سەرنجدانی دەرەنجامەکان و،جێبەجێکردنیان لەژیانی ڕۆژانە بەکردەیی.

- چاوکردن لە پێغەمبەر و هاوەڵان لە ئاسانکاریی وخۆدوورگرتن لە سەختکاریی، چونکە سەختکاریی، هەمووکەسێکی کەمێک ڕۆشنبیری ئیسلامیی هەبێ، دەتوانێ بیکات، بەڵام ئاسانکاریی پێویستی بە زانست وئیجتیهادو بەڵگە هەیە.

- بانگەوازکردن بە مۆژدە بە چاکترین شێوە بۆ گشت خەڵکی، موسڵمانان وجگە لەموسڵمانان،.

- پابەند بوون بە بنەماو هێڵە گشتییەکان، ئاسانکاریی لە شتە لاوەکییەکان.

- چەسپاویی لە ئامانج ومەبەستەکان، نەرمی لە هۆکارەکاندا.

- بەهەند وەرگرتنی شوێنەوارەکانی گۆڕانی سەردەم وشوێن ومرۆڤەکان، لە فەتـواو بـانگەوازو فێرکـردن و بڕیـاردان، لەژێـر تیشـکی تێگەیشـتنی گرنگترین بۆ گرنگ وفیقهی هاوسەنگیی.

- پلەبەندیی لە چاکسازیی وپەروەردە وبنیاتنـانی ئـومـمەت، کە واقیعی ئێستا وا دەخوازێت.

- کـۆکردنەوەی زانست وبـاوەڕ و داهێنـانی مـاددیی وبەرزی دەروونیـی، لەگەڵ ئابووریی و ڕەوشت و ئاکار.

- بانگەوازی لێزانانە بۆ نوێخوازیی لە هزری ئیسلامیی، لەڕووی فقهو ڕۆشنبیریی وجووڵەو ڕەفتارەوە.

- جەختکـردنەوە لەسـەر بنیاتنـان، نەک ڕوخانـدن، کـۆکردنەوە، نەک پەرتەوازەیی، نزیک بوونەوە، نەک دووریی.

- کـۆکردنەوەی ئەرک و واجـب، واتە: ڕۆچـوون لەشـەریعەت و واقیـع، واتە: تێگەیشتنی واقیعی ئێستا.

- جیهاد کردن ڕووی لەنێوخۆی کۆمەڵگای ئیسلامیی نابێت ، چونکە وێرانـی دەکـات، بنیـاتی نانێت، بەڵکـو جیهـادکردن لەنێـو خـۆی موسـڵمانانداو، بـانگەواز وفەرمـان بەچـاکەو قەدەغەکردنـی خەراپە، لەچوارچێـوەی شـەرعداو، جەنگیش دەبێت بۆ بەرگری لە دژی دوژمنان بێت، بەرگری لەئایین و وڵات وهاوڵاتیان.

- پێویسـتە موسـڵمانان بەهێـز بـن، بـۆئەوەی بتـوانن بەرگری لەخۆیـان و کەسـانی ژێردەسـت و ئایینیـان بـکەن، هێـزو دەسـەڵاتیان هەبێـت، بـێ دەستدرێژیکردن.

- بەیەکەوە گرێـدانی ڕابـردوو ژیـانی هـاوچەرخ، لەگەڵ سـەرنجدانی دواڕۆژ.

- ئازادکردنی ئافرەت لە نەریتە نەگریس وکۆنەکان و،شوێنەواری خراپی جەنگەکانی شارستانی هاوچەرخ ولادەر.

- وەرچەرخانێکی نوێ لە پەیامی خواوە بۆ سیاسەتی شەرعی، هەرکاتێك بەرژەوندی موسڵمانان بخوازێت.

- هاوکاری لەنێوان کۆمەڵە ئیسلامییەکان، لەخاڵە هاوبەشەکاندا، دەمەقاڵێی بەجوانترین شێوە لەو شتانەی جیاوان.

- هاوکاری لەگەڵ هەرکەسێك، چاکەی مرۆڤایەتیی بوێت.

- وازهێنان لەو زاراوە کۆنانەی پەیوەندی نێوان موسڵمانان وگەلانی تری سنوردار کردبوو، لە نێو مەنزڵگەی موسڵمانان (دارالاسلام) یان مەنزڵگەی بێباوەڕان (دارالکفر) و شوێنی بانگەوازکردن (دار الدعوة)، کە بۆتە شوێنێکی جیهانیی.

- پارێزگاریکردن لە خێزان و پتەوکردنی بنەماکانی و، بەرهەڵستیکردنی ئەوپەیمانناماناەی دەبنە هۆی لادانی، لە بەها زگماکییەکانی مرۆڤایەتیی، وەك جەندەرو هیتر...

ئەمانە چەند بابەتی گشتیین، بابە لاوەکیەکانیش، کە لەنێو یەکێك لەم بابەتانە جێگایان دەبێتەوەو زۆرن، ژمارەنیان سەختە!

تێبینییەکی گرنگ

ئەم بەرنامە میانڕەوە ئیسلامییە دادپەروەر، ئیسلام دەگەیەنێتە جیهان، ڕۆژئاوا دەترسێنێت، بەڵام بزوتنەوە تەکفیرییە چەکدارییە توندڕەوەکان و، بزوتنەوە تایفی ومەزهەبییە دەمارگیریەکان وسۆفیاتی لادراو لەڕاستەقینە، کە یەکڕیزی موسڵمانان لەت لەت دەکات، ستەمکارە داگیرکەرەکان هانی دەدەن وپشتیوانی لێدەکەن، هەندێجار خۆیان دروستی دەکەن.

بێ هیچ گومانێک، ڕووداوەکان دەیسەلمێنن،کە ئەوان لەپشت بزوتنەوە چەکدارییە تیرۆرستەکانەوەن، بۆئەوەی ئیسلام ناشیرین بکەن، بڵێن: ئیسلام ئایینێکی تیرۆریستە، ئەم کارە لەترسی بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەکەن.

ئەوان چاک دەزانن، کە شارستانیەتی ماددی ڕۆژئاوایی، تەنیا شارستانییەتی ئیسلامیی میانڕەوی دادپەروەر، لەبەرامبەری دەوەستێتەوە، ئەگەر بەیەک هێزو قەوارە خۆی پیشان بدات، دەتوانێت ناسنامەی ئوممەت بچەسپێنێت، کەسایەتی سەربەخۆی پێشکەشی جیهان بکات، تاکو بۆی ببێتە گەواهیدەر.

بەڵام ئەم گەواهیدانە نایەتە جێ، مەگەر جیهانی ئیسلامیی بەرنامەی میانڕەوی بەبنەماو بنچینەو مەبەستەکانەوە جێبەجێ بکات و، لەم سەردەمە ئالۆزەی،کە جیهانی کردۆتە گوندێکی بچووک، لەبەردەم بەرنامە تاکڕەویەکان بوەستێتەوە،.

ئەم کارە تەنیا لەڕێگای پەروەردەیەکی گشتگیرەوە دەکرێت، لەباخچەی ساوایانەوە، تا قۆناغەکانی سەرەتایی وناوەندی و دواناوەندی وزانکۆو پەیمانگاکان و خوێندنی باڵا، پێویستی بە هیمەت بەرزی هەیە بەبەردەوامی.

هەروەها پێویستی بە پلانێکی زانستی گشتگیرو بەردەوام و، لەسااڵنی

یەك بەدوای یەك و، هێـزی مـاڵیی و زانسـتیی وپەروەردەی موسـڵمانان لەپشـتییەوە بێـت، بـۆئەوەی بتـوانن پرۆگرامەکـان لەچوارچێـوەیەك تەسـك بکەنەوە، هەرزەکارەکان دەسـەڵاتیان لەسـەری نەبێت، نەوەك ڕووبکەنە تێکدان و وێرانکردن.

گومانی تێدانییە تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندنی هاوچەرخ، دەتوانێت ناوەرۆکی ئەم پرۆگـرامە میـانڕەوە، بگـوازێتەوە بـۆ گشـت وڵاتـانی جیهـان، بە زمـانە گرنگەکـان، بەشـێوەیەك کەسـانی تـریش سـوودی لێـوەربگرن و، بـۆئەوەی تێڕوانینیـان بەرامـبەر ئیسـلام وموسـڵمانان ڕاسـت بکەنەوە،لایەنێکی گرنگی گەواهیـدانیان بـۆ جێبەجێ بـکەن ﴿لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ البقرة: ١٤٣ .

سوپاس بۆ پەروەدگار لەسەرەتاو کۆتایی

پێڕستە وشە

ئ

ئیبن القیم الجوزیە، ١٢٥
ئیبن عەبباس، ٣٦، ٧٥
ئیبنو تەیمییە، ٦، ٧، ٩، ١١، ١٢، ١٤، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢٣، ٢٤، ٢٧، ٣١، ٣٣، ٧١، ٨٥
ئیجتیهاد، ٢٨، ٤٧، ٨٦، ١١٥، ١٢٢

ا

ابن تیمیة، ٤٢، ١٢٥
الارهاب، ٤٩، ٥٤، ٥٥، ٥٩، ٦٣
الفقهاء، ٢١، ٧١
المراغی، ١٢٥

ب

بیدعەچی، ١٣، ٢٠، ٨٨

ت

تابعین، ٤٧
تالیبان، ٥٦
تاهیری کوڕی عاشور، ١٢٥
تۆماس نارنولد، ١٢١

ج

جیهانی ئیسلامی، ٨، ٤٤، ٤٥، ٥٤، ٥٧، ٥٩، ٨٣، ٨٦، ٩٣، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٤، ١٣٠

ح

حەنبەلی، ٤٨

د

دار الدعوة، ٣٦، ١٢٩
دارالاسلام، ١٢٩
دارالكفر، ١٢٩
دكتۆر ئەحمەد ئەلریسونی، ١٢٦

ڕ

ڕەشید ڕەزا، ١٢٥

ز

زایۆنی، ٥٤، ٥٦، ٩١
زەرقاوی، ٤٠

س

سەلەفی، ٧، ٩، ٢٤، ٤٤، ٤٧، ٤٩، ٩٢
سەلەفیی، ٤٨

ش

شاتیبی، ٣٥
شافیعی، ٢٢، ١٢٣
شایەتمان، ٢١، ٦١
شیخ الاسلام، ١١، ١٧، ٢١، ٨٦

ع

عبدالله كوڕی عەبباس، ٣٩، ٦٧، ١٢٢
عبدالمجید النجار، ١٢٦

عبدالملك الجوینی، ١٢٥
عوثەیمین، ٤٨
عیززی کوڕی عبدالسلام، ١٢٥
عەلی خضیر، ٥٦
عەلی خەفیف، ١٢٥
عەلی قەرەداغی، ١٢٦
عەلی هادی، ٤١

غ

غەزالی، ٧٠، ١٢٥

ف

فخرالدین الرازی، ١٢٥

ق

قەرەداغی، ١٢٥
قەرزاوی، ٦٢

ك

کافر، ١١، ١٥، ١٦، ١٧، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٣٢، ٤٦، ٦٥، ٧٩، ١١٨، ١١٩، ١٤٥، ١٤٦

گ

گۆستاف لۆبۆن، ١٢١

م

مالیك، ٢٢
محمد عبدە، ١٢٥
محمود شەلتوت، ١٢٥
مصطفی الزرقا، ١٢٦

مقلد، ١٢٤

ن

نورالدین ئەلخادمی، ١٢٦
نەوەوی، ٢٤

و

ومصطفی الزلمی، ١٢٦

ی

یوسف القەرزاوی، ١٢٦
ئەمریکا، ٢٩، ٥٥، ٨٣، ٩١

ژیاننامەی زانستیی دانەر:

سالّی لەدایك بوون: ١٩٣٧، کرکوك - عیراق.

- خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیی لەکەرکوك تەواو کردووە.
- دەرچووی کۆلیژی پەروەردە، بەشی زمانی عەرەبی، سالّی١٩٥٩، بە پلەی زۆرباشە.
- هەلّگری بڕوانامەی ماستەرە لە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز و زانستەکانی قورئان، لەکۆلیژی ئاداب، زانکۆی قاهیرە، سالّی ١٩٦٧ز بە پلەی زۆرباشە، بە یاریدەدەری مامۆستا دامەزراوە لەکۆلیژی شەریعە، زانکۆی بەغدا سالّی ١٩٦٧ز.
- بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە لە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز و زانستەکانی قورئان، لەزانکۆی قاهیرە، کۆلیژی ئاداب، بەپلەی (الشرف الاولی)و نایاب، سالّی ١٩٧٢ز.
- تا پلەی پرۆفیسۆر بەرز بۆتەوە سالّی ك ١٩٨٣ز.
- بۆ وانە وتنەوە چۆتە زانکۆکانی ولّاتی مەغریب، سالّانی١٩٨٢ز-١٩٨٥ز.
- چەندین وانەی زانستی پێشکەش کردووە لە سەنتەرە ئیسلامییەکان و لەندەن وپاریس وئیستەنبول ومەککەو شارەکانی مەغریب وشوێنی ترو لەگەلّ سەدان وانە لە عێراق.
- مامۆستا لە زانکۆی (محمد بن سعود الاسلامیة)و لە شاری (ڕیاز)ی پایتەختی سعودیە، سالّانی : ١٩٨١ز- ١٩٨٥ز.

- ئامادەی کۆنگرەکانی زانستی بووە لە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەورووپا، بابەتی زانستی پێشکەش کردوە.
- بەشداری تاوتوێکردنی زیاتر لە دووسەد نامەی ماستەرو دکتۆرا بووە لە عێراق و دەرەوەی عیراق.
- سەرپەرشتی زیاتر لە (٧٠) نامەی ماستەرو دکتۆرای کردووە، لە عیراق ودەرەوەی عیراق.
- تا ئێستا (٣٥) دانراوی هەیە، لەبواری پسپۆڕی خۆیدا، دەیان لێکۆڵینەوەو وتاری لە بوارە زانستییەکان بڵاو کردۆتەوە، لە عیراق ودەرەوەی عیراق.
- وەک پرۆفیسۆری یەکەم هەڵبژێردراوە لە کۆلیژی پەروەردە، ساڵی ١٩٩٦.
- بەشداری کردەوە لە گەشەپێدانی پڕۆگرامی وەزارتی پەروەردە و خوێندنی باڵا وئەوقافی عێراق.
- ساڵی ١٩٩٦ز دەستگیرکراوە، لەبەندیخانەی ئاساییشی گشتی بەغدا، تۆمەتبارکراوە بە پلانگێڕی دژی حکومەتی بەعس ، گەر هاوسۆزی هەندێ لەسەرکردەکانی وڵاتانی ئیسلامیی و بزوتنەوە ئیسلامییەکان نەبوایە، بڕیاری لەسیدارەدانی بۆ دەردەکرا.
- پسپۆڕی چەندین بواری زانستییە لە ناوخۆی عێراق ودەرەوە.
- بڕوانامەی زانستی(حوجرە)ی وەرگرتووەو وەک ئەمینداری گشتی حیزبی ئیسلامیی عیراقی هەڵبژێردراوە ساڵی ٢٠٠٣ز.
- وەک سەرۆکی حیزب هەڵبژێرداوە ساڵی ٢٠٠٤ز.
- ئەندامی ئەنجومەنی حوکم بووە لەساڵانی: ٢٠٠٣ز -٢٠٠٤ز

- وەك سەرۆکی ئەنجومەنی شورای حیزبی ئیسلامیی هەڵبژێردراوە، لە ٢٠٠٥/٦ز- ٢٠١١ز.
- ئەندامی ئەمیندارێتی گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامیی بووە(٢٠٠٦ز- ٢٠١٨ز) .
- ئەندامی کۆڕی هزرڤانان بوە لەمەغریب ساڵی ٢٠٠٣ز.
- خێزاندارە، چوار کوڕو یەك کچی هەیە.

بەرهەمەکانی دانەر:

کتێب:

١- حقيقة البابية والبهائية، ط٥، القهره، ١٩٨٥.

٢- الالوسى مفسرا (رسالة ماجستير) المعرف، بغداد، ١٣٨٩هـ/١٩٦٩م .

٣- الرازى مفسرا (رسالة دكتوراه) الحكومة، بغداد، ١٣٩٤هـ-١٩٧٤م.

٤- دراسات فى أصول التفسير، ط١، مطبعة الوطن العربى، بغداد، ١٤٠٠هـ -١٩٨٠م.

٥- جمال الدين الافغانى (المصلح المفترى عليه) مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤٠٣هـ -١٩٨٤.

٦- منهج التغيير الاجتماعيفى الاسلام، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤٠٣هـ - ١٩٨٤م.

٧- المذهبية الاسلامية والتغيير الحضارى، من منشورات مجاة الامة القطرية، ١٤٠٤هـ-١٩٨٤م.

٨- أزمة المثقفين تجاه الاسلام فى العصر الحديث، الدارالبيضاء، المغرب، ودار الصحوة للنشر، القاهرة، ١٤٠٥هـ- ١٩٨٥م.

٩- تجديد الفكر الاسلامى، طبعة منقحة مزيدة، المعهد العالمى للفكر الاسلامى، واشنطن، ١٤١٦هـ- ١٩٨٥.

١٠- تطور تفسير القران، قراءةجديدة، دارالحكمة، بغداد، ١٩٧٩م.

١١- نظرات فى الاقتصاد الاسلامى، الحوادث، بغداد، ١٣٩٩هـ-١٩٧٩م.

١٢- من أئمة التجديد، الدار البيضاء، المغرب، ١٩٨٦م.

١٣- النورسى الرائد الاسلامى الكبير، بغداد، ١٩٨٩م.

١٤- علوم القران والتفسير، دار الحكمة، بغداد، ١٩٨٩م.

١٥- صراع الافكار فى المجتمع الاسلامى، ط، وزارة التربية، أربيل، ١٩٩٨م.

١٦- النورسى متكلم العصر الحديث، ط١، القهرة، ١٩٩٥م.

١٧- تفسير ايات الصفات بين المثبت والمؤولة، دار احسان، طهران.

١٨- الاسلام والتنمية الاجتماعية، بغداد، ١٤١٠هـ-١٩٨٩م.

١٩- حق المعارضة والسياسة فى المجتمع الاسلامى، دار الاحسان، ١٩٩٣م.

٢٠- المنهج الشمولى فى فهم الاسلام، دار الاحسان، ١٩٩٣م.

٢١- نظرات فى تفسير ايات القران الكريم، دارالانبار، ١٤١٧هـ-١٩٩٧م، وطبعة القاهرة - دارالتوزيع والنشر، ٢٠١٣.

٢٢- مذهبية الحضارة الاسلامية وخصائصها، دار عمان.

٢٣- قضايا الفكر الاسلامى المعاصر، أربيل العراق.

٢٤- العقائد الاسلامية،أربيل، العراق، ٢٠٢٠٢م، ثم فى عام ٢٠١٥.

٢٥- العولمة من المنظور الاسلامى، أربيل، العراق، ٢٠٠٢م.

٢٦- قضايا مثارة حول المرأة المسلمة، شركة الراشد، بغداد، ١٤٢٣هـ.

٢٧- الفنون الجميلة من المنظورالاسلامى،دار ثرين، أربيل، العراق، ١٤٢٣هـ- ٢٠٠٢م.

٢٨- الجهاد الشامل وموقف الحزب الاسلامى العراقى من تاملية الاسلامية، اربيل، العراق، ٢٠٠٥م.

٢٩- عقيدة التكفير عند أهل السنة والجماعة، الاردن، ٢٠١٠م، مكتبة الفرقان، ط١.

٣٠- الاخوان المسلمون فى العراق، دار المأمون، عمان، ٢٠١١م، وبغداد، ٢٠١٢م.

٣١- أوضح المعانى فى تهذيب روح المعانى، لأبى الثناء لالوسى، مكتب التفسير، اربيل، دارالفتح، الاردن.

٣٢- مع الرسول وصحبه، مكتب التفسير، ٢٠١٧، أربيل.

٣٣- المشروع السلامى المعاصر أمام التحديات، نشر، مكتب التفسير، أربيل ودار الفتح، عمان، ٢٠١٥م.

٣٤- منظومة ايات القتال فى القران الكريم، وتطبيقاتها المعاصرة، مكتب التفسير، أربيل، ٢٠١٨.

لێکۆلینەوە:

١- تفسير القران بالمصطلحات، بحث منشور فى مجلة كلية الدراسات الاسلامية، بغداد، عدد: ٣، ١٣٩٠هـ- ١٩٧٠م.

٢- التجاه الباطنى فى التفسير، بحث منشور فى مجلة كلية الدراسات الاسلامية، بغداد، عدد: ٤، ١٩٧٤م.

٣- موقف صاحب المنار من المفسرين، بحث منشور فى مجلة كلية الدراسات الاسلامية، بغداد، عدد: ١٣، ١٣٩٠هـ-١٩٧٤م.

٤- الواحدى ومنهجه فى تفسير: الم، بحث منشورفى مجلة الرسالة الاسلاميه، بغداد، عدد: ٢٦، ١٩٧١م.

٥- أين نجد الفلسفة الاسلامية، بحث منشور فى مجلة الرسالة الاسلامية، بغداد، عدد: ٦٥-٦٦.

٦- أثر القران فى اللغة العربية وعلومها، بحث منشور فى مجلة الرسالة الاسلامية، ضمن اعداد سنة: ١٩٩٨م.

٧- تحقيق قصة بحيرا، بحث منشور فى مجلة الجامعة، جامعة الموصل.

٨- النورسى رائد الفكر الاسلامى الحديث، بحث منشور فى مجلة الامة القطرية.

٩- الاسلام والتنمية الاجتماعية، بحث مقدم لمؤتمر علماء الاجتماع الذى عقد فى بغداد، ١٤٠٠هـ- ١٩٨٠م.

١٠- أبحاث ومقالات فكرية متنوعة فى الثقافة الاسلامية المعاصرة وصراعاتها مع أعدائها، منشوره فى مجله التربية الاسلامية، ببغداد، ١٣٩٣هـ- ١٤٠٢م.

نامەکان:

لە (سلسلة الرسائل البيضاء) لەلایەن دانەرەوە دەرچووە لەبەیروت:

١- العلم ليس كافرا.

٢- أسرتك أيها المسلم.

٣- حركة الاسلام ومفكروا الغرب.

٤- الوجودية و واجهات الصهيونية العالمية.

٥- مع رسول الله (صلى الله عليه وسلم)

٦- النظام الروحى فى الاسلام، ومقدمات شريعته.

٧- حول قضية التراث.

٨- زى المرأة وأثره فى المجتمع.

٩- اللغة العربية بين شعوبيتين.

١٠- من المنظومه الغربية الى المنظومه الاسلامية، شركه الراشد، بغداد.

١١- اليهود وتفجير الجنس، شركة الراشد، بغداد.

١٢- موقف اليهود من الاسلام والمسلمين، شركة الراشد، بغداد.

١٣- صحابة رسول الله(صلى الله عليه وسلم) فى القران، شركة الراشد، بغداد.

١٤- المرأه المستبعدة فى ظل الحضاره الغربية، ١٥، دستور الشباب المسلم فى أسرته.

كتێبى مەنهەجى:

١- أصول تدريس الدين لمعهد المعلمين فى بغداد(بالاشتراك).

٢- التربية الدينييه لمعهد المعلمين فى بغداد (بالاشتراك) .

٣- علوم القران للمعهد الاسلامى فى بغداد (بالاشتراك).

٤- مذاهب المفسرين للمعهد الاسلامى فى بغداد (بالاشتراك).

٥- التفسير كلية التربية فى بغداد (بالاشتراك)

٦- الاسلام ظام الحياة لمكتبة الراشدين فى الجهاز العربى لمحو الامية وتعليم الكبار فى الجامعات العربية.

٧- الهجرة النبوية الشريفة لمكتبة الراشدين فى الجهاز العربى لمحو الامية وتعليم الكبار فى الجامعات العربيةز

٨- تفسير القران الكريم فى مدارس وزارة التربية بالجمورية العراقية (بالاشتراك)

تێبینی: پەرتووکەکانی دانەر وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی وتورکی وفاسی وئەندەنۆسی.

ناوەرۆك

پێشەکی وەرگێڕ..... ٥

پێشەکی..... ٦

بەندی یەکەم

بنچینەکانی دەرچوون لەئیسلام لای ئەهلی سونن..... ١١

بەندی دووەم

پێچەوانەبوونی تەکفیریيەکان بۆ بیروباوەڕی ئەهلی سوننە..... ٢٦

دەکری پرسیار بکەین: کێن ئەوانەی فەتوا دەدن بۆ ئەنجامدانی ئەم قەسابخانە خوێناویە مەترسیدارانە؟..... ٢٧

ئەمەی پێشوو هیچیان نەکرد!!!..... ٢٩

بەندی سێیەم

سەرچاوەی هاوردەکردنی تەکفیریيەکان..... ٤٣

بۆ پشتیوانی قسەکانی مامۆستای بەڕێز منیش دەڵێم:..... ٥٤

بەندی چوارەم

بەڵگەکانی تەکفیریيەکان و گفتوگۆ کردنی..... ٦٣

١-خەڵك بە کافر زانین:..... ٦٣

بەقەڵغانکردنی مرۆڤ:..... ٦٨

بەندی پێنجەم

هۆکارەکانی بەکافر کردن..... ۷۷

چەندین هۆکار هەیە بۆ سەرهەڵدانەوەی کافر کرکردن لە سەردەمی نوێدا:
..... ۷۷

لەم چەند خاڵەدا کورتی دەکەینەوە: ۷۷

بەندی شەشەم

چارەسەری کێشەی بەکافرکردن..... ۸۷

دادی کۆمەڵایەتی: ۹۳

بەدەست هێنانی ئازادی ئابوری:..... ۹۵

بەندی حەوتەم

بەرنامەی میانڕەوی بۆ تێگەیشتنی ئیسلام.....۱۰۵

هاوەڵە بەڕێزەکان گەواهیدەری ڕاستین:..... ۱۱۵

لە نیگاوە بۆ سەردەم:..... ۱۲۲

تێبینییەکی گرنگ ۱۲۸

ژیاننامەی زانستی دانەر..... ۱۳۵

ناوەرۆک.....۱۴۳

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر پەیدابوونی ئەوگروپانەی،کە ڕێی(خەواریج)ەکانی کۆنیان گرتۆتەبەر، لە ڕشتنی خوێنی خەڵك ودەرکردنی ئوممەت لەبازنەی ئیسلام و، هەندێجار زانیاو بانگەوازکارانیش دەگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی وەکو خەواریجەکانی پێشین، هیچ لە ڕاستییەکانی ئیسلام نازانن، جگە لەوەش ئەو ئیخلاس و دڵسۆزییەی خەواریجەکان هەیانبوو، لەپەرستش و ڕاستگۆیی، ئەمانە نیانە، چونکە ئەوان پێیان وابوو: گوناهە گەورەکان، هۆکاری هەمیشەیی بوونە لەدۆزەخدا، لەگەڵ ئەوەشدا گومڕابوون، چونکە زانیاریان نەبوو دەربارەی ماناو مەبەستەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).

ئەوانە ناویان لەخۆیان ناوە: (تەوژمی سەلەفی جیهادی)، خۆیان بەشوێنکەوتەی شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمییە و قوتابخەنە سەلەفییەکەی دەزانن، ڕای زانایانی تری کۆن ونوێ ڕەت دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەمەزهەبەکەی شارەزا نین، بە وردیی و زانستیانە نەیان خوێندونەتەوە، خووڕەوشتە بەرزو خودایی وئیسلامییەکەی ئەویان لەخۆدا نەهێناوەتەجێ.

بۆیە بڕیارمدا بچمە نێو بنج وبناوانی فەتواکانی ئیبنوتەیمییە، بنچینە وردەکانی دەربارەی بەکافر زانین بخەمە بەردەست خوێنەران، کە سەرچاوەکەی لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعەیە، بەو ئومێدەی موسڵمانان بەتەواوی لێی تێبگەن، بەتایبەتی ئەوگەنجانەی،کە پێی هەڵخەڵەتاون، تاکو پاشەکشە بکەن لەهەڵوێستە لادەرەکانیان

نرخی 4.000 دینار
9 789933 593902

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە
هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice